## د.رۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ گوڵان:

# هەموو هێزو لایەنە سیاسیەکان چاوەڕێی ئەوە لەسەرۆک بارزانی دەکەن، ڕۆڵێکی کاریگەر لە چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە بگێڕێت



ئێســـتا عێراق بە قەیرانێکدا تێدەپەڕێت، ئەگەر هەموو لایەنە سەرەکییەکانی نێو پرۆسە سیاسیەکە بەگیانی هەســـتکردن بەرپرســـیاریەتی مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە هەستیارە نەکەن، ئەوا زۆر زەحمەتە بتوانرێت عێـــراق ڕزگار بکرێت، لەوانەیە عێراق بەرەو شـــەڕێکی نەخـــوازراوی ئەووتۆ هەنگاو هەڵبگرێت کە پاشان بە ئاسانی چارەسەر نەکرێت، لەم بارودۆخەدا وەك هەموو جارەکانی پێشان لایەنی کوردستانی ڕۆڵی ناوبژیوان لە چوارچێوەی دەســـتووری عێراق و پابەندبوونی هەمووولایەك بە جێبەجێکردنی ئەو دەســـتوورە دەگێڕێت، هەربۆیە ئەگەر لایەنە عێراقییەکان بە ئاستی بەرپرسیاریەتی ئەم قۆناخە ســـەیری پرۆسەکە بکەن و ئامادەباشـــییان هەبێت بەوەی بێجگە لە گەڕانەوە بۆ دیالـــۆگ و کۆبوونەوەو وتووێژ لەچوارچێوەی دەســـتوور ڕێگەچارەیەکی دیکە نییە، ئەوا سەرەتای جۆرە گەشبینیەك دێتەوە ئاراوە کە ئەمجارەش بتوانرێت پرۆســـە سیاســـیەکە رزگار بکرێت، بۆ قســـەکردن لەسەر ئەم قەیرانەو ڕێگەچارەکان بۆ دەربازبوون لێی، گوڵان ســـەردانی بەغدای کردو لەگەڵ بەرێز د.رۆژ نوری شـــاوەیس جێگری ســـەرۆك وەزیرانی عێراق و نوێنەری ســـەرۆکی کوردستان بۆ پێوەندیکردن لەگەڵ هێز و لایەنە عێراقییەکان،ئەم پرسە گرنگەی تاوتوێ کرد، بەسوپاسەوە بەرێز د.رۆژ نوری شـــاوەیس پێشوازی لە پەیامنێری گوڵان کردوو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.

گوڵان- بەغدا



*** هاوکات لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، عێراق کەوتە ناو تەنگژەیەکی سیاسی - ئەمنی، بۆیە پرسیاری یەکەممان بەوە دەست پێدەکەین، ئایا بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس وەك جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق چۆن ئەم بارودۆخە دەبینێت و هەروەها بۆچی لەپڕ عێراق کەوتە ناو ئەم تەنگژە سیاسی و ئەمنییەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان مەزندەی ئەوەمان دەکرد کە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بە پلەی یەکەم بۆشاییەکی ئەمنی دروست ببێت،ئەمڕۆش ئەوە دەرکەوتووە کە ڕاستەوخۆ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بارودۆخی ئەمنی تێکبچێت،ئێمە پێشتر زۆر جەختمان لەسەر ئەوەکردەوە کە پێویستە ئەو کەلێنە ئەمنیانەی هەیە پڕبکرێنەوە،یان هەوڵی ئەوە بدرێت بەشێوەی ڕێککەوتن بەشێك لە هێزەکانی ئەمریکا بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی دیکە لە عێراقدا بمێننەوە، دیاربوو ئەمە نەکرا، بۆیە ئێمەش لەگەڵ رای گشتی عیراقییەکان ڕۆیشتین، سەبارەت بەو تەنگژە سیاسیانەی ئەمڕۆ هەن، ئەمەیان جیاوازە و بەپلەی یەکەم ئەرکی پێکهاتە سیاسیەکانە کە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، لەلایەکی دیکەوە من پێموایە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەو حسابەی هیچ لایەنێك نییە کە بتوانێت زامنی پرۆسە سیاسیەکە بکات، بۆیە زۆربەی لایەنەکان هەوڵیاندا ئەو بارودۆخە بقۆزنەوە بۆ ئەوەی سیاسەتی خۆیان بسەپێنن، یان ئەو راوبۆچوونەی هەیانە بەزۆر بەرەو پێشەوەی بەرن و بەسەر لایەنەکانی دیکەدا فەرزی بکەن، بۆیە ئەمە وایکردووە ڕووبەڕووی قەیرانێك ببینەوە، وەك دەبینین قەیرانەکەش قەیرانێکی ئاسان نییە و، قەیرانێکی سیاسی قووڵە کە ئەمڕۆ لە عێراقدا هاتۆتە ئاراوە.

*** هەست دەکرێت ئەم بارودۆخەی ئێستا هاتۆتە پێشەوە، کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەندی شاردۆتەوە، کە بەڕێزت دەزانی بەشی زۆری ئەو کێشانەی لە ١٩ خاڵەکەی ڕێککەوتنی هەولێر ئاماژەیان پێکراوەو چارەسەر نەکراون، ئایا تا چەند ئەم بارودۆخە چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستانی دواخستووە؟**

**دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەو حسابەی هیچ لایەنێک نییە کە بتوانێت زامنی پرۆسە سیاسیەکە بکات، بۆیە زۆربەی لایەنەکان هەوڵیاندا ئەو بارودۆخە بقۆزنەوە بۆ ئەوەی سیاسەتی خۆیان بسەپێنن**

- وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەو قەیرانەی ڕووبەڕووی عێراق بۆتەوە کاریگەری زۆر خراپی لەسەر تەواوی پرۆسە سیاسیەکە هەیە، بۆیە دەتوانم بڵێم پرۆسەکە هەمووی کەوتۆتە بەر مەترسی و پێویستە پێش هەرشتێك پرۆسەکە رزگاربکرێت لەو قەیرانەی تێیکەوتووە، بۆیە من پێموایە جەنابی سەرۆك بارزانی ڕێگەچارەیەکی حەکیمانە بگرێتەر بەر و یەکەمجار هەوڵبدات ئەمجارەش عێراق لەو قەیرانە رزگار بکات و لە گەڵیشیدا کێشەکانی گەلی کوردستانیش چارەسەر بکات، بۆیە من وای دەبینم ئەگەر ئێمە وەك لایەنە کوردستانییەکان پێڕەوی ئەو سیاسەتە حەکیمانەیەی سەرۆك بارزانی بکەین، ئەوا دەتوانین ڕۆڵێکی کاریگەرمان هەبێت لە چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەی ئێستا عیراق تێی کەوتووە، هەروەها دەتوانین بەشی هەرە زۆری ئەو خاڵانەش جێبەجێ بکەین کە تایبەتن بە گەلی کوردستان و لەسەری ڕێککەوتوین، ئەمەش ئاشکرایەو هەموو هێزە عێراقییەکانی دیکەش ئەو راستییە باش دەزانن کە پێویستیان بە هەڵوێستێکی لۆژیکانە و دووربینانەی لایەنە کوردستانیەکان هەیە.

*** بەڵام هەموو لایەنە سیاسییەکان گلەیی دەکەن، بەوەی ڕێکەوتن ئیمزا دەکرێت و پاشان جێبەجێ ناکرێت، هەروەها سیاسەتی مراوەغەی لەگەڵ هەیە، ئایا تاچەند ئەم سیاسەتە کێشەکانی عێراقی بەو ئاستە ئاڵۆزکردووە، تاگەیاندیە ئەوەی وەك ئێستا دەیبینین بتەقێتەوە؟**

- بەداخەوە زۆربەی سیاسیەکانی عێراق بەوجۆرە لە سیاسەت تێگەیشتوون، بەوەی تادەگەنە ئامانجێکی دیاریکراو بەڵێنێکی زۆر دەدەن، دواتر مەرج نییە ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکرێت، ئەمەش سیاسەتێکی راست و دروست نییە، جگە لەمەش لە سیاسەتدا هاوسەنگی هێز زۆر گرنگە بەوەی تۆ چەند هێزت هەبێت ئەوەندە دەسکەوت بە دەست دەهێنیت، ئەمەش بێگومان دیاردەیەکی تاڕادەیەك گشتییە، بۆیە کاتێك ڕێککەوتن ئیمزا دەکەیت دەبێت بەدوای ئەو ڕێککەوتنەدا بچیت، هەروەها دەبێت توانای خۆت وەك هەرێم و تەواوی پێکهاتەکان، بخەیتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتنە بەو شێوەیە جێبەجێ بکرێت کە ئەو لایەنە مەبەستی بووە، ئەوجا لێرەدا هەندێك جار ئیشکالیەت دروست دەبێت، دەبینن ڕێککەوتنی زۆر باشمان ئیمزاکردووە لەسەر کاغەز هەمووی نووسراوە، بەهەموو ئەو شتانەی نووسراون و لەسەری ڕێککەوتوین رازی دەبن بۆمان جێبەجێ بکەن،بەڵام کە دەگاتە قۆناخی جێبەجێکردنەکە دەبینین بەپێی هەلومەرج و باردۆخەکە پاشەکشەی تێدا دەکرێت

**ئێمە بە تەنیا ناتوانین ڕێگەچارە دیاری بکەین، لەوانەیە ئێمە بەتەنیا بتوانین ڕێگە چارە بدۆزینەوە، بەڵام ناتوانین بە تەنیا پیادەی بکەین**

***لەگەڵ ئەوەی بەڕێزت ڕاشکاوانەو بە دیاریکراوی دەستت خستە سەر کێشەکان، بەڵام راستییەکی دیکەش هەیە، بەوەی هەموو پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق دەزانن کە تەنیا ڕێگە بۆ چارەسەری کێشەکان ڕێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتنە، بێگومان بەڕێزتان وەك نوێنەری سەرۆك بارزانی ڕێکخەری ڕێککەوتنی هەولێر بوون کە لەبەر ڕۆشنایی دەستپێشخەریەکەی سەرۆك بارزانی هاتە دی، دواتریش هەر بەڕێزتان چاودێری جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە بوون، بەڵام ئەو ڕێککەوتنە هەموو خاڵەکانی جێبەجێ نەکرا، ئایا بۆ بارودۆخی ئێستا دەتوانرێت کێشەکان بە گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی هەولێر چارەسەر بکرێت یان دەبێت بەدوای بەدیل و ڕێگەچارەی دیکە بگەڕێن؟**

- بەرای من پێش هەرشتێك هەنگاوی یەکەم بۆ ئیحتیواکردنی ئەم قەیرانە ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ ڕێککەوتنی هەولێر بۆ ئەو خاڵەی کە لێی راوەستاوین و، سەرلەنوێ لەو خاڵەوە دەست پێبکەینەوە، بۆ ئەوەی دەست بە جێبەجێکردنی ئەو خاڵانە بکەینەوە کە ڕێکەوتووین لەسەری، ئەمە ڕێگە چارەسەریەکی واقیعیە کە پێویستە هەوڵی جدی بۆ بدەین، لەدەرەوەی ڕێککەوتنی هەولێریش بێگومان ڕێگەچارەی دیکە هەیە کە دەبێت هاوسەنگی هێزی تەواوی پێکهاتەکان لەبەرچاوبگرین، هەروەها دەبێت بزانین ڕاو بۆچوونیان چۆنە، تاچەند ئامادەن بۆ ڕێگەچارەی دیکە هەوڵبدەن و تاچەند لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان یەکدەگرێتەوە، بۆیە ئێمە بە تەنیا ناتوانین ڕێگەچارە دیاری بکەین، لەوانەیە ئێمە بەتەنیا بتوانین ڕێگە چارە بدۆزینەوە، بەڵام ناتوانین بە تەنیا پیادەی بکەین.

*** سەرۆك بارزانی داوای گرێدانی کۆنگرەیەکی نیشتمانی دەکات، ئایا بەرای بەڕێزتان چەند ئامادەباشی بۆ گرێدانی کۆنگرەی نیشتمانی هەیە لەم بارودۆخەدا؟**

**تاچەند ئەمجارەیان سەرۆك بارزانی دەتوانێت ئەم بارودۆخە هێور بکاتەوە؟**

- لەباری واقیعیدا ئەمڕۆ هەموو هێز و لایەنەکانی عێراق چاویان لەوەیە سەرۆك بارزانی رۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیران و کێشانەی ئەمڕۆ دروست بوون، بێگومان سەرۆك بارزانی بە حوکمی ئەزموون و لێهاتوویی خۆی و پێگەی هەرێمی کوردستان، دەتوانێت لەچارەسەری زۆر کێشەدا بەتایبەتی لە کێشەکانی ئەمڕۆی عێراقدا رۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت، هەربۆیە شتێکی نامۆ نییە ئەمڕۆ هەموو هێزە سیاسیەکان ڕوویان لە کوردستان و سەرۆك بارزانی کردووە، لەمەش زیاتر جەنابی سەرۆك بارزانی منی لێرە(مەبەستی بەغدایە) تەکلیف کردووە کە پێوەندی بکەم بەهەموو هێزو لایەنە سیاسیەکانەوە،ئێمەش پێوەندیمان پێوەکردوون، لە میانەی ئەو دیدار و پێوەندیانەدا هەست دەکەین ئەو سیاسەت و بۆچوونانەی سەرۆك بارزانی بۆ چارەسەری باردۆخەکە دەیخاتەڕوو، ئەمڕۆ هەموو هێزە عێراقییەکان لەسەر ئەوە کۆکن بەوەی تەنیا ڕێگە چارە ڕێگەی دیالۆگ و وتوێژ و لێکتێگەیشتنە، بەگەڕانەوەیە بۆ رێککەوتنەکانی هەولێر، بەکۆبوونەوەو پێکەوە دانیشتنە، ئەوجا ئەو کۆبوونەوەو پێکەوە دانیشتنانە، کۆنگرەیەکی نیشتمانی بێت، یان کۆبوونەوەی سەرکردەی لایەنە سیاسیەکان بێت، هەموو لایەك لەسەر ئەم شێوازی چارەسەرە هاودەنگن.

*** لە بارودۆخێکی وەك ئەوەی ئێستا لە ئارادایە هیچ بەرنامەیەك هەیە کە سەرۆك بارزانی سەردانی بەغدا بکا؟**

- نەخێر هیچ بەرنامەیەکی لەو شێوەیە لە ئارادا نییە و پێشبینی ناکەم لەم جۆرە بارودۆخەدا سەرۆك بارزانی سەردانی بەغدا بکات.

*** لایەنی کوردستانی لە هەموو کێشەکاندا ڕۆڵی میانگیرو خێری گێڕاوە، بەردەوام بانگێشە بۆ ئەوە دەکات کە لایەنی کوردستانی بەشێکە لە چارەسەر نەك بەشێك بێت لە کێشەکە، ئایا بەراشکاوی مەبەستتان لەم گوتارە چییە، ئایا ئێوە تەنیا لەچوارچێوەی پابەندبوون و جێبەجێکردنی دەستوور بێ لایەنن، یان لە هەموو حاڵەتێکدا؟**

- لەم حاڵەتەدا بەو شێوەیە نییە، ئێمە لەم قۆناخە گرنگەداو لەم کێشەیەدا گوتارمان بەم شێوەیە بێت، ئەمەش پێگەی کورد لە هاوکێشەکەدا بەهێزتر دەکات، بەڵام مەرج نییە ئەم گوتارە دەست و پێت بگرێت و بواری ئەوەت پێنەدا بجوولێیتەوە، هەربۆیە مەبەستی سەرەکی تێکڕای لایەنە سیاسیەکانی کوردستان ئامانجی گەلی کوردستانە، پاراستن و پێشخستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستانە، هەروەها بونیادی پێوەندییەکی تەندروست و هاوسەنگە لەگەڵ بەغدادا، بەڵام کاتێك کورد رۆڵی میانگیر بگێڕیت پێویستە بە ئاشکراو روونی پەیامی خۆی ڕابگەیەنێت کە ئەو رکابەری هیچ کام لەو هێزانە نییە کە ئەمڕۆ کێشە لە نێوانیاندا هەیە، هەروەها بەراشکاوی بیڵێین، ئێمە شەڕ لەسەر وەرگرتنی دەسەڵاتی بەغدا ناکەین،بەڵکو کورد هاوبەش و بەشدارە بۆ پێشخستنی پرۆسێسی دیموکراتی لە عێراقدا، ئەم هەڵوێستەی لایەنە کوردستانیەکان کە تائێستا هەبووە، بۆتە مایەی ئەوەی خەڵکانی دیکە متمانەی پێبکەن و گوێ لە پەیامەکەی بگرن، لەبەر ئەوەی چارەسەری کێشەکان و بەرەو پێشەوەبردنی پرۆسەی دیموکراتی لە عێراقدا، سەرەنجام بە قازانج و بەرژەوەندی کوردیش دەشکێتەوە، لەبەرئەوەی ئێمە بەپێی ئەزموونی خۆمان باش لەو ڕاستیە تێگەیشتووین کە بەبێ عێراقێکی دیموکراتی و بەبێ ژینگەیەکی لێکتێگەیشتن و هاریکاری، کوردستان لەمڕۆداو لەم قۆناخەدا بەتەنیا ناتوانێت گەشە بکات، ئەم بارودۆخەش هەمووی پێکەوە زەمینەیەکی وای هێناوەتە پێشەوە کە بتوانێت ڕۆڵێکی خێر لە قەیرانەکانی عێراقدا بگێڕێت. ئەمەش تەنیا بۆ چاکەکردن نییەو بەس، بەڵکو بۆ ئەوەیە سبەینێ بتوانین لە عیراقێکی دیموکراتیداو بەدیالۆگ و بەو رێوشوێن و شێوازانەی خۆمان باوەڕمان پێیەتی کێشەکان چارەسەر بکرێن، بۆیە لەم حاڵەتەدا بۆ خۆشمان وەك هەرێمی کوردستان بە ئیجابی دەشکێتەوە.

*** لەگەڵ ئەو کێشانەی ئێستا لە بەغدا لە ئارادان دیسان لایەنە کوردییەکان یەکڕیزی خۆیان دووپات کردەوە لە بەغدا، ئەمە تاچەند دەبێتە زامنی ئەوەی کورد داواکارییەکانی خۆی جێبەجێ بکات و لە هەمان کاتدا بتوانێت لایەنێك بێت لە چارەسەر کردنی ئەم قەیرانە؟**

- تاکە زامنی سەرکەوتنی کورد لە عێراقدا بریتییە لە یەکڕیزی خۆی ئەمەش شتێکی تازە نییە و لە یەکەم رۆژەوە وتراوە، ئەگەر کورد لە بەغدا دوو دەنگ یان سێ دەنگ بوو و هەر یەکیان بە لایەکدا ڕایان کرد هەموو لایەك زەرەر دەکات، بۆیە ئەگەر کورد هەست بە لێپرسینەوە بکات لە بەغدا دەبێ دانوستاندن لەگەڵ یەکتردا بکەن وهەر هەڵوێستێك ئەگەر بە باش زانرا پێویستە هەموو لایەنەکان پەسەندی بکەن، چونکە ئەمە بۆ بەرژەوەندی ئەم حزب یان ئەویان نییە و چارەسەر کردنی کێشە سەرەکییەکانی گەلی کورد لە بەغدایە و ئەگەر بە ئینسافەوە قسە بکەین سوپاس بۆ خوا تا ئێستا کورد لە بەغدا هەڵوێستی دژی یەکتریان وەرنەگرتووە کە بە زەقی دژی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی هەرێمی کوردستان بێت، منیش بە شەخسی هیوادارم هێزە کوردییەکان زیاتر لە یەکتری نزیك



**پێموایە جەنابی سەرۆک بارزانی رێگەچارەیەکی حەکیمانە بگرێتەبەرو یەکەمجار هەوڵبدات بۆ ئەمجارەشیان عێراق لەو قەیرانە ڕزگار بکات و لە گەڵیشیدا کێشەکانی گەلی کوردستانیش چارەسەر بکات**

ببنەوە، زۆر ئاساییە ئەگەر لە کوردستان گرفت و ڕای جیاوازیان هەبێت، چونکە حزبی جیاوازن و ئەمەش ئاساییە، بەڵام لە بەغدا تۆ ئەگەر جیاوازیشت هەبێت من وا سەیر دەکەم هەموومان لە بەغدا نوێنەری گەلی کوردستانین بۆیە دەبێ بەرژەوەندی گەلی کوردستان لە پێش بەرژەوەندییەکانی ترەوە دابنێین، بەرژەوەندی گەلی کوردیش دیارە، چونکە لەو کاتەوەی عێراق هەیە کێشەی کورد هەیەو خاڵەکانی کێشەی کوردیش روون و ئاشکران وەك کەرکوك، پێشمەرگە، دەسەڵاتەکان، پاراستنی هەرێم ئەمانەش هەموویان کێشەی هاوبەشن و هەموو لایەنە کوردییەکان دروشمی بەدیهێنان و چارەسەرکردنیان بەرز کردۆتەوە، بۆیە کار کردن بە یەکەوە لە بەغدا زۆر ئاسان و پێویستیشە.

*** ئایا بێجگە لە گەڕانەوە بۆ دەستوور هیچ رێگەیەکی دیکە هەیە، ئەگەر دەستوور کاری پێنەکرێت ئایندەی عێراق بە کوێ دەگات؟**

**دەبێ هەموو لایەک پابەند بن بە دەستوورەوە و چۆن نووسراوەتەوە بەو شێوەیە جێبەجێی بکەن، چونکە ئەوە زامنی پاراستنی بەهێزی و یەک پارچەیی عێراقە**

- ئێمە پشتمان بە دەستوور زۆر قایمە و باوەڕمان بەو دەستوورە هەیە کە کارمان تێیدا کردووە و میللەتەکەشمان دەنگی لەسەر داوە، بەڵام بەداخەوە سەیر دەکەی دەستوور وەکو دەستوور بە گشتی سەیر ناکەن و زۆرجار تەنیا مەبەستیان چەند ماددەیەکی دەستوورە کە لە بەرژەوەندی خۆیاندا بێت، بۆیە لە زۆر لە دانیشتنەکان و ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ هێزە عێراقییەکاندا کردوومانە جەختمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کاتێك داوای پابەندبوون بە دەستوور دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە هەموو پابەندبین بەتەواو ماددەکانی ناو ئەو دەستورە و هەوڵبدەین جێبەجێی بکەین، نەك ئەو ماددەی لە بەرژەوەندی ئێمەدا بێت بێت پێوەی پابەندبین و ئەوەی لە بەرژەوەندیماندا نەبێت پێوەی پابەند نەبین، بەداخەوە زۆر لە هێزە عێراقییەکان بەو چاوە سەیر دەکەن و بەچاوێکی گشتی سەیری ناکەن.

**پێش هەرشتێك هەنگاوی یەکەم بۆ ئیحتواکردنی ئەم قەیرانە ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ ڕێککەوتنی هەولێرو بۆ ئەو خاڵەی کە لێی راوەستاوین و، سەرلەنوێ لەو خاڵەوە دەست پێبکەینەوە**

*** بەرێز مالیکی رایگەیاند عێراق پێویستی بە تەوافوق نەماوە ئەگەر پێویست بکات حکومەتی زۆرینە ڕادەگەیەنێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا بەراستی عێراق پێویستی بە شەراکەت و تەوافوق نەماوە وەك سەرۆك وەزیران دەڵێت؟ ئەگەر تا ئێستاش عێراق پێویستی بە شەراکەت و تەوافوق هەیە بۆ ئەوەی پرۆسە سیاسیەکە بخاتەوە سەر سکەی خۆی، ئایا لێدوانەکانی سەرۆك وەزیران بۆ عێراق مەترسی هەیە؟**

- من نازانم سەرۆك وەزیرانی عێراق تا چ رادەیەك رایگەیاندووە کە چیتر عێراق پێویستی بە تەوافوق نییە، چونکە ئەمە پرەنسیپێکی دەستووری و سەرەکییە و ئێمە لە عێراقدا تا ئێستا لەسەر ئەم پرەنسیپە کارمان کردووەو تەوافوق بنەمایەکی بنەڕەتی بووە لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا لە هەموو ئەو رێککەوتنانەی کە کراوە و لە درووستبوونی حکومەتەکانیشدا هەر تەوافوق بوونی هەبووە، بۆیە بە قەناعەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزە کوردستانیەکانیش لەسەر ئەم لایەنە ئاشکرایەو هەموو پێمان وایە کە بۆ ئێستا بەبێ تەوافوق حوکمرانی لە عێراقدا ناکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بۆ ئێستا عێراق بەو شێوەیە دەتوانێت بەردەوام بێت، کە پێکهاتە سەرەکییەکانی (کورد، عەرەبی شیعە، عەرەبی سوننە) هەرسێکیان هەست بکەن کە ئازادن و هاوبەشێکی راستەقینەن لەو وڵاتەدا، نابێ هیچ پێکهاتەیەك زۆری لەسەر بکرێ و شتی بەسەردا بسەپێنرێت و دەبێ بە قەناعەتەوە بێت، هەربۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر تەوافوق نەبێت ئەو قەناعەتەش بوونی نابێت.

*** ئێستا لیستی دەوڵەتی یاسا، لیستی ئەلعیراقیە بە پشتگیری تیرۆر و گێڕانی پیلان بۆ کودەتا بەسەر حکومەتی مالیکی تۆمەتبار دەکات، لەبەرامبەردا ئەندامانی لیستی ئەلعراقیە د.مالکی بە دیکتاتۆر وەسف دەکات، ئایا لەنێوان ئەم دوو هەڵوێستە دژ بەیەکەدا، ئێوە وەك لایەنی کوردستانی هەڵوێستتان چییە؟**

-ئەوەی کە ئێمە بیستوومانە ولەسەر تەلەفزیۆنەکان بینیومانە کەسانێکی زۆر گیراون و ئیعتیرافی زۆریشیان کردووە، دەوڵەتی قانون دەڵێ ئەم ئیعتیرافانە ڕاستن و لایەنەکەی دیکەش دەڵێ ڕاست نین، من دەڵێم ئەگەر ڕاستبن پێویستە ئەو کەسانەی دەستیان لە تیرۆردا هەیەو بەشدارییان لە تیرۆردا کردووە ڕادەستی دادگا بکرێن و یاسا ڕێڕەوی راستەقینەی خۆی وەربگرێت، پرۆسەی سیاسی و یاساییش دەبێ لە یەکتر جیا بکرێنەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر کەسێك یان سەرکردەیەکی نێو کوتلەیەکی سیاسی دەستی لەو کارانەدا هەبوو، ئێمە نابێ کوتلەکەی هەموو بخەینە ئەو خانەیەوە دەبێ کوتلەکە و کەسەکە لە یەکتر جیا بکرێنەوە، چونکە خەڵکێکی زۆر دەنگی بە کوتلەکە داوەو نوێنەرایەتی پێکهاتەیەکی سەرەکی عێراق دەکات، بۆیە دەبێ ئێمە لە گفتوگۆدا بین لەگەڵ کوتلەکەو لە هەمان کاتدا نابێ چاوپۆشیش بکەین لە کەسانێك ئەگەر لە تیرۆردا بەشدارییان کردبێت، ئەمەشیان کاری یاسا و دادگایە کە دەبێ بە دادپەروەری و ئاشکراو بەشەفافیەت مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

**ئەگەر ئێمە وەك لایەنە کوردستانییەکان پێڕەوی ئەو سیاسەتە حەکیمانەیەی سەرۆك بارزانی بکەین، ئەوا دەتوانین ڕۆڵێکی کاریگەرمان هەبێت لە چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەی ئێستا عیراق تێیکەوتووە**



*** زۆربەی چاودێران پێیان وایە ئەم حکومەتەی ئێستای عێراق کە بەرێزتان جێگری سەرۆك وەزیران تیایدا، نەدەتوانێت پرۆسەی سیاسی بخاتەوە سەر سکەی خۆی نەدەشتوانێت خزمەتگوزارییەکان بۆ عێراقییەکان دابین بکات، لەمەش ترسناکتر ئەوەیە چاودێران دەڵێن، گەندەڵی بەرادەیەك بۆتە بەشێك لە هەیکەلی ئەم حکومەتە، ئەگەر بمانەوێت گەندەڵی چارەسەر بکەین، ئەوا کاروباری ئەم حکومەتە شەلل دەبێت، ئەمەش بە هەموو مانایەك ئەوە دەگەیەنێت پێویستە چاو بەو حکومەتەدا بخشێنرێتەوە، ئایا تاچەند ئامادەباشی بۆ ئەو کارە لەناو حکومەتی عێراقدا هەیە؟**

- جاری حکومەتی عێراق لەوەتەی ئەم پرۆسە سیاسیە دەستپێکردووە لە ناکۆکی قوڵدایە لەنێوان کوتلەکاندا هۆکاری سەرەکیش ئەوەیە کە حزبە سیاسییەکانی عێراق لەگەڵ ئەوەی هەندێکیان بڕوایان بە دەستوور و پرۆسەکە و فیدرالیەت هەیە، بەڵام بەشێکی زۆریان هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە عێراق دەبێ دیموکراتی و فیدرالی بێت، زۆر لایەن بە رواڵەت وانیشاندەدات کە بڕوایان پێی هەیە و پابەندن پێوەی، بەڵام لە ژێرەوە بەشێوازێکی تر کار دەکات لەبەر ئەوە سەیر دەکەین ئەم بۆچوون و هەڵوێستانە لە حکومەتدا بە زەقی دەردەکەوێت و تووشی قەیران و ململانێی بەردەوام دەبێت بۆیە تا ئێستا ئەو سەقامگیرییەی کە دەبێتە مایە پێشکەوتنی وڵات و جێبەجێکردنی ئاواتەکانی هەموو پێکهاتەکانی عێراق درووست نەبووە و ئەمە هۆکارێکی سەرەکی کێشەکانی عێراقە، مەسەلەی گەندەڵی شتێکی ترە، گەندەڵی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و عێراق بەتایبەتی، کاری



ئەمڕۆ نییە و دەمێکە بوونی هەیەو بەدرێژایی حکومڕانی ڕژێمە کۆنەکانیش هەبووە بۆیە ئەم دیاردەیە کەڵەکە بووەو هەموو دامودەزگاکانی بەشـێوەیەك گرتۆتەوە کە نەك تەنیا لەبەغدا بەڵکـو لەهەمـوو دامەزراوەکانـی عێراقدا بڵاو بۆتەوە، ئەمـەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کاریگەری خراپ و ڕووخێنەر لەناو سیستمی حوکمڕانـی و لەناو هەیکەلـی حکومەتیش دروسـت بـکات، هەربۆیـە ئـەم دیاردەیە پێویسـتی بـە چارەسـەری بنەڕەتی هەیە، بەڵام سـەیر دەکەی زۆر جار کێشمەکێشمی سیاسـی دەبێتە هـۆی ئـەوەی زۆر کەس چاوپۆشـی لەم دیاردەیە بکات، کە پێویست نییە چاوپۆشـی لێبـکات، لەوانەیە بیر لەوە بکەنەوە ئەگەر ڕەچاوی هەندێك لایەن نەکەن ڕەنگە لە هەڵبژاردن دەنگیان دەسـت نەکەوێ یاخود پێگەی سیاسـیان لاواز بێت، شان بە شانی ئەمانەش ئێسـتا لە عێراقدا کۆمەڵێك دامودەزگا هەن کـە زۆر بەجددی چاودێری گەندەڵی دەکـەن، لەوانە دەسـتەی نەزاهە، هەروەها دیوانی چاودێـری دارایی و دەزگا چاودێرییەکانی تریش، ئەمەش بەجۆرێکە کە کەس ناتوانێ بڵـێ هەوڵی جددی لە عێراق نییە بۆ بەرەنگاربوونـەوەی گەندەڵی، بەڵام ئەمە ئەو کات کاریگەر دەبێت کە بە یەك چاو سـەیری هەموو لایەك بکرێ و ئیعتیباراتی سیاسی تێکەڵ بەم مەسەلەیە نەکرێت.

*** زۆر کـەس باس لە بە سیاسـیکردنی سـوپا و هێزەکانی ئاسایشی عێراق دەکات و ڕاشـکاوانە دەڵێن سـەرۆك وەزیران و لیستی دەوڵەتی یاسـا کۆنترۆڵی ئەم دوو دامەزراوە گرنگەیان کـردووە و ئەمەش بۆتە هۆکاری ئـەوەی ئەم دوو دامەزراویـە لەبری ئەوەی کار بۆ بەرژەوەندی عێـراق بکات، بۆتە دوو دامەزراوە بۆ خزمەتـی حزبی دەعوا( حزبی سـەرۆك وەزیران)، ئایا بۆچی هەتا ئێسـتا ئـەم دوو دامـەزراوە گرنگەتان بەشـێوەیەك ڕێکنەخسـتووە کە لە خزمەتی ئاسـایش و پاراستنی تەواوی عێراقیەکاندا بێت؟**

- هەرچەندە لە دەسـتووردا هاتووە یەکێك لە دەسـەڵاتەکانی سـەرۆك وەزیران بریتییە لـە فەرماندەی گشـتی هێـزە چەکدارەکان لـە عێراقدا، بەڵام بـاس لەوە نەکـراوە کە بەشـێوەیەکی ڕۆژانە و بـەردەوام بچێتە ناو هێزە ئەمنییەکانەوە، هەروەها لە دەسـتووردا ڕەچاوی ئەوە کراوە کە دەسـەڵات لە دەسـت سـەربازەکان بهێنرێتە دەرەوە و بدرێتە دەسـت کەسـانی مەدەنی بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی دیموکراسـی دروست دابمەزرێنین نەك هەموو ڕۆژێك کودەتایەکی سـەربازی ئەنجام بدرێت یاخود ئەفسـەرێك یاخی بێـت و کودەتایەك ئەنجام بدات و چارەنووسی ئەم میللەتە بخرێتە دەسـت ژەنراڵێکی سـەربازی وەك ئەوەی لە ١٩٥٨ تاکو ٢٠٠٣ لە عێراق ڕوویداوە، کەواتە مەبەسـتی دەسـتوور لە فەرماندەی گشتی هێزە چەکـدارەکان ئەوەیە هێـزە ئەمنییەکان بخرێنە ژێر دەسەڵاتی مەدەنییەوە کە خۆی لە سەرۆك وەزیراندا دەبینێتەوەکە لە پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت و لەلایەن پەرلەمانیشـەوە لا دەبردرێـت، بەڵام بەداخەوە لەبـەر ئەوەی لە عێراقدا نەریتی ئـەوەی کە هێزە ئەمنییەکان بە دەسـت مەدەنییەوە بێت نەریتێکی تازەیە و لێی تێناگەن، دەبینین ئەم لایەنە بەشێوەیەکی ڕێکوپێـك کاری خۆی ناکات و، ئەوجا لەبەر ئەوەی دەسـەڵاتەکانی سـەرۆك وەزیران زۆر لـەوە زیاترە، بۆیە ئەگـەر بە ڕێکوپێکی ئەو کارە نەکات، ئەوا پارسەنگی هێزە ئەمنییەکان بەلای حزبەکەی خۆیدا دەشـکێتەوە ئەمەش تەنیا لەسەردەمی نوری ئەلمالیکی نەبووە بگرە لە حکومەتی کاتیی و ئینتیقالیش بە هەمان شـێوە بووە، هەر بۆیە ئەگەر پێداچوونەوەیەك بەم مەسەلەیەدا نەکرێت و دەستوور بەشێوەیەکی باشتر شی نەکرێتەوە، ڕەنگە دەزگا ئەمنییەکان بەخراپ بەکاربهێنرێن.

> **ئەگەر بە ئینسافەوە قسە بکەین سوپاس بۆ خوا تا ئێستا کورد لە بەغدا هەڵوێستی دژی یەکتریان وەرنەگرتووە کە بە زەقی دژی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی هەرێمی کوردستان بێت**

*** بەپێی بودجەی سـاڵی تـازە پێدانی مووچە پێشمەرگە لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقە کە پێشتر لە دەسەڵاتی سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو، شـارەزایانی ئابووری و سیاسـی پێیانوایە ڕەنگە ئەمە دووبارە ببێتە هۆی سـەرهەڵدانی کێشە و گرفت، چونکە لایەنـی جیاواز لەنێـو ئەنجوومەنی وەزیران هەیە ئایا ئەمە نابێتە گرفت؟**

- مـن لـە بڕوایەدا نیم کـە ببێتە هۆی دروستبوونی گرفت، چونکە لە دەستووریشدا هاتووە کە ئەمە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیرانە بۆیە لەڕووی یاسایی و سیاسییەوە دەستەواژەکە بەو شێوەیە راسـتترە کە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیار لەسـەر ئەوە دەدات لـە جیاتی ئەوەی تاکە کەسـێك ئەو دەسەڵاتەی هەبێت، ڕەنگە

> **کاتێک کورد ڕۆڵی میانگیر بگێڕیت پێویستە بەئاشکراو ڕوونی پەیامی خۆی ڕابگەیەنێت کە ئەو ڕکابەری هیچ کام لەو هێزانە نییەکە ئەمڕۆ کێشە لە نێوانیاندا هەیە..**

زۆر کەس پێیانوابێت ئەگەر دەسەڵاتەکە هی تاکە کەسـێك بێت ئاسانترە، بەڵام ئەگەر ئەو تاکە کەسـە نەیکرد یان نەیتوانی یان نەیوێرا بیکا، بۆیە ئەگەر ئەنجوومەن ئەو دەسەڵاتەی هەبێـت زۆر باشـترە، من پێموایە کێشـەی پێشمەرگە چارەسەر دەکرێ.

*** حەزدەکەیـن دوا وتـە بـۆ جەنابـت بەجێبهێڵین، ئەگەر شـتێك ئێمە پرسیارمان لەسەر نەکردبێت و جەنابت بتەوێت بەرێگەی گـوڵان بە خەڵکـی عێراق و کوردسـتانی ڕابگەیەنیت؟**

- من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە دەبێ گشـت هێزە عێراقییەکان بیر لەوە بکەنەوە کە ئایا دەیانـەوێ بە یەکەوە بژین لە عێراقێکی پێشـکەوتووی ئاسوودە کار بکەن کە جێگای هەموو کەسـێکی تێدا ببێتـەوە و ئامانج و بۆچوونی هەموو لایەنێکـی تێدا بێتە دی، ئەگەر بیرێکی قووڵ لەوە بکەنەوە پێویسـتە بەیەکەوە هاوکار بن و ڕێگای دیالۆگ بگرنە بەر نەك ڕێگا ململانێی نایاسایی بەتایبەتی دەست نەبردنە بەر تیرۆر و بەشێوەیەکی گشتی دەبێ هەموو لایەك پابەند بن بە دەسـتوور و چۆن نووسراوەتەوە بەو شێوەیە جێبەجێی بکەن، چونکە ئەوە زامنی پاراستنی بە هێزی و یەك پارچەیی عێراقە.

# لە عیراقدا چی ڕوودەدات و، لە پێناوی ڕاگرتنی بارودۆخی ناهەمواری ئەم وڵاتەدا چ بکەین باشە؟



کازم حەبیب
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویتی

**چەندین گرووپ هەن کە سوودمەندن لەوەی ئەم عیراقە بگۆڕن بۆ وڵاتێك کە بە تەنیا پشت بەستوو بێت بە هاوردەکردنی کەرەسەی کشتوکاڵی و پیشەسازییەوە بە ڕێژەیەکی بەرزی وا تا بودجەی نیشتمانی پێ ماندوو بکەن**

وا بۆ دوو ساڵان دەچێت بارودۆخی گشتی لە ناو عیراقدا و بە تایبەتیش پێوەندییە سیاسییەکانی تێکچوون، هەروەها لە نێوان لایەنە بەشداربووەکانی حوکم و پرۆسەی سیاسیدا کەڵەکە بوونی ململانێیەکان بە ڕوون و ئاشکرا دیارە، باری سەقامگیری و ئەمنی لە پاشەکشەدایەو ئەندامانی کۆمەڵگەش لەسەر دەستی هێزە تیرۆریستە هەمەجییەکان لەناو دەبرێن، ڕۆژانە بارودۆخی ئابووری ڕێژەیەکی زۆرو بەرزو گرنگی بژێوی خەڵکی عیراق بەرەو خراپتر دەڕوات، بێکاری تەشەنەی سەندووەو وێرای باشبوونێکی ڕێژەییانە لە ژیانی هەندێك توێژی کۆمەڵگەدا، بە تایبەتی ئەوانەیان کە پابەندن بە کاروباری دەوڵەت و حزبە باڵادەستەکانەوە، کەچی بازنەی گەندەڵی لە پارەو سامانداا هەتا دێت بەرفراوانتر دەبێت، چەندین گرووپ هەن کە سوودمەندن لەوەی ئەم عیراقە بگۆڕن بۆ وڵاتێك کە بە تەنیا پشت بەستوو بێت بە هاوردەکردنی کەرەسەی کشتوکاڵی و پیشەسازییەوە بە ڕێژەیەکی بەرزی وا تا بودجەی نیشتمانی پێ ماندوو بکەن، زۆربەی ئەو سامانە نیشتمانیە لە نەوتەوە دێت، لە لایەکی ترەوە گرفتەکانی ڕۆشنبیری بەردەوامە لە بەرەو دواوە چوونی ڕۆڵی ڕۆشنبیران، ئەوەش بەهۆی سیاسەتە نێگەتیڤەکانی حکومەتەوەیە لە بەرانبەر ڕۆشنبیرو ڕۆشنبیران و هەروەها پشتگیری کردنی ڕۆشنبیری ملکەچ و شێواو، لە لایەکی تریشەوە بەردەوام پیسبوونی ژینگەو دەرئەنجامە نێگەتیڤەکانی بەسەر سامانە سروشتییەکانەوەیە ڕشکاوانە دیارن، لەهەموو ئەمانەش سامناکتر ڕێکنەکەوتنە لەسەر پرۆسەی سیاسی کە بەهۆیەوە باری ئەمنی تێکدەچێت و زیانێکی مرۆیی و ماددی گەورە بە کۆمەڵگە دەگەیەنرێت و ڕەوڕەوەی پەرەپێدان و بونیادنان ڕادەگیرێت.

پێش دوو ساڵ لەمەوبەریش کاتێك بەغداو زۆر لە شوێنەکانی تری عیراق کەوتنە بەر شاڵاوی چەندین کاری تیرۆریستی و خەڵکانێکی زۆر شەهیدو بریندارو کەمئەندام بوون لە بابەتێکی ترمدا ئاماژەم دا بەوەی کە مرۆڤکوژەکان لە ناو خۆماندان، هەر ئەو کات کەناڵێکی ڕاگەیاندن دیمانەیەکی لەگەڵم سازدا کە ئاخۆ مەبەستم لە کێیە، بە ڕاشکاوی پێم وتن: پرسیار لە حکومەت بکەن و باش ئاگاداری هەیە لەسەر ئەوانەی ئاماژەم پێداون، بەڵام چاوپێکەوتنەکەم کە لەسەر داواکاری خۆیشیان بوو لە ئان و ساتی خۆیدا دانەبەزێنراو بەجێهێڵرا..

ئەوەی لە بابەتەکەدا هات پێشبینی من نەبوو، بەڵکو ڕووداوەکان و بارودۆخی وڵاتەکەیە کە ئاماژەی دەدا بەو ڕاستییە تاڵە، مرۆڤکوژەکان ئێنتیما بۆ دوو تیرەو گرووپ دەکەن:

١ـ گرووپی یەکەم: ئەو هێزە دوژمنکارییە ئاشکرایانەیە، کە دوژمنایەتی خۆیان لە بەرانبەر پرۆسەی سیاسی پێ ناشاردرێتەوەو ڕۆژانە بە کوشتن و تیرۆرەوە خەریکن و زانیاری پێویست و ورد وەردەگرن بۆ کارەکانیان، ئەو هێزانەش بریتین لە ڕێکخراوی قاعیدەی لۆکاڵی/ ڕێکخراوەکانی حزبی بەعس سەر بە باڵی عیزەت دووری/ڕێکخراوی ئەنجوومەنی زانایانی سوننی موسڵمان/ هەندێك هێزی تری شۆڤێنی پەرگیر کە واقیعی عیراق وەك دیمەنی شەڕێك دەبینێت کە پێی وایە پێویستە لاببرێت و نەیهێڵرێت بە حوکمی ئەوەی گوایە ئەو هێزانەی فەرمانڕەوایی عیراق دەکەن شعوبی و خۆفرۆشن.

٢ـ گرووپی دووەم: هەندێکن لە هێزە هاوبەشەکانی کە بە گشتی لە پرۆسەی سیاسی و دەسەڵاتدا بەشدارن، بەڵام میلیشیای چەکدارییان هەیە، بوونی خۆیان لەناو دەسەڵاتدا بۆ بە ئەنجامدانی دوو ئەرکی سەرەکی دەسەلمێنن: تێکدانی ئەو بارودۆخەی ئێستا لە ڕێگەی کاری ڕاستەوخۆی تیرۆریزمییەوە، یان لە ڕێی گەیاندنی زانیاری هەواڵگری بە گرووپە جێبەجێکارییەکانی کە ڕاستەوخۆ بە تەقینەوەو کوشتوبڕ هەڵدەستن، هەروەها بە تەرخانکردنی سەرپۆش و شاردنەوەو پارێزگاری کردنی مرۆڤکوژەکان، ئەم هێزانەش لە ناو پارت و کۆمەڵەو ڕێکخراوە سوننی و شیعییەکاندا خۆیان مەڵاس داوە..

تەنانەت هەندێکیان خزاونەتە ناو دامودەزگاکانی ئێستای دەوڵەتی عیراقیەوە چ لەناو دەزگاو فەرمانگە مەدەنییەکان یان سەربازی و هەواڵگرییەکانەوە، یان خزاونەتە ناو ڕیزەکانی پاسەوانانی تایبەتی بەرپرسانەوەو

به هۆیەوه دەرفەتیان بۆ دروست دەبێت تا بەئاسانی دزە بکەنە ناو پێگە هەستەوەرو گرنگەکان و سەرچاوە زیندووەکانی زانیاری وەدەست بهێنن، ئەمانەش بە ناسنامەو جلوبەرگ و سەرپۆشی حکومییەوە ئەو کارە دەکەن تا زیان بە کەسان و پێگە گرنگەکانی ئابووری وڵات بگەیەنن

سەرۆك وەزیرانی ئێستا لە ڕوونکردنەوەکانیدا کە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوو لەسەر هەندێك زانیاری سەبارەت بە تیرۆرو پاکتاوکردنی جەستەیی ڕایگەیاند ئەو ڕوونکردنەوانە سەرجەم پرۆسەی سیاسی و شەقامی عیراقی پێوە هەژاند، بە تایبەتی کاتێك پەنجەی تاوانی ئاراستەی چەند هێزێك کرد کە لە پرۆسەی سیاسی عیراقدا بەشدارن، بۆیە بە ئاسانی دەستی تیرۆر دەگاتە هەستەوەرترین شوێن و پێگەی ستراتیژیی، ئەو زانیاریانەی بە دەستی گەیشتون گەیاندوێتە بەرزترین مەرجەعی سیاسی لە وڵاتدا بەڵام لەبەر تێکەچوونی پرۆسەی سیاسی هیچ کردەوەیەکیان لەبەرانبەردا ئەنجام نەداون، ئەم واقیعەش دوو حاڵەتە کە زەمینەی بۆ ئەو هێزانە سازکردووە تا پرۆسەی سیاسی لەبەریەکهەڵوەشێننەوە:

١- ڕێکخستن و جێبەجێکردنی کاری تیرۆریستی بە هۆی هێزی تایبەتی سەر بە گرووپەکانی کە لە پرۆسە سیاسییەکەدا بەشدارن و ناڕاستەوخۆ کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن بە مەبەستی تێکدانی بارودۆخەکەو قۆرخکردنی دەسەڵات بۆ خۆیان لە ڕێگەی لەناوبردنی ئەوانی ترەوە.

٢- یان گەیاندنی زانیاری بە هێزی دیکەی تاوانکار تا بۆ هەمان ئامانج کاری تیرۆریستی ئەنجام بدەن.

لە میانەی ڕاگەیاندنەکانی سەرۆك وەزیرانەوە وا دەردەکەوێت ئەو دوو حاڵەتیە کە ڕوویانداوەو بەهۆی بێدەنگ بوون لێیان و پەردەپۆشکردن و دیزە بەدەرخۆنەکردنیانەوە زیانی گەورە لە کۆمەڵگەی عیراقی دراوە، ئایا ئەم واقیعە لە بنەڕەتدا مەقبولە؟ ئایا متمانە بەکەسێك دەکرێت لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە کە لەبەرانبەر ئەم تاوانکارییانە بێدەنگی لێ کردبێت و لە پێناوی مانەوەی لە دەسەڵاتدا دیزەبەدەرخۆنەی کردبن؟ئایا دادگا لەبەرانبەر ئەم حاڵەتانە سەربەخۆ بووە؟ دەزگاکانی ئەمن و پۆلیس و دادوەرەکان بوون کە زانیارییەکانیان گەیاندۆتە ناو دۆسیەی سەرۆك وەزیرانەوە ئەویش وەك کارتێك بەکاری هێناوە لەبەر مانەوەی خۆی بەسەر نوکی هەرەمی دەسەڵاتەوە لەناو وڵاتدا، بە چاوپۆشین لەو هەموو خوێنەی خەڵکانی بێتاوان کە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا ڕژێنراون بێ ئەوەی بەدوای تاوانکاران بکەون و سزای یاساییان پێ بگەیەنن؟ ئەمانە چەند پرسیارێکی لۆژیکین بۆ واقیعی نەخۆش و گەندەڵ لە عیراقدا.

ئەو پرسیارەی هەموو عیراقییەکانی سەرسام کردووە ئەوەیە، بۆچی سەرۆك وەزیران بێدەنگی هەڵبژاردووە لەبەرانبەر ئەو کارە تیرۆریستیانەی کە حکومەت لەزاری سێ ئەفسەری سەر بە پاسەوانە تایبەتەکانی تاریق هاشمی و ڕافیع عیساوی دادنیان پێدانراون، بە تایبەت تا ئێستاش ئەوان خەسڵەتی جێگری یەکەمی سەرۆك کۆماریان هەیە، پێش ئەوەش باشە بۆچی دادی عیراقی چاوپۆشی لەوانە کردووە بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە، ئەگەر دادگای عیراقی زانیاری وردو پێویستی سەبارەت بەو گیراوانەو ئەوانەشی هەبوویێت کە لە پشتیانەوە بوون بۆ هاندانیان بە دەستێکەڵکردن لەگەڵ هێزی تیرۆریستی تر کە لەناودەزگا ئەمنی کارگێڕییەکان و سەربازییەکان ڕۆڵ و پێگەیان هەیە.

دووەمین پرسیاری سەرنج ڕاکێشیش ئەو هەموو تۆمەتانەیە کەوا ئێستا ئاراستەی ئەندامانی سەرکردایەتیی حزبی ئیسلامی ناو لیستی عیراقیە دەکرێن، ئایا لە ماوەی سێ ساڵی پێشوو تاوانی کوشتن بە دەمانچەی بێدەنگەوە لەلایەن هەمان تۆمەتبارانی ئێستاوە ئەنجام دراون؟ یان هێزی شاراوەی تر لە حکومەتدا هەن؛ یان لە پاسەوانانی تری دەزگای دیکەدا بەم کارانە هەستابێتن؟ بەنموونە تیرۆرکردنی ڕۆشنبیرو ڕاوێژکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری ئوستاد کامل عەبدوڵلا شیاع، یان تیرۆرکردنی ئوستاد هادی مەهدی و زۆر کەسایەتی بەناوبانگی تر کە لە ماوەی سێ ساڵی پێشوودا کوژراون، کێن بکوژەکانیان؟

لەو ماوانەی دواییدا لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە هەڕەشەو گورەشە ئاراستەی چەندین گرووپ و کەسان کران، بەوەی گوایە دۆسیەی ئامادە هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو دۆسییانە زۆر مەسەلە لە عیراقدا یەکلایی دەکاتەوە، لەوانەش مەسەلەکانی کە پابەندن بە کوشتن و گەندەڵی و تاد؟ کەس نازانێت سەرۆك وەزیران بۆچی ئەم هەڕەشانە دەکات و بە ئەرکی خۆیشی هەڵنەستاوە؟ ئەی بۆ لە کات و ساتی خۆیدا زانیارییەکان بڵاوناکاتەوە تا خەڵکی ئاگاداربن لەوەی لە وڵاتدا چی ڕوودەدات، ئەی بۆ لە دوای ئاشکرابوون تۆمەتبارانی پێشکەشی بەردەم دادگا نەکردون؟

ئەم دیاردەی توندوتیژییەی ڕوودەدات هیچ لێکدانەوەیەك هەڵناگرێت چونکە ڕۆح و ژیانی زۆر کەسایەتی چنیوەتەوەو مەرگی بە دیاری بۆ هێناون، لەوانەیە سەرۆك وەزیران بۆ ئاڵوێرو موساوەمەکردن ویستبێتی هەبێت لەگەڵ ئەو گرووپ و کەسە تۆمەتبارانە ئەوەش لە پێناوی مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا بە هەر نرخێك بوو بێت، گەر نرخەکە لەسەر حیسابی پەردەپۆشکردنی ئەو تاوانانەش بێت کە لە عیراقدا دژ بە خەڵکانی بێتاوان ئەنجام دراون، ئەگینا هەڕەشەو گورەشەکردنێك بێ بڵاوکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر تاوانەکان و تاوانکاران چ مانایەکی لە پشتە؟ پێویستە دەرفەتیش بدرێت بەوانەی تۆمەتبار

**دەستێوەردانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەسەڵاتی سەربەخۆی دادوەرییەوە کارێکە نە کەس پێی قبوڵەو نە بێدەنگیشی لێ دەکرێت. چونکە دەسەڵاتی داد دەسەڵاتێکی سەربەخۆی دوور لە دەسەڵاتی تەشریعی و دەسەڵاتی جێبەجێکردنە**

**دادگای ئازادوسەربەخۆ، بێلایەنانە دەتوانێت ئەو بوێرییەی تێدابێت تا بە بەرپرسیارێتییەوە ڕووبەڕووی تیرۆریزمان بێتەوە. بەڵام گەر بڕیارەکانی بکەونە ژێر جڵەوی بڕیاری سیاسی، ئەوا دەستووری عیراقی پێشێل دەکرێت**

**کێشەکەی تاریق هاشمی و ڕافع عیساوی و کێشەگەلی تریش نابێت بخرێنە ژێر جڵەوی بڕیارگەلی سیاسییەوە، بەڵکە لە ڕێی ڕێڕدانان بۆ دەستوورو یاساو دادوەری عیراقییەوە پێویستە چارەسەر بکرێن تا عەدالەت ئاراستەی خۆی وەربگرێت**

دەکرێن تا لەبەردەم دادگاکان و قازییە عیراقیەکاندا بەرگری لە خۆیان بکەن.

بە یادمانە کە پێشتر سەرۆك وەزیران مەسەلەی ژمێریاری وەزارەتی دارایی وروژاندو لەسەر خراپ بەکارهێنانی سامانی گشتی لەو وەزارەتەدا هاتە سەر هێڵ و هەڕەشەی بە خستنە ڕووی زانیاری دەکرد لەسەر ڕۆڵ و تێوەگلانی باقر جەبر سۆلاغی زوبەیدی وەزیری پێشووی دارایی لەو مەسەلەیەدا، کەچی دواتر هیچی دەربارە نەوت و لە بەرانبەر بزربوونی ملیارەها پارە لە پرێکدا ئەو بابەتە ژێرلێوخرا، ئەمە گێژەڵووکەی ناو فنجان نییە، بەڵکو مساوەمەیەکی گەندەڵکارانەیە بۆ پەردەپۆشکردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی لەناو وڵات.

ئەوهاوپەیمانییە سیاسییەی لەسەر بناغەی موحاسەسەی تائیفییە دروست بووە تەنیا واتایەکی هەیە ئەویش سوکایەتی کردنە بە هاووڵاتییبوون و چەسپاندنی حاڵەتێکی ناتەندروستە لە ناو کۆمەڵگەو دەوڵەتی عیراقیدا، بە سیاسی کردنی ئەو تائیفیەگەرییە دەبێتەهۆی بە نایەکسانی تەماشاکردنی هاووڵاتیان لەسەر بنەمای نەتەوەو ئایین و مەزهەب و فکرو ئینتیمای سیاسی، کە بە هۆیەوە دەرفەت بۆ ململانێی تائیفی لە ناو کۆمەڵگە دەڕەخسێت و پرۆسەی سیاسی لەناو دەچێت، چونکە پرۆسەکە پیس دەکات و لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەشدا ناکەوێتەوە..

پێشتریش بڵاوکردۆتەوە کە سیاسەت بووەتە حەکەم لە یەکلاکردنەوەی زۆر مەسەلەی پێوەندیدار بە دادوەری عیراقییدا، هەمان دادوەری کە پێشتر ملکەچی ئاراستە فیکری و سیاسییەکانی سەدام حوسێن بوو هەمان شێوەلەم ساڵانەی پێشوو بۆ سەرۆك وەزیرانی ئێستا داد ملکەچ بووە، بەڵگەی زۆرو زەبەند لەم ڕووەوە هەن کە سەرۆك وەزیران هەڵوێستی لەبەرانبەر هەندێ دەزگاو ئەنجومەنی سەربەخۆ وەرگرتووەو ویستویەتی بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە لەوانەش بانکی ناوەندی ئەوەش بە پێچەوانەی دەستوورەوەیە، تۆمەتبارکردنی سیاسیانەی هاشمیش پێش ئەوەی قازی تۆمەتی ئاراستە بکات، هەمان شتە.

دەستێوەردانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەسەڵاتی سەربەخۆی دادوەرییەوە کارێکە نە کەس پێی قبوڵەو نە بێدەنگیشی لێ دەکرێت، چونکە دەسەڵاتی داد دەسەڵاتێکی سەربەخۆی دوور لە دەسەڵاتی تەشریعی و دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، بەڵام هاریکاری و تەنسیق لە نێوان هەر سێ دەسەڵاتەکە لە ڕێگەی وەزارەتی دادەوە پێویستن، کە ئەوەش ناکاتە داسەپاندن و دەست وەردان لە کاروباری دادوەری و ملکەچ پێکردنی ئەو دەسەڵاتە بۆ دەسەڵاتی حکومیی.

دادگای ئازادوسەربەخۆ بێلایەنانە دەتوانێت ئەو بڕیارییەی تێدابێت تا بە بەرپرسیارێتییەوە ڕووبەڕووی تیرۆریزمان بێتەوە، بەڵام گەر بڕیارەکانی بکەونە ژێر جڵەوی بڕیاری سیاسی ئەوا دەستووری عیراقی پێشێل دەکرێت.

ئەمەش لە سەروەختانی پێشوو ڕوویداوەو خەڵکی دەربارەی نهێنییە کەشفکراوەکان خوێندنەوەیان هەبووە، کێشەکەی تاریق هاشمی و ڕافع عیساوی و کێشەگەلی تریش نابێت بخرێنە ژێر جڵەوی بڕیارگەلی سیاسییەوە، بەڵکە لە ڕێی ڕێڕدانان بۆ دەستوورو یاساو دادوەری عیراقییەوە پێویستە چارەسەر بکرێن تا عەدالەت ئاراستەی خۆی وەربگرێت و ئەو تۆمەتانەی ئاراستەیان کراون یەکلاببنەوە، ئێستا پرۆسەی سیاسی کەوتۆتە ناو ملی شووشەیەکی زۆر تەسکەوەو بە سەلامەتی ناتوانرێت لێی دەربچێت، پێویستە بە فیعلی هەموو پرۆسە سیاسییەکە بەو هێزانەوەی کە ئەکتیڤ و سەرکردایەتی بەر پرسیارێتییەکانیان لە ئەستۆدایە ڕاست بکرێتەوە لە بەرانبەر پرۆسە سیاسییەکە تا ئێستاش، بۆیە پێویستە کۆنگرەیەکی نیشتمانی سازبکرێت وەك چۆن سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سکرتێری حزبی شیوعی عیراقی و سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و سەرۆکی کوتلەی ئەحرار داوای سازکردنی دەکەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاوو ئەلتەرناتیڤ بۆ ئەم حاڵەتە سیاسییە ناهەموارەی ئێستا کە دەکرێت لەم سێ خاڵەدا کۆبکرێتەوە:

١ـ دامەزراندنی حکومەتێکی ڕزگاری نیشتمانی و سەرۆکایەتی وڵاتی پێ ڕابسپێردرێت تا کۆتایی ئەم خولەی هەڵبژاردن.

٢ـ حکومەتی ڕزگاریی نیشتمانی بە ڕۆڵی خۆی هەستێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان وئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، ڕەنگە ڕیزبەندییەکی تازەی هێزەکان بێتە پێشەوەو بارودۆخەکە سەقامگیر بێتەوە.

٣ـ ڕاسپاردنی سەرۆك وەزیرانێکی تر لە زۆرینەی پەرلەمانی، بۆ دامەزراندنی حکومەتی نوێ و بە ڕێکەوتن ئەرکەکانی داهاتووی پێ ڕابسپێردرێت


ئەم چارەسەرییانە پێوندییان بە دادوەری عیراقییەوە نییەو لە هەنبەر ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی هاشمی و کەسانی تر کراون، ئەگینا کەس چارەسەری خوارو خێچ قبوڵ ناکات و گرفتەکان ئاڵۆزتر دەکەن، وەك تاریق هاشمیش دەڵێت ئەم تۆمەتانە ڕاست نین و بە ڕێکی چنراون!

ناتوانرێت بە مساوەمەی گەندەڵانەو لەسەر حیسابی گەل و قوربانییەکانی، کە ڕۆژانە دەکوژرێن چارەسەری قەیرانەکان بکرێن، لە پێناوی ئەوەدا تا سیاسییەکان بەسەر کورسی فەرمانڕەوایی بمێننەوەو بە پێچەوانەی بەرژەوەنی خاك و گەلەکەیانەوە دەسەڵاتیان پیادە بکەن، وەك چۆن ئەمڕۆ ئەمە ڕوو دەدات.

**بەرلین کۆتایی کانونی دووەمی ٢٠١١**

**پرۆسەی سیاسی کەوتۆتە ناو ملی شووشەیەکی زۆر تەسکەوەو بە سەلامەتی ناتوانرێت لێی دەربچێت، پێویستە بە فیعلی هەموو پرۆسە سیاسییەکە بەو هێزانەی کە ئەکتیڤ و سەرکردایەتی بەر پرسیارێتییەکانیان لە ئەستۆدایە ڕاست بکرێتەوە**

# کوردو بێلایەنی و پەراوێزخستن لەقەیرانی ئێستای عیراقدا



فەرید ئەسەسەرد

**کورد لەم رووەوە کەوتۆتە بەردەم ئەو دوریانەوە کەئاخۆ ببێ بەبەشێك لەگرفتەکە یان ببێ بە بەشێك لەچارەسەرەکە**

پەندێـك کەدەبێ لـەم قەیرانەی ئێستای نێوان شیعەو سوننەی عیراق فێری بین ئەوەیە کەکێشە هەڵپەسێردراوەکان دەشێ گێچەڵی گەورەیان لێ بکەوێتەوە و هیچ شتێك بەقەد کێشە هەڵپەسێردراوەکان مایەی هەڕەشە نییە بۆ سەر ئاشتی. ئەم قەیرانە جگە لەدوراییە مەزهەبییە- مێژوییەکەی، دورایيەکی سیاسیشی هەیە کەپێوەندیی بەململانێی دەسەڵاتەوە هەیە.

کـورد لـەم رووەوە کەوتۆتە بەردەم ئـەو دوڕیانەوە کەئاخۆ ببێ بەبەشێك لەگرفتەکە یان ببێ بە بەشێك لەچارەسەرەکە. ئاشکراشە کەهەر هەڵوێستێك باجی خۆی هەیە. ئەگەر پشتگیریی شیعە بکەین، رەنگە تا دەیان ساڵی تر لەمپەرێکی گەورە لەنێوان ئێمەو سوننەدا دروست ببێ و دەشێ ئەم مەسەلەیە کاریگەرییەکی خراپتر لەسەر پێوەندییەکانی کوردو جیهانی سوننی بەجێ بێڵێ. ئەگەر پشتگیریی سوننەش بکەین، گەورەترین و کاریگەرترین پێکهاتەی عیراق لەخۆمان دەتۆرێنین و زۆر بەزەحمەت پێوەندییەکانمان پێ ئاسایی دەکرێتەوە.

مالیکی و بەشێکی تری شیعەکان بانگەشە بۆ حکومەتی زۆرینە دەکەن و لەم رووەوە خودی مالیکی و هەروەها حەمید معەللەی وتەبێژی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی وەك رێوشوێنێك بۆ دەربازبوون لەقەیرانەکە لەلێدوانەکانیاندا ئاماژەیان پێداوە. بەڵام دیارە حکومەتی زۆرینە ناتوانێ چارەسەرێکی گونجاوی کێشەکە بێ. لەگەوهەردا، بەو جۆرەی کەشیعەکان دەڕواننە مەسەلەی حکومەتی زۆرینە، ئەم حکومەتە لەهاوپەیمانیی شیعەو کورد پێکدێ. ئەوی راستی بێ، ئەگەر بەچاویلکەی بەرژەوەندیی ماددی سەیری مەسەلەکە بکەین، حکومەتی زۆرینە زیانی بۆ کورد نییەو ئەو پۆستانەی کەسوننەکان بەدەستیان هێنابوو، ٤٠٪ تا ٥٠٪ی بۆ کورد دەبێ. هەر بەم پێودانگە، دەشێ لەپێنج وەزارەتەکەی کشتوکاڵ، دارایی، زانست و تەکنەلۆژیا، پەروەردەو کۆمیوکەیشن، دوو وەزارەتمان چنگ کەوێ، سەرباری چەند پۆستێکی تری گرنگ. بەڵام مەسەلەکە مەسەلەی بەدەستهێنانی پۆستی زۆرتر نییە، چونکە حکومەتی زۆرینە لەم هەلومەرجەی ئێستادا لەحکومەتی پەراوێزخستنی سوننە بەولاوە هیچی تر نابێ. ئەمە جگە لەوەی کەڕەوشەکە ئاڵۆزتر دەکا، لەناوەڕۆکدا سەرەتای داهێنانی نەریتی پەراوێزخستنەو لەهەمووشی خراپتر ئەوەیە کەئەمە دەبێتە سەرەتای رەوایی پەیداکردن بۆ نەریتی پەراوێزخستن. ئەگەر ئەمڕۆ شیعەو کورد بتوانن سوننە بخەنە پەراوێزەوە، هیچ شتێك گەرەنتیی ئەوە ناکات کە لەئایندەدا شیعەو سوننەکان کورد پەراوێز ناخەن. رێگرتن لەئەگەری سەرلەهەڵدانی ئەم سیناریۆیە، بەدەست کوردە پێش هەر لایەنێکی تر. گەرەنتیی لەدەست نەدانی دەستکەوتە بەدەستهێنراوەکان، دەوەستێتە سەر هێشتنەوەی سێکوچکەی تەبایی شیعە- سوننە- کورد.

سیناریۆ هەرە خراپەکەش ئەوەیە کەتاکتیکی پەراوێزخستن بەو ئاکامە بگات کەتەنیا یەك لایەن براوە دەربچێ. ئەوەی کەڕەوایی بەم نیگەرانییە دەدا ئەوەیە کە لەساڵانی حەفتاکاندا بەعس لەدژی کورد هاوپەیمانیی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستدا دروست کردو پاش ئەوەی کەساڵی ١٩٧٥ کوردی لەیارییەکە دەرهێنا، بایدایەوە سەر هاوپەیمانەکەی و فتی کرد.

لەم سەروبەندەدا ئەوەی کەزۆرتر لەبەرژەوەندیی کورددایە، خۆ دوورخستنەوەیە لەتێوەگلان و بەم مانایە ئەم خۆ تێوە نەگلاندنە دەشێ روخساری بێلایەنی وەرگرێ. لەسیاسەتدا بێلایەنی، خۆ دورخستنەوەیە لەبەشداری کردن لەململانێی سیاسیدا. بەڵام لەململانێیەکی وا گەورەو مەترسیداردا، کورد ناتوانێ هەڵوێستی تەماشاکەرانە بۆ خۆی هەڵبژێرێ. لەنێوان ئەوەی کەکورد بێلانییەکی تەواو نەگەتیف بنوێنێ یان بەشدارییەکی کاریگەر لەململانێ سیاسییەکەدا بکا، ئەوەی کەزۆرتر بۆ کورد گونجاوترە ئەوەیە کەبێلایەنییەکی پۆزەتیف بۆ خۆی هەڵبژێرێ. ئەم هەڵوێستە دەرفەتی دوو رۆڵمان پێ دەبەخشێ، یەکێکیان ئەوەیە کەبکەوینە کار بۆ هێورکردنەوەی قەیرانەکەو لێك نزیك کردنەوەی لایەنە ناتەباکان و دووەمیشیان ئەوەیە کە لەکاتی پێویستداو لەهەندێ مەسەلەدا بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دادپەروەری و یەکسانی، پشتگیری لایەنی ستەملێکراو بکەین و بەرپەرچی لایەنی ستەمکار بدەینەوە.

کورد دەتوانێ فاکتەری هێورکردنەوەو چارەسەر بێ، بەڵام چارەنووسی تەواوی قەیرانەکە بەدەست دروستکەرانی قەیرانەکەیەو ئەگەر ئەوان نەرمیی پێویست نەنوێنن، دەبێ رازی بن بەدرێژە کێشانی گرژییەکەو ئەگەری گەیشتن بەئاکامی نەخوازراو.



# عێراق بەقەیرانێکی گەورە و ترسناکەوە پێشوازی لەساڵی نوێ دەکات



لەگەڵ ئەوەی ئومێدی هەمووان ئەوەیە کە ساڵی ٢٠١٢ ساڵی ئومێد و چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق بێت، بەڵام ئومێد شتێکە و واقیع شتێکی دیکەمان پێدەڵێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بارودۆخی سیاسیی عێراق و تەنگژەکانی نێوان لیستی دەوڵەتی یاسا و لیستی ئەلعێراقیە بەرادەیەك ئاڵۆزبوون کە نەتوانرێت بەئاسانی جارێکی تر پرۆسە سیاسییەکە بخرێتەوە سەر سکەی خۆی یان هەتا ئەگەر نەهێڵرێت پرۆسە سیاسییەکەش لەبار بچێت، ئەوا زەحمەتە وا بەزوویی متمانەی پێویست لەنێوان لایەنە سیاسییەکان دروست بێتەوە، هەروەها ئەوەی تێبینی دەکرێت سروشتی بیرکردنەوەی بەشی زۆری سیاسییەکانی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هێندەی بڕوابوونە بەپەنابردن بۆ توندوتیژی، هێندە گەڕانەوە نییە بۆ لۆژیك و چارەسەری ئەقڵانی و دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، سەبارەت بەم لایەنە دکتۆر سەعد حەدیسی ئوستادی سیاسەت و تۆژەر و شرۆڤەوانی سیاسی لەزانکۆی بەغدا، پێیوایە کە نەك چاوەڕێ ناکرێت ئەم کێشەیە بەچەند هەفتە و چەند مانگی داهاتوو چارەسەر بکرێت، بەڵکو پێشبینی دەکرێت کە چارەسەری ئەم کێشەیە چەندین ساڵ بخایەنێت، سەبارەت بەم پرسە و لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی خستەڕوو وتی: (ئەمڕۆ کاتێك پێدەنێینە ساڵێکی نوێوە، پێشتر هیوامان ئەوەبوو ئەمساڵ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەئومێد و گەشبینییەوە پێشوازی لەساڵی تازە بکەین، زۆربەی پسپۆڕان و چاودێرانی بارودۆخەکە، پێیانوابوو هێزە سیاسییەکانی عێراق دەتوانن لەژێر چەتری دەستووری عێراقدا ناکۆکیەکانیان چارەسەر بکەن و سەرکەتوو بن، بەڵام وادیارە ئەو پێشبینییانە لەماوەی دوو یان سێ هەفتەی ڕابردوو هەمانبوو، هەڵە دەرچوون، بەتایبەتی پاش سەرهەڵدانی قەیرانەکەی ئەم دواییانەی نێوان لیستی «عێراقیە» و لیستی «دەوڵەتی یاسا» و ئەو تۆمەتانەی کە لەدۆسیە جینائییەکە ئاڕاستەکرا، ئەمەش بەئاستێك بارودۆخەکەی ڕەشبین و ئاڵۆزکردووە، ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە ئەم قەیرانە چارەسەر بکەین، من پێموایە کە لەمبارەیەوە پێویستیمان بەچەندین ساڵ دەبێت نەك بەمانگ هەتا بگەینە چارەسەرێك، لەگەڵ ئەوەی نامەوێت بڵێم ڕەشبینم، بەڵکو مەسەلەکە زیاتر بریتییە لەوریایی و بەئاگابوون و چاودێری تا بزانن ئایندەی «عێراق» چیی لێ دەکەوێتەوە، بەڕای من چارەسەرەکە بریتییە لەهەوڵی قەوارە بێلایەنەکان بۆ ئەنجامدانی دەستپێشخەرییەك بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە، بەواتایەکی دیکە ئەمڕۆ کێشەیەك لەنێوان دوو قەوارە هەیە و ناکۆکییەکانیان هەندێك جار ئاڕاستەیەکی دادوەری دەگرێت و هەندێك جاری دیکەیش ئاڕاستەیەکی سیاسیی دەبێت، بۆیە ئاشکرایە ئەو دوولایەنە ئەلعێراقیە و دەوڵەتی یاسا ململانێیان لەسەر میکانیزمەکان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت هەیە، بەڕای من قەوارە بێلایەنەکە «هاوپەیمانی کوردستانی»یە پاشان «هاوپەیمانی نیشتمانی» و هەروەها پێموایە لایەنەکە «هاوپەیمانی کوردستانی»یە لەبەر هۆکارێکی زۆر بچووك ئەویش ئەوەیە کە حکومەتی ئێستای عێراقی لەئەنجامی ڕێککەوتنەکەی «هەولێر» پێکهێنرا، بۆیە لەمبارەیەوە «هاوپەیمانی کوردستانی» و بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پابەندبوونی هەیە لەبارەی هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی لایەنەکان و ئیحتیواکردنی بارودۆخەکە و نەهێشتنی بەربەستەکان و هەوڵدان بۆ دانیشتن لەسەر مێزێکی





بازنەیی بۆ دیالۆگ و گەڕان بەدوای ڕێگەی دەربازبوون لەم قەیرانەی ئەمڕۆ، باشترین ڕێگەش بۆ ئەمڕۆ، بێگومان پێویستە پاپەندبوون هەبێت بەبەندەکانی ڕێککەوتنەکەی «هەولێر»، لەبەرئەوەی ئەم ڕێککەوتنە بوو بووە مایەی پێکهێنانی حکومەت، هەربۆیە من پێموایە پێویستە لایەنە ناکۆکەکان پەیامێك بۆ ڕاگەیاندنەکان و هاوبەشە سیاسییەکان بگەیەنن و هەمووان قەناعەت پێ بێنن کە هێزە سیاسییەکانی ئەمڕۆ پاپەندن بەتەوافوق و شەراکەتی نیشتمانی، پێموایە ئەمە دەبێت بەدەسپێکێك بۆ قۆناغی داهاتووی پرۆسەی سیاسی و ڕای گشتیی عێراقی

دڵنیا دەکاتەوە و پەیامێکی باش و جوان بۆ لایەنەکان و هەمووان دەنێرێت و مایەی هێورکردنەوەی لایەنەکان و بارودۆخەکە دەبێت و لەهەمان کاتیشدا ڕقوکینەی نێوان هێزە سیاسییەکان ناهێڵێت کە ئەمڕۆ بەشێوەیەک یان بەهەر شێوەیەکی تر ڕەنگدانەوەی لەسەر شەقامی عێراقی هەبووە، هەڵبەتە ئاشکرایە کە قەیرانەکەی ئەمڕۆ بەندە بەئیرادەیەکی سیاسی بۆ پاڵنانی پرۆسە سیاسییەکە بەرەو پێشەوە و نەهێشتنی بەربەستەکان و ئیحتیواکردنی قەیرانەکان، لەهەمان کاتیشدا ئیرادەیەکی کار بۆ «وەساتەت» لەلایەن «هاوپەیمانی کوردستانی» هەروەها «هاوپەیمانی نیشتمانی»ش بۆ دیاریکردنی سیماکانی بارودۆخەکە لەم چوارچێوەیە و هەوڵدان بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی جددی و خێرا لەپێناو ئیحتیواکردنی قەیرانەکە، لەمبارەیەشەوە پێموایە چاوپێکەوتنەکەی

## هاوپەیمانی کوردستانی» و بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پابەندبوونی هەیە لەبارەی هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی لایەنەکان و ئیحتیواکردنی بارودۆخەکە و نەهێشتنی بەربەستەکان

باڵیۆزی ئەمریکی لە «عێراق» لەگەڵ سەرۆک «مەسعود بارزانی» وابزانم زیاتر مەبەستەکە بریتییە بووە لەپاڵنان و هاندان بۆ دووبارە خستنەڕووی دەستپێشخەرییەکە، مەبەستم لەرێککەوتنەکەی «هەولێر»ە بۆ دووبارە ئاکتیڤکردنەوەی، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر چارەسەرکردنی ناکۆکییە سیاسییەکان بەشێوازی ئاشتیانە)).

ئەوەی د.سەعد حەدیسی ئاماژەی پێکرد جۆرێک بوو لەرەشبینی، بەڵام ئەو بەهۆشدارییەوە ئاماژەی بەرەشبینییەکە کرد، بەڵام عەباس یاسری نووسەر و تۆژەری سیاسی لەسەنتەری (النور) ڕاشکاوانە ئاماژە بەوەدەکات بەوەی بارودۆخەکە وەرچەرخاوە بۆ ڕەشبینی و ئەگەر لایەنە عێراقیەکان ئەو ناکۆکیانە وەلانەنێن، ئاوا بەرەو ئاییندەیەکی خراپ هەنگاو هەڵدەگرین، لەمبارەوە و لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان یاسری بەمشیوەیە ڕای خۆی خستەڕوو وتی:(ڕووداوەکانی ئەم دواییە وەک هەوری ڕەش کەشوهەوای عێراقی داپۆشیوە، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، کە پێشتر هیوایەکی زۆرمان بونیاد نابوو کە دوای کشانەوەی ئەو هێزانە عێراق بەئاراستەیەکی ئیجابیانە هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام بەداخەوە ئەم گەشبینییە وەرگەڕا بۆ ڕەشبینی، بەڕای من تاکە ڕێگەچارە بۆ دەرچوون لەم بارە ڕەشبینییە و گەیشتن بەبارێک لەگەشبینی بریتییە لەبەسەرخستنی یەکێک لەو دەستپێشخەرییانەی کە خراونەتەڕوو لەلایەن فەخامەتی سەرۆک کۆمار و بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەید «سەدر» و سەید «عەمار حەکیم»، بەڕای من یەکێک لەو دەستپێشخەرییانە بەسە بۆ ئاکتیڤکردنەوەی پرۆسە سیاسییەکە بۆئەوەی جۆرە نەخشەیەک یاخود ڕێگەچارەیەک دابنرێت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان، ئەگەر بێت و مەسەلەکە بەهێوری و بەحیکمەت وەربگرێت ئەوکات گەشبینی دیمەنەکەی «عێراق» زیاتر دادەپۆشێت نەک ڕەشبینی.. بەڵام ئەوەی ڕەشبینییەکە زیاتر دەکات کە کەلتوری سیاسیی عێراق لەماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو بەوجۆرە بووە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پەنا بۆ توندیژی ببرێت، لەمێژووی هاوچەرخی «عێراق»دا هیچ کێشەیەک نەبووە بەڕێگەی دیالۆگ چارەسەرکرابێت و هەمیشە لەڕێگەی بەکارهێنانی هێز و لەڕێگەی هەڕەشە و کوشتن و و بڕۆدومانکردن بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان، بۆیە سەبارەت بەپرۆسەی دیالۆگ و لێبوردەیی من پێموایە کە ئێمە ئەمڕۆ لەقۆناغی گواستنەوەداین و ئەوەی کە تاکو ئەمڕۆ وەدیهێنراوە شتێکی باشە و چەندین کێشە هەیە کە لەڕێگەی دیالۆگ چارەسەرکراوە، تەنانەت زۆربەی سەرکردە سیاسییەکانیش پێیانوایە کە دیالۆگ باشترین ڕێگەچارەیە بۆ دەربازبوون

## چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ تۆمەتەکان لەدژی هاشمی بەڵگەیە لەسەر بەسیاسەتکردن و هەوڵدان لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بۆ بەکارهێنانی دۆسیەی دادوەری لەپێناو مەبەستێکی سیاسی

لەکێشەکان، بەڕای من ئێمە پێویستیمان بەکات هەیە بۆ ڕاهێنان لەسەر چەندین کەلتوری جۆراوجۆر لەکەلتوری ئاشتی و کەلتوری قبووڵکردنی کەسانی بەرامبەر، کەلتوری وەرچەرخانی توندوتیژی بۆ ئاشتی، بۆیە پێموایە کە بۆ ئەم قۆناغە گواستنەوەیەی کە ئێستا پێی تێدەپەڕین پێویستیمان بەکات هەیە و دڵنیام ئاییندە تاراددەیەکی زۆر عەقلییەتە پێشووەکەی «عێراق» دەگۆڕێت کە پێشتر بڵاوبکرابوو و کە هەمیشە لەسەر بنەمای پەنابردن بوو

## پاش سەرهەڵدانی قەیرانەکەی ئەم دواییانەی نێوان لیستی «عێراقیە» و لیستی «دەوڵەتی یاسا» و ئەو تۆمەتانەی کە لەدۆسیە جینائییەکە ئاراستەکرا، پێویستیمان بەچەندین ساڵ دەبێت هەتا بگەینە چارەسەرێک

بۆ توندوتیژی)).

### کێشە کەڵەکەبووەکان حکومەتی عێراقی ئیفلیج کردووە

لە وڵاتێکدا کێشەی چارەسەرنەکراو و کەڵەکە بوو هەبێت، بچووکترین ناکۆکی و تەنگژە بەسە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بارودۆخەکە ئاڵۆزبکاتەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری بارودۆخی عێراق بکەین بەسادەیی دەبینین کە عێراق وڵاتێکی کۆمەڵێک کێشەی چارەسەرنەکراوی کەڵەکەبووی هەیە، سەبارەت بەکاریگەری ئەم کێشە کەڵەکەبووانە لەسەر تەقینەوەی ئەم قەیرانە، میسال ئالوسی سەرۆکی حزبی (ئومەی) عێراقی لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هەڵوێستەی کردوو پێی ڕاگەیاندین: (پاش ئەوەی بەئەزموونە سەختەکانی جەنگ و کاولکاری تێکشکانی دەوڵەتی عێراق تێپەڕین، شەڕی تائیفی و مەزهەبی هۆکارێک بووە کە زیاتر بیر لەتوندوتیژی بکرێتەوە بۆ چارەسەری کێشەکان، لێرەشدا بەڕاشکاوییی دەڵێم، ئەمڕۆ لایەنمان هەیە پێیان دەوترێت نوێنەرانی سوننە و هەروەها نوێنەرانی شیعە، بۆئەوەی بەشێوەیەکی وردتر قسەبکەم، لەهەردووک لەلایەنەکاندا

لەشەڕ و توندوتیژیدایە، بەواتایەکی دیکە، لایەنەکان کەسانێکیان تێدا هەیە کە بانگەشە بۆ خۆیان دەکەن گوایە بەرگرییان کردووە لەسوننە هەروەها هەیە بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە بەرگریی لەشیعە کردووە، خۆم بینیم ئەو بەرگرییە چۆن بوو، بەرگرییەکە لەڕێگەی بەکارهێنانی چەك بوو، بەواتای تەجاوزکردن لەسەر مرۆڤ و یاسا و بەهاکان، بۆیە من ناوم لێیان ناوە بە «میری جەنگ»، بۆیە لەو بڕوایەدا نیم میری جەنگ لەتواناییاندا هەبێت دەوڵەت بونیاد بنێن، بەڕای من لەوانەیە بەڕێز «نوری مالیکی» سەرۆك وەزیرانی ئێستا تاراددەیەك ڕاست بکات کاتێك دەڵێت هەندێك تۆمەت لەدژی «تاریق هاشمی» هەیە، بەڵام چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تۆمەتانە بەڵگەیە لەسەر بەسیاسەتکردن و بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە هەوڵدان هەیە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بۆ بەکارهێنانی دۆسیەی دادوەری لەپێناو مەبەستێکی سیاسی، ئەمە باش نییە و هەوڵدانێکی فاشیلە، ئێوەی کورد-یش دوو هەڵبژاردن لەبەردەمتان هەیە، یان ئەوەیە تۆمەتبار بکرێن کە ئێوەش بەشێکن لەکێشەکە، ئەمەیش ڕاست نییە لەبەرئەوەی کورد هەمیشە بەشێك بووە لەچارەسەر، یان ئەوەیە هاوکاربن ئەم حکومەتە بگۆڕن، بەڵام ئەمە ناکەن، هەربۆیە ئێمە لەم قەیرانەدا پێویستیمان بەئومێد و گەشبینی و ئاشتی هەیە. قەیرانە سیاسییەکە کەڵەکەبووی ٧



سەعد حەدیسی بۆ گوڵان:

**پابەندبوون بەتەوافوق و شەراکەتی نیشتمانی دەبێت بەدەسپێکێك بۆ قۆناغی داهاتووی پرۆسەی سیاسی و ڕای گشتیی عێراقی دڵنیا دەکاتەوە**

ساڵە لەقەیران و کەڵەکەبوونی قەیرانەکان و گواستنەوەی لەقۆناغێك بۆ قۆناغێکی دیکە و بێدەنگبوون لەسەر زۆربەی دۆسیەکان لەپێناو دەربازبوون لەقەیرانێکەوە بۆ قەیرانێکی دیکە یاخود لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە مەسەلەکەی زۆر ترسناك و ئاڵۆز و تێکهەڵکێش کردووە، هەمیشە حکومەتێکی گواستنەوەمان هەبووە پاشان حکومەتی گواستنەوەی دیکە و پەرلەمان کە هەوڵماندا لەڕێگەی پرۆسە سیاسییەکە سەربخەین، هەموانیش لەمبارەیەوە قوربانییان داوە و پێموایە کورد بەتایبەتی قوربانییەکی زۆریان داوە کاتێك سەبریانکرد لەسەر ماددەی ١٤٠ لەدەستوور و سەبریان کرد لەسەر یاسای نەوت و غاز، هەروەها لەسەر چەندین شتی دیکە سەبریان هەبوو کە مەبەستەکان بریتی بوو لەسەرخستنی ڕێککەوتنەکانی «هاوپەیمانی کوردستانی» کە لەگەڵ حکومەتە یەك بەدوای یەکەکاندا ئەنجامی دابوون، بۆیە، ئێمە ئەمڕۆ قەیرانێکی ئاڵۆز و تێکهەڵکێش و گەورەمان هەیە، هەتا پابەند نەبین بەدەستوور ئەوە هەست بەگەشبینی ناکەین، هەروەها هەرگیز هەست بەگەشبینی ناکەین هەتا پەرە بەپرۆسە سیاسییەکە نەدەین و دەرباز نەبین لەقەیرانەکانی دەسەڵاتی ڕەها، لەگەڵ دەربازبوون لەقەیرانی «تەشهیری شەخصی»، بۆیە ئێمە ناتوانین لەم قەیرانە دەرچین تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت کاتێك سیاسەتوانەکانی «عێراق» بڕیاربدەن لەسەر بونیادنانی دامەزراوەی عێراقیی پیشەیی، ئەم شتەیش لەئاسۆدا ڕوون نییە لەبەرئەوەی حکومەتێکی عێراقی فاشیلمان هەیە، شکستێکی گشتی هەیە، ڕووداوەکانی ئەم دواییە سەلماندی کە ئەم حکومەتە لەناو خۆیدا نەگونجاوە و بێتوانایە و فاشیلە، هەموو لایەنەکانیش پێداگرییەکی زۆر دەکەن لەسەر مانەوەی ئەم حکومەتە، خودی خۆم ڕەشبین و نیگەرانم، دەشترسم، هیوادارم هەڵە دەرچم، بەڵام ترسم هەیە لەسەرهەڵدانی شەڕێکی ناوخۆیی بەهۆی ئەم قەیرانە کە ئەگەری هەیە وڵاتەکە بەرەو داڕمانی بەرێت، بۆیە پێموایە دەسپێکی ئەم شەڕە لە«دیالا» بێت یان لە«سامەڕا»، پاشان بگاتە «بەغدا» و ئەوکات مەسەلەکە بەتەواوەتی لەدەست دەردەچێت، بۆیە هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکە نییە جگە لەبوژاندنەوەی پرۆسە سیاسییەکە و گەڕانەوە و پابەندبوون بەدەستوور و یاسا و



عەباس یاسری بۆ گوڵان:

**پێویستیمان بەکەلتوری وەرچەرخانی توندوتیژی بۆ ئاشتی هەیە، بۆ ئەمەش دیالۆگ باشترین ڕێگەچارەیە بۆ دەربازبوون لە کێشەکان**

ئاکتیڤکردنەوەی پرۆسە سیاسییەکە، خودی خۆشم یەك تیشکێکی ئومێدبەخشیش نابینم بەتایبەتی لەململانێیەکەی ئەمڕۆی نێوان «عێراقیە» و «هاوپەیمانی نیشتمانی»)).

سەبارەت بەو لایەنەی کە میسال ئالوسی زۆر بەراشکاوی ئاماژەی پێکرد، پرسیارمان لەد.سەعد حەدیسی کرد بەوەی ئایا هەتا ئەم ئاستە ڕۆشنبیری سیاسیی لایەنە عێراقییەکان بەوجۆرەیە؟ حەدیسی لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بەمجۆرە وەڵامی داینەوە و وتی: (دەمەوێ شتێك بەڕاشکاویی باس بکەم، بەداخەوە سروشتی ڕۆشنبیریی سیاسییەکانی عێراق هەمیشە بەم شێوەیە بووە لەسەر بنەمای توندوتیژی و توندڕەوی لە«ئینفعالات و عاتیفە» هەڵوێستیان لەسەر مەسەلەکان وەرگرتووە و مامەڵەیان لەگەڵ کێشەکان کردووە، نەك بەپێی تێڕوانینێکی عەقلانی بۆ چارەسەری کێشەکان، زۆرجاریش هەڵوێستەکان لەشێوەی «کار و کاردانەوە» بووە، بۆیە پێموایە کە دەستەبژێرە سیاسییەکەمان بەشێکە لەکەلتوری ئەم کۆمەڵگەیە و خاوەن ئەم سروشتە و ئەم کەسایەتییەن کە نازانن چارەسەری مامناوەندی چییە و زۆرجار توندڕەوی لەدژ لایەنی بەرامبەر دەگرنەبەر، ئەمەیش کێشەیەکی گەورەیە و چەندین ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە وەك، کێشەی پێکەوەژیان لەنێوان عێراقییەکان و قبووڵکردنی لایەنی بەرامبەر تەنانەت گەر بیر و باوەڕیشمان جیاواز بوو، نواندنی ڕێز بۆ کەسی بەرامبەر گەر لەگەڵیشم هاوڕا

نەبوو، لەگەڵ باوەڕکردن بەمیکانیزمە ئاشتیخوازەکان لەبەڕێوەبردنی ناکۆکییەکان و بەکارنەهێنانی کارتی نائەخلاقی لەناکۆکییەکان، ئەم بنەمایانە بەداخەوە ئێمە هێشتا پێی نەگەیشتووین، گەیشتن بەم بنەمایانەش پێویستیی بەفاکتەری کات هەیە و بێگومان پێویستیمان بەکات هەیە بۆ بەرهەمهێنانی کەسێتی عێراقیی مەدەنی کە بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ناکۆکییەکان باوەڕی بەشێوازی مەدەنیانە هەبێت نەك بێت و لەژێر هەر ناوێك بێت ئیرادەی خۆی بسەپێنێت، کێشەکە لەوەدایە کە زۆربەی دەستەبژێرە سیاسییەکان هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەم ئاستە و ئەم مەسەلەیەش زۆر ترسناکە لەبەرئەوەی ئاکامەکانی ئەم لایەنە ڕەنگدانەوەی لەسەر شەقامی عێراقی هەیە، بەڵکو لەوەیش زیاتر دەبینین هەندێك لایەن درووشمی «فیئەوی» دەورژێنن و ئەمەیش زیاتر دەبێتە هۆی ئاڵۆزتربوونی قەیرانەکە نەك چارەسەرکردنی، پێموایە تاوتۆکردنی مەسەلەی فیدرالییەت بەشێوەیەکی جددی و قووڵ لەم ساتەدا و کارکردن بۆ بەرەوپێشەوەبردنی ئەم مەسەلەیە، لەڕووی پێکهێنانی هەرێمەکان لەپارێزگا جیاوازەکان، لەوانەیە دەروازەی دەرچوون بێت لەم قەیرانە، لەبەرئەوەی تەنانەت ئەگەر هات و قەیرانەکەی ئێستا بەشێوەیەکی ئانی و حاڵیش چارەسەرکرا، ئەوە ڕەگەکانی هەر دەمێنێتەوە، بۆیە پێموایە فیدرالییەت چارەسەرە بۆ فرەیی و جیاوازی لەتێڕوانین و بۆچوونەکان و فرەیی لەڕووی ئایینی و ڕەگەزی و مەزهەبی، هەروەها هەوڵدانێکە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتەکان، لەهەمان کاتیشدا مایەی فەراهەمکردنی مافە سیاسی و مەدەنی و کەلتورییەکانە بۆ پێکهاتە و کەمینەکانی کۆمەڵگە، لەوانەیە ئەمە دەربازبوونێکی ڕاستەقینە بێت لەقەیرانەکەی ئێستای «عێراق»، بەڵام پێداگرتنی لایەنێك لەسەر تاکڕەوی لەبڕیاری سیاسی و فەرامۆشکردنی لایەنەکانی دیکە، بەڕای من ئەمە سەقامگیری دابین ناکات.))

### هەڵبژاردنی پێشوەخت چارەسەرە بەڵام بارودۆخێکی سەقامگیری دەوێت

هەر سەبارەت بەچۆنیەتی دەربازبوون لەم قەیرانە و دووبارە ڕێکخستنەوەی پرۆسە سیاسییەکە هەندێك لایەن پێشنیاری هەڵبژاردنی پێشوەختەیان کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر لایەنەکان لەسەر ئەم پێشنیارە ڕێکبکەون، ئەوا ساڵی ٢٠١٢ دەبێتە ساڵی ململانێی هەڵبژاردن، بەڵام نەك ململانێیەکی دیموکراتیانە، بەڵکو ململانێیەکی دوژمنانە، سەبارەت بەم پێشنیارە میسال ئالوسی لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (هەڵبژاردن ئەوکات دەبێت کاتێك بارودۆخەکە سەقامگیر بێت، بەڵام «عێراق» سەقامگیر نییە، ئەجێندا هەرێمییەکان کاریگەرییان لەسەر «عێراق» هەیە، بارودۆخی «عێراق» لەڕووی ئابووری و مرۆیی و ستراتیژی هەمووی ڕۆڵی هەیە، بەڕای من پێویستە ستراتیژییەتێکی عێراقی بدۆزینەوە بۆ بونیادنانی دەوڵەتی عێراقی و دامەزراوەکان و ئێمە لەم بارەیەوە فاکتەری زۆرمان لەبەردەستە بۆ سەرکەوتن،



**میسال ئالوسی بۆ گوڵان:**


**شەڕی تائیفی و مەزهەبی هۆکارێک بووە کە زیاتر بیر لەتوندوتیژی بکرێتەوە بۆ چارەسەری کێشەکان**

ئەم شتەیش پێویستیی بەئیرادەی سیاسی هەیە، بەڵام ئەم ئیرادە سیاسییە نابینم، ئەوەی هەیە چەند لایەنێکن ململانێ و پێکدادانی سیاسییان هەیە و ئەوانە بەشێکن لەئەنجێندا هەرێمییەکان)).

### ناکرێت لەعێراقدا هیچ پێکهاتەیەك فەرامۆش بکرێت

ئەگەر وەك ئالوسی ئاماژەی پێکرد لەم بارودۆخەدا هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجامنەدرێت، هەتا عێراق دووبارە سەقامگیری بۆ دەگەڕێتەوە، ئەوا گێڕانەوەی سەقامگیری پێویستی بەوەیە کە جارێکی دیکە بەرێگەی تەوافوقی سیاسیی لایەنەکان لەناو پرۆسە سیاسییەکە درێژە بەبەشداریان لەحکومەت و دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەت بکەن، بەڵام لەلایەکی دیکەش وەك سەرۆك وەزیرانی عێراق بەئاشکرا ئاماژەی پێکرد، دەکرێت واز لەتەوافوق بهێنرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە دەکرێت پێکهاتەیەکی سەرەکی فەرامۆش بکرێت، سەبارەت بەم هاودژییەی لەنێوان واقیعی سیاسی و هەڵوێستەکانی سەرۆك وەزیران، عەباس یاسری چاودێر و شرۆڤەکاری سیاسیی لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم لایەنە هەڵوەستەی کردوو وتی: (ئەگەر واز لەتەوافوق بێنین، یان پێکهاتەیەك فەرامۆش بکەین، ئەمە مانای ئەوەیە دووبارە دەگەڕێینەوە سەر کەلتورە کۆمەڵایەتییەکە کە پێشتر بوونی هەبووە، لەبەرئەوەی فەرامۆشکردنی کەسانی دیکە گەیشتبووە چوارچێوەی هەمان تایفە و تەنانەت هەمان عەشیرەت لەکاتی ململانێیان بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات، بەڕای من ئەو کەسەی کە بەم شێوە خراپە سەیری پێکهاتەکانی تر دەکات، پێموایە ئەم جۆرە تێڕوانینە زۆر دوورە لەهەموو پێوەرە ئایینی و مرۆیی و هەروەها پێوەرە سرووشتییەکانیش لەبەرئەوەی خوای گەورە هەمووانی بەشێوەیەکی یەکسان درووستکردووە، بۆیە کاتێك گوزارشت لەبیر و بۆچوونەکانمان بکەین بەپێچەوانەی ئیرادەی خوای گەورە، بەڕای من ئەو کەسە کەسێکی لاوازە، ئەگەر نا ئەوە چ سوودێکی تێدا هەیە؟ بەعس و سەددام، بەزەبری هێز دەسەڵاتی بەسەر «عێراق» سەپاندبوو، لەسەردەمی ئەو هەموو هێزی بەکارهێنابوو بۆ دەسەڵات سەپاندن بەسەر وڵات، بەبڕوای من ئەمە نیشانەی لاوازییە نەك هێز. کەسی بەهێز ئەو کەسەیە کە دەرفەت بەبەرامبەر ببەخشێت و لەڕوانگەیەکی مرۆییەوە سەیری بکات، بۆیە بەڕای من ئێمە ئەمڕۆ پێویستیمان هەیە بەبڵاوکردنەوەی کەلتوری پێکەوەژیان لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لەبەرئەوەی سیاسەتوانەکان نەیانتوانیوە ئەم کەلتورە لەنێو هاووڵاتیان دروست بکەن، بۆیە پێویستە لەسەر هاووڵاتیان لەڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاگەیاندن، لەڕێگەی چەندین ڕێگەچارەی دیکە، دەتوانین پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە دروست بکەین لەگەڵ تێڕوانینێکی یەکسان ئەوکات دەبینین سیاسەتوانەکان ناچار دەبن بەو شێوەیە مامەڵەمان لەگەڵ بکەن کە ئێمە هاووڵاتیی عێراقین و هەموومان هاوبەشین و یەکسانین لەمافەکان و ئەرکەکاندا)).

# عێراقیە کۆنەکان و گرێ کوێرەکەیان



د. جمال رسوڵ محمد امین*

## پێشەکی

ئەوەی زۆر بە زەقی دیارە ئەوەیە کە نەک تەنها عێراق بەڵکو زۆرینەی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەیان توانیوە سوود لەو سامانە سروشتیە مەزنە ببینن کە لە سەری دەژین لە جیاتی سەرقاڵکردنی ئەو پێشکەوتنە مەزنانە کە جیهان دەیبینێت، سەرقاڵەی پێشێلکردنی گشت یاساو نەریتە پیرۆزە مرۆییەکان و دواکەوتنن. ئەمەو پێشکەوتنە بەرچاوەکەی وڵاتانی کە لە گشت بوارەکاندا و بە تایبەت بواری تەکنۆلۆجیای زانیاری و پەیوەندیەکان عێراقیە کۆنەکانی لە دۆڵێک و تازەکانی لە دۆڵێکی کە خزاندوە کە نە لەیەک دەگەن و هیچ لایەکیشیان ئامادە نین گوێبیستی ئەویدیکەیان بن و ئەوەی پێی دەڵێن بەهاری عەرەبی یەکێکە لە ئەنجامەکانی.

لە هەرێمە نازدارەکەی ئێمەش، هەرچەندە گەلێک هەنگاوی باش نراون کە ئەنجامەکانیان لە دەوروبەری هەرتاکێکەوە دیارن بە بەراورد کردن لە گەڵ ئەو بارودۆخەدا کە داگیرکەرانمان وڵاتێکی وێرانیان بەزۆر پێ چۆڵ کرا بەڵام ئەوەی هەیە گەلێک لە خەونەکانمانەوە دوورەو ڕێگایەکی پڕ پێچوپەناو ئاڵۆزمان لەبەردەمدایە کە دەبێت بەهەر نرخێک بێت بیبڕین. ئەمەش تاڕادەیەک بەندە بە توانای هەر تاکێکمان بۆ لەخۆ بوردن و گوێبیست بوونی یەکتری و کۆکاری لە گشت کێشە چارەنووسیەکاندا.

دواڕۆژێکی ڕووناکی کۆمەڵگاکەمان پابەندە بە سەرلەنوێ بنیادنانەوەی تاکی کوردستانی پاش ڕمانی کۆڵەکەی بەهاووڵاتی بوون و هەستیاری و ژیان لەگەڵ چرکەلێدانی دڵی کومەڵگا و خۆبەختی و خۆ بەخشی بۆ بەرەوپێش بردنی، هەر وەک لە دەستپێکی شۆڕشی کوردستانی دەبینراو دەبیسترا. لەم بارودۆخەی ئێستادا، دەبێت پێکەوە کارکردن بۆ ئەم مەبەستانە پرسیاریان پێویست نەبێت هەروەک هەنگاوی پیرۆز نراون بۆ داڕشتنی دەستووری عێراق و بەهەرێم کردنی کوردستان لەسنورەکەیدا ئەگەر ئەو عێراقەی کە لە شەڕەجیهانیەکانی یەکەم و دوهەمەوە لە ڕۆژئاوا نەخشەی بۆ کێشرا، وەک خۆی بمێنێتەوە.

ئەمەش هەرچەندە هەنگاوێکی پیرۆزبوو، بەشی زۆری کوردستان لەدەرەوەی هەرێم بە هەڵواسراوەیی مانەوە و نەخشەڕێگای چارەسەرکردنیان لە بەجێگەیاندنی ماددەی ١٤٠ دا کێشراوە بەڵام عێراقیە کۆنەکان کە هەوڵی زیندووکردنەوەی عێراقی کۆنیانە، هەنگاونان بۆ بەئەنجامدانی ماددەکەیان کردوە بەگرێ کوێرە و خۆیان لەوە کوێر کردوە کە تەنها ڕێگا بۆ مانەوەی عێراق، عێراقی تازەیە کە تێیدا خاوەندار خاوەنداربێت و ئەوەی خاوەنی هەقێک نەبێت، بە خواست بیگێڕێتەوە بۆ خاوەنە ڕاستیەکەی. ئەمەش تاکە بنەمای پێکەوەژیان و متمانە لە دەروونی هەرتاکێکدا و لە کۆمەڵگاکاندا دەچەسپێنێت بە شێوازێک کە بەردەوامی ئاشتی و پێکەوە ژیان و پێشکەوتن دابین دەکات.

**تەنها ڕێگا بۆ مانەوەی عێراق، عێراقی تازەیە کە تێیدا خاوەندار خاوەنداربێت و ئەوەی خاوەنی هەقێك نەبێت، بە خواست بیگێڕێتەوە بۆ خاوەنە ڕاستیەکەی**

جێگای داخە کە بەشێکی دیاری ئەو عێراقیە کۆنانەش لە ئاستی بڕیارداندان و ئەگەر بە کارامانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەکەین، ڕێگای سەقامگیری و گەلێک شتی تر دوورتر دەبنەوە و کارامەیی ئێمەش لەوەدادەبێت کە هەرگیز پلانی جیا جیا مان هەبێت هەر وەک دەڵێن ئەگەر پلانی A تووشی تەنگەژەبوو پلانی B مان هەبێت ئەگەر ئەویشیان کاری نەکرد پلانی C مان هەبێت. ئەمەو یان بە شێوازێکی تەریبی لە سەر چەند پلانێک کار بکەین کە هەر یەکێکیان بەشێوازێکی تایبەت بەرەو هەمان مەبەست دەمان بات.

### بەهەرێم کردنی ناوچەکان

لە دەستپێکی ئەم مانگەدا (مانگی ١٢) و لە جوابدانەوەیەکدا بۆ نووسراوەیەک کە بەڕێز پرۆفیسور کرمانج گوندی بڵاوی کردبوەوە لە بلۆگەکەیدا (http://kigundi.blogspot.com/2011/12/nouri-maliki-in-shadow-of-saddam.html) بە ناونیشانی «نوری المالکی لە سێبەری سەددام حسەین دا» ئاماژەم بەوە کرد کە کێشەی عێراق هێندەی کێشەی عێراق خۆیەتی، هێندە کێشەی نوری المالکی نیە. پێکهاتەی نەشیاوی عێراقی کۆن، ئەوسا تەنها بە سەددامێک دەڕۆشت بەڕێوە و ئەمڕۆ و دوای ئەوەی ڕووی دا ڕوی داوە، تەنانەت سەددامە کۆنەکەش زیندوو ببێتەوە ئەگەر چەند بارێک نالەبار تر نەبێت ناتوانێت وەک جاران عێراق ببات بەڕێوە. عێراق بۆ ئەوەی بە عێراقی بمێنێتەوە دەبێت کار لەسەر بەئەنجامدانی بە هەرێم بوونی بکرێت لەسەر بنەمایەکی دروست کە لایەنە کوردستانیەکان بە دەستخۆشیەوە لە دەستووری عێراقدا چەسپاندوینەو زۆرینەی عێراقیەکان دەنگیان لەسەر داوە. لەم پرۆسەیەدا خاوەن هەقەکان هەقی خۆیان دەبێت وەر بگرنەوە کە تێیدا ناوچە دابڕێنراوەکان لە هەرلایەک

بن، دەگەڕێنەوە بۆ خاوەنی ڕاستەقینەی خویان.

لە کوردستانی نوێی ژمارە ٥٦٥٣ بە ڕێکەوتی ٢٠١١/١٢/١٥، بەڕێز کاکە چێنەرعلی جۆلا بە مەبەستی وریا کردنەوەی کۆمەڵگای عێراقی کەوا کۆمەڵێک کێشە هەن کە دوارۆژ و هەبوون و نەبوونی عێراقیان پێوە بەندەو ڕۆژی ئەوە نییە کە پشت گوێ بخرێن، وتارێکی بڵاو کردۆتەوە کە جێگەی دەستخۆشیە. هەر وەها ئەم تەوژمە تازەیەی بەهەرێم بوونی پارێزگاکان گرنگی پێدراوە لە ڕۆژنامەکوردستانیەکاندا و بۆچوونەکان ئەوە دەچەسپێنن کە دەبێت هیچ نەکرێت هەتا ماددەی ١٤٠ جێبەجێ دەکرێت و ئەویش لە گێژاوی عێراقیە کۆنەکاندا ماوەیەکی زۆرە دەخولێتەوە و پێشکەوتنێکی وای بەخۆیەوە نەبینیوە کە دڵخۆشکەر بێت. بەڕێز کاک حسەین علی سەلیم لە ڕاپۆرتەکەیدا بە ناونیشانی «دروست بوونی هەرێمەکان لە عێراق و ئەرکی کورد» کە لە لاپەڕە سێی خەباتی ژمارە ٣٩٤٥ دا بە ژمارەوە نیشانی دەدات کە دەبێت پلانەکەی سەرۆک مام جەلال بۆ سەرلەنوێ نەخشەکێشانی پارێزگاکان ئەنجام بدرێت بۆ گەڕانەوەیان بۆ پێکهاتەی کۆنیان پێش دەست تێوەردانی سەددامی و ماددەی ١٤٠ بەتەواوی بچەسپێت ئەوسا بەهەرێم بوون دەست پێ بکات. ئەمانە گشتیان دروستن بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە هەر وەک لە دەستووردا هاتوە، هەر کە دەست بە پرۆسەی ڕاپرسیەکە کرا، پێویستە نیوەی دەنگدەران بەشدار بن و لەوانەش زۆرینەیان ڕەزامەند بن لە بەهەرێم بوونی پارێزگاکە.

بەو شێوازە، کورد لەوانەیە لە هیچ لە پارێزگا دراوسێکانماندا بڕیاردەر نەبێت نە لەدەستپێکردنی ڕاپرسیەکەو نە لە ئەنجامەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئێمە گشت ئەگەرەکان ڕەچاو بکەین و بۆ هەر یەکێکیان نەک تەنها پلانێک بەڵکو چەند پلانێکمان هەبێت و تەنها کار لەسەر یەک لەو پلانانە نەکەین بەڵکو بە تەریبی کار بۆ گشت پلانەکان بکەین هەتا بە گەیشتن بە مەبەستەکانمان دڵنیا تر بین.

لە یەکێک لە نوسراوەکانمدا کە لە کوردستانی نوێی ژمارە ٥٦٣٨، ٢٠١١/١١/٢٨، لاپەڕە ١١ بە ناونیشانی «بە هەرێم بوونی ناوچەکان: ڕێگەیەک بۆ چەسپاندنی ماددەی١٤٠» پێشنیاری ئەوەم کرد کە پێویستە بڕیاردەرانی کوردستان دوورەپەرێز نەوەستن لە شەپۆلی بەهەرێم کردنی ئەو پارێزگایانەی کە بەشێک لە ناوچەدابڕاوەکانیان تێدایە و لە نزیکەوە ئاگادار بن لە شێوازو ناوەرۆکی ڕاپرسیەکان و پرسیارەکانی بۆ ئەوەی کار بکرێت لە سەر پلانەکەی بەڕێزمام جەلال و ماددەی ١٤٠ و بە هەرێم بوون بە تەریبی و دەنگ و پشتگیری خۆی بخاتە گەڕ بۆ بەدەستهێنانی هاوسەنگی لە بەینی کۆمەڵگا جیاکانی پارێزگا و ناوچە مەبەستەکان.

لەم خشتانەی خوارەوەدا چەند زانیاریەک دەخەمە بەر دەست کە لە تازەترین پرۆسەی گەمارۆسازی خانووبەرەکاندا بەدەست هاتن هەتا خەمڵاندنی ڕێژەی بەشەجیاجیا کانی هەر لایەنێک لە هەریەکێک لە پارێزگا دراوسێکانمان لە زانیاری قەزا کانیانەوە ئاسان تر بەدەست بێت و سوودی هەبێت بۆ ڕاگرتنی پارسەنگی ڕامیاری و دەنگدان و لە بڕیاردان و سوود وەرگرتن لێیان لەم ساتە گرنگەی کۆمەڵگاکەماندا.

*** پرۆفیسوری ئامار**
**Jrmameen@glam.ac.uk**

| صلاح الدين | | |
|---|---|---|
| قەزا | دانیشتوان | ڕێژە |
| الفارس | 554426 | 40.5 |
| بلد | 162905 | 11.9 |
| توز | 117730 | 8.6 |
| شرقاط | 102671 | 7.5 |
| بيجي | 114992 | 8.4 |
| سامرا | 150585 | 11.0 |
| تكريت | 125944 | 9.2 |
| الدور | 39700 | 2.9 |
| کۆ | 1368953 | |

| نەینەوا | | |
|---|---|---|
| قەزا | دانیشتوان | ڕێژە |
| موسل | 1645186 | 0.576 |
| الحمدانيه | 79974 | 0.028 |
| تلكيف | 194223 | 0.068 |
| سنجار | 239923 | 0.084 |
| تلعفر | 388447 | 0.136 |
| شيخان | 51412 | 0.018 |
| حضر | 57125 | 0.020 |
| البعاج | 134243 | 0.047 |
| اكرى | 65693 | 0.023 |
| کۆ | 2856226 | |

| کرکوک | | |
|---|---|---|
| قەزا | دانیشتوان | ڕێژە |
| کرکوک | 894623 | 63.4 |
| داقوق | 117119 | 8.3 |
| دوبس | 62087 | 4.4 |
| حەویجە | 337247 | 23.9 |
| کۆ | 1411077 | |

| دیالە | | |
|---|---|---|
| قەزا | دانیشتوان | ڕێژە |
| بلدروز | 570850 | 40.1 |
| خالص | 291831 | 20.5 |
| بعقوبە | 123850 | 8.7 |
| کفری | 46978 | 3.3 |
| خانەقین | 163710 | 11.5 |
| مقدادیە | 226347 | 15.9 |
| کۆ | 1423567 | |

**پێویستە بڕیاردەرانی کوردستان دوورەپەرێز نەوەستن لە شەپۆلی بەهەرێم کردنی ئەو پارێزگایانەی کە بەشێك لە ناوچەدابڕاوەکانیان تێدایە و لە نزیکەوە ئاگادار بن لە شێوازو ناوەرۆکی ڕاپرسیەکان**

**ئەگەر پلانی A تووشی تەنگەژەبوو پلانی B مان هەبێت ئەگەر ئەویشیان کاری نەکرد پلانی C مان هەبێت. ئەمەو یان بە شێوازێکی تەریبی لە سەر چەند پلانێك کار بکەین کە هەر یەکێکیان بەشێوازێکی تایبەت بەرەو هەمان مەبەست دەمان بات**

# ڕۆژنامەگەری ئازاد و جددی
# وزەی کۆمەڵگەیە بۆ پاراستنی دیموکراتی

## پێویستە حکومەت بەردەوام هاوکاری بکات





((بیســـەران و بینەران و خوێنەران. موشـــتەری نین لەبـــازاڕدا هەتا وشـــەیان وەك كەلوپەل بۆ نمایش بكرێت، بەڵكو ئەوان هاووڵاتین و مافیان لەڕۆشـــنبیری و چاودێری كردنی گۆڕانكارییە سیاسییەكان هەیەو مافی خۆیانە بەشدار بن لەپیشەسازی دروستكردنی ڕاو بۆچوونەكاندا، لەبەر ئەوە پێویستە پارێزگاری بەسەرچاوەی زانیارییە میللیەكان بكرێت و گرێنەدرێتەوە بەبزنسمان و وەبەرهێنان و كەرتی ڕێكلامەوە.. ڕۆژنامەگەری جددی لەبواری بەردەوامی گەیاندنی سیاســیدا(Political communication) ڕۆڵێكی كاریگەر و سەنتراڵی هەیە و تەنانەت بوارەكانی دیكەش وەك ڕادیۆ و تەلەفزیـــۆن پێوەندی بەو چوارچێوەیەوە هەیە، هەربۆیە ئەگەر هۆیەكانی ڕاگەیاندن بكەونە دەستی وەبەرهێن و بزنسمانەكان، ئەوا ملكەچی بنەمای دیكـــە دەبن، نەك ئـــەو بنەمایانەی كە ڕۆژنامەگەری جددی لەســـەری بەڕێوە دەچێت، لەم حاڵەتەشـــدا بیركردنەوە لەقازانجی وشـــە ئاراســـتەی ڕۆژنامەگەری حەســـم دەكات نەك هەواڵی بابەتی، ئەمەش مانای ئەوەیە ئازادی ڕۆژنامەگەری و مافی هاووڵاتی بۆ زانینی هەواڵی ڕاست لەبار دەبرێت و ڕۆژنامەگەریش ڕەهەندە ڕەخنەییەكەی خۆی ون دەكات كە هیچ بەدیلێكی نییە.. هەربۆیە لەپێناوی ڕووبەڕووبوونەوەی نەزعەی پۆپۆلیستی و نەخۆشـــیە ئایدۆلۆژییەكان كـــە لەیەكێك لەقۆناخەكانـــدا ڕووبەڕووی كۆمەڵگەكەمان دەبێتە، ئەوا بەبێ بوونی ڕۆژنامەگەری ئازاد و جددی و ڕەخنەیی، دیموكراتی لاواز دەبێت و تەنانەت توانای بەرگری لەخۆكردنیشی نامێنێـــت، كەواتە هەر بۆ نموونە ئەگەر دەوڵەت بتوانێت لەكاتی تەنگژەی دابینەكردنی وزەدا دەســـت لەكۆمەڵگە وەربدات، ئەوا پێویستە لەسەری بۆ هاریكاری ڕۆژنامەگەری جددی بەردەوام دەستێوەردان بكات، لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەگـــەری جددیش وزەیەكی ژیارییە بـــۆ هاووڵاتیان و نەمانی ئەم وزەیە كاریگەری سلبی زۆر گەورەی لەسەر دیموكراتی دەبێت)).

یۆرگن هابرماس

کێشەی سەرەکی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بونیادی ژێرخانی میدیای جددی و ئازادە، هەربۆیە کاتێك کۆمەڵگە دەست دەکات بەپرۆسەی بونیادی دیموکراتی و دابینکردنی ئازادییەکان، بەئازادی رادەربرینیشەوە، ئەوا لەبەر ئەوەی لەزۆربەی ئەو کۆمەڵگەیانەی بەم قۆناخی ئینتیقالییە تێدەپەڕن بونیادی ژێرخانی میدیای ئازاد فەرامۆش دەکەن و راستەوخۆ وەك مۆدیلی رۆژئاوا بەبازاڕی دەسپێرن و دەیخەنە بەر کاریگەری پشتگیری رێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان و پشت بەستن بەداهاتی رێکلام و هاریکاری کۆمپانیا و بزنسمانەکان، لەهەمانکاتیشدا وەك وڵاتی خۆمان ژمارەیەکی هێجگار زۆر میدیای حزبی بوونی هەیە، بۆیە وەك پرۆ فیسۆر کارۆل جاکۆبیز پسپۆری نێودەوڵەتی پەخش و ئەندامی لیژنەی میدیای سەربەخۆ لەکۆسۆڤۆ لەتوێژینەوەیەکدا بەناونیشانی (پەرەپێدانی میدیا لەکۆمەڵگەکانی

**ئەگەر هۆیەکانی راگەیاندن بکەونە دەستی وەبەرهێن و بزنسمانەکان، ئەوا ملکەچی بنەمای دیکە دەبن، نەك ئەو بنەمایانەی کە رۆژنامەگەری جددی لەسەری بەرێوە دەچێت**

پۆست کۆمونیست) ئاماژەی پێکردووە، (لەو قۆناخەی ئەو کۆمەڵگەیانەی پێیدا تێپەڕدەبیت ئازادی رۆژنامەگەری هەم ئۆکسجینی دیموکراتی بەرهەم دەهێنێت و هەمیش گازی پێکەنین هێن(Laughing Gas) کە دەبێتە هۆکارێك بۆ کات بەسەر بردن و ئیستیغلالی بازرگانی)، ئەمەش مانای ئەوەیە هەوڵدان بۆ کۆپیکردنەوەی شێوازی رۆژنامەگەری ئازادی وڵاتانی دیموکراتی رۆژئاوا بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، ئەگەر لەرووییەکەوە هۆکاربێت بۆ پشتگیری بونیادی دیموکراتی، ئەوا بەرووەکەی دیکەیدا هۆکارێکە بۆ دروستکردنی ئاستەنگ بۆ بونیادی دیموکراتی، ئەمە لەگەڵ ئەوەی بۆ دیموکراتیەکانی رۆژئاواش سیاسەتی پشت بەستن بەبازاڕ وەك بزنس بۆ بونیادی ژێرخانی میدیای کاریگەر وەك بیرمەندی هاوچەرخ یۆرگن هابرماس ئاماژەی پێدەکات، دیسان کارێکی مەترسیدارە و میدیا ناچار دەکات هێندەی بایەخ بەقازانجی وشە بدات، هێندە بایەخ لەهەواڵی بابەتی و لایەنی هۆشیاری کۆمەڵگە نەدات، هەربۆیە لەم راستەوە هەڵوەستە کردن لەسەر ئاستەنگەکانی بەردەم رۆژنامەگەری ئازا و جددی و رەخنەیی، وەك رامانێك لەم دێرانە ئاماژەی پێکراوە بۆ ئەوەی ئەو پرسیارە بوروژێنێت ئایا چۆن ئەو ئاستەنگانە لابەرین و رۆژنامەگەر بکەینەوە بەو توخمە کاریگەرەی وەك تۆماس جیفرسۆن دەڵێت: (ئەگەر سەرپشك بکرێم لەنێوان رۆژنامەگەری ئازاد و پەرلەمانی ئازاددا، ئەوا من رۆژنامەگەری ئازاد هەڵدەبژێرم)؟ لەوانەیە هەندێك یان راشکاوانەتر بەرپرسانی دامەزراوەکانی دەوڵەت لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو یان قۆناخی ئینتیقالی، ئاستەنگەکانی بەردەم رۆژنامەگەری جددی و ئازا و رەخنەیی، بخەنە ئەستۆی خودی رۆژنامەنووسان و بیانەوێت بەوجۆرە رای گشتی ئاراستە بکەن، کە رۆژنامەنووسانی ئەو وڵاتانە لەو ئاستەدا نین کە بتوانن رۆژنامەگەری لەو شێوەیە هەڵبسورێنن یان بتوانن بەشێوەیەکی بەرپرسانە بایەخ بەهەواڵی بابەتی بدەن، تەنیا خەمیان ئەوەیە بازرگانی بە وشەوە بکەن و چاویان لەقازانجی وشە بێت، سەبارەت بەم بۆچوونە کە بەشێوەیەکی زمنی لەهەڵوێستی دامەزراوە دەوڵەتیەکانی قۆناخی ئینتیقالی زۆربەی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو(کە وڵاتی ئێمەش بەشێکە لەوان) دەخوێنینەوە، چاودێری بێلایەن دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە بڵێت دەسەڵاتی سیاسیی(دامەزراوە گشتیەکانی دەوڵەت) پێویستی بەوە نییە کە رۆژنامەگەری ئازاد و جددی و رەخنەیی بوونی هەبێتن، بێگومان کە دەڵێین دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت، هەموو بەشدارانی دامەزراوە گشتیەکانی دەوڵەت دەڵێن کە بریتن لەدەسەڵاتەکانی (یاسادانان، بەرێوەبردن، دادوەری) لەم حاڵەتەشدا هیچ حزبێکی سیاسیی(فەرمانڕەوا بێت یان ئۆپۆزسیۆن) ناکەوێتە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسیی دامەزراوەکانی دەوڵەت، راشکاوانەتر واتە حزبە سیاسییەکان بەئۆپۆزسیۆن و فەرمانڕەواوە لەبەرژەوەندیان نابێت ئەو جۆرە ماس میدیایە بوونی هەبێت،

**ئەرکی سەرشانی دامەزراوەکانی دەوڵەتە کە هەوڵەکانی لەپرۆسەی دیموکراتی هەموو ژێرخانەکانی ئەو توخمانە بگرێتەوە کە دەبنە کۆڵەگە بۆ ئەوەی سیستەمە دیموکراتیەکە رابگرێت**


هەربۆیە لەسەر هەموو شتێك پێدادەگرن لەسەر هاوکاری حکومەت بۆ بونیادی ژێرخانی میدیای ئازا و سەربەخۆ و جددی و رەخنەیی پێداناگرن، یان ئەگەر پێش دابگرن لەچوارچێوەی بەرژەوەندی سیاسیی حزبەکانیان زیاتر نابێت.

### بونیادی ژێرخانی رۆژنامەگەری بەشێکە لەپرۆسەی بونیادی دیموکراتی

ئەگەر پرۆسەی بونیادی دیموکراتی لەسەر هەردوو ئاستی سیاسیی و ئابووری هەڵبسەنگێنین، ئەوا لەسەر ئاستی سیاسیی، دیموکراتی بریتییە لەدابینکردنی ئازادییەکان بەئازادی رادەبرین و ئازادی رۆژنامەگەریشەوە، لەسەر ئاستی ئابووریش واتە رێکخستنی ئابووری لەسەر بنەمای ململانێی بازاڕ و دابینکردنی هەل و دەرفەتی یەکسان لەبەردەمی هەمووان، بەڵام لەسەر هەردوو ئاستی سیاسیی و ئابووری، پرۆسەی بونیادی دیموکراتی کە لەهەندێك وڵاتدا پێی دەگوترێت پرۆسەی بونیادی نەتەوە یان پرۆسەی بونیادی دەوڵەت، پێویستی بەبونیاد و رێکخستنەوەی ژێرخانی وڵات هەیە بۆ ئەوەی ئەو توخمانەی دەبنە فاکتەری پرۆسەی بونیادی دیموکراتی تەفاعول لەگەڵ یەك بکەن و بەشێوەیەکی هاوسەنگ پرۆسەکە بچێتە پێشەوە بۆئەوەی بەسەرکەتوویی ئەو قۆناخە تێپەڕێنرێت، کەواتە ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێدەڵێت، ئەرکی سەرشانی دامەزراوەکانی دەوڵەتە کە هەوڵەکانی لەپرۆسەی دیموکراتی هەموو ژێرخانەکانی ئەو توخمانە بگرێتەوە کە دەبنە کۆڵەگە بۆ ئەوەی سیستەمە دیموکراتیەکە رابگرێت، کە پێش هەموویان جیاکردنەوەی بوارە گشتیەکانە کە دامەزراوە گشتییەکانی دەوڵەت دەگرێتەوە، هەروەها بوارە تایبەتەکانە کە خواستی تاك و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەڵام جیاکردنەوەی ئەم دوو بوارە بەو مانایە نییە ئیدی پێك نەگەن و تەفاعول

لەگەڵ یەك نەکەنەوە، بەڵکو هەردوو بواری گشـــتی و تایبەتی لەبازنەیەکی فراواندا یەکدەگرنەوە و پێکەوە موناقەشـــە دەکەن و دەگەنە لێکتێگەشتنێکی هاوبەش، ئەم بازنە فراوانە هابرماس ناوی لێناوە ئەتمۆسفیری گشـــتی (Public Sphere)، لـــەم ئەتمۆسفیرەدا هۆیەکانی ڕاگەیاند ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن بۆ دروستکردنی کارلێکی نێوان بواری و گشـــتی و بواری تایبەتدا بۆ ئەوەی لەســـەر بنەمای لێکتێگەیشتن ڕای گشتی وەك ڕاســـتیەك دروست بێت و ئەم ڕای گشـــتیە ببێتە بنەمای بڕیار دروســـتکردن لەدەوڵەتـــدا، ئەمەش مانای ئەوەیە تاکەکانی کۆمەڵگە و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی موناقەشـــە لەگەڵ دامەزراوە گشتییەکانی دەوڵەت دەکەن بۆ ئەوەی بگەنە حاڵەتی لێکتێگەیشـــتن بۆ چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو ئیمکانییەتانەی لەکۆمەڵگەهەیـــە بـــۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵگـــە و ئەو ئیمکانییەتانەی لەبەر دەستن بۆ چۆنییەتی چارەســـەرکردنی کێشـــەکان، سەبارەت بەم لایەنە هێربەرت مارکۆز لەکتێبی (مرۆڤی تاك ڕەهەند) ئاماژە بەوە دەکات، مەسەلەکە ئەوەنییە کە کۆمەڵگەیەك لەکۆمەڵگەیەکی دیکـــە دەوڵەمەنترە یان هـــەژار ترە، نەخێر مەسەلەکە ئەو ئیمکانییەتە کە لەکۆمەڵگەدا هەیەو هەموو کۆمەڵگەیەکیش ئیمکانییەتی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە پێشـــکەوتنی کۆمەڵگە پەیوەستە بەچۆنییەتی هەڵسوڕان و ڕێکخســـتنی ئەو ئیمکانییەتانە، ئەگەر لەم حاڵەتە سەرکەتوو بوون، ئەوا کۆمەڵگەیە بەرەو کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەگەر سەرکەتووش نەبوون، ئەوا کۆمەڵگە بەرەو تەنگژە هەنگاو هەڵدەگرێت، کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت بۆ ئەوەی بتوانین کۆمەڵگـــە بـــەرەو کۆمەڵگەیەکی خۆش گـــوزەران بەرین، پێویســـتە تیۆری ڕەخنە ببێتە تیـــۆری کۆمەڵگە، بەڵام پرســـیار لێرەدا لەســـەر ئەوە دەکرێت ئایا مەبەســـت لەتیـــۆری ڕەخنە چییە؟ بێگومان تیۆری ڕەخنە واتە پیشاندانی کەموکورتیەکان بۆ چارەسەرکردن، بەڵام پرسیاری دیکە ئەوەیە چارەســـەرکردنی بەچ شێوازێك؟ بێگومان بەشـــێوازی دروســـتکردنی لێکتێگەیشتن لەنێـــوان دامـــەزراوە گشـــتییەکان و تاك و کۆمەڵگـــەی مەدەنی، نـــەك یەکتری ڕەتکردنەوە یان ڕەتکردنەوەی سیســـتمەکە، بەڵام پرسیاری لەهەمووان گرنگتر ئەوەیە چ شـــتێك ئەم لێکتێگەیشـــتنە دروســـت دەکات، بێگومـــان هۆیەکانی ڕاگەیاندن و بوونی ڕۆشنبیرانە بەشێوەیەکی پراکتیکی لەناو

**گرنگە لەنێوان ڕۆژنامەنووسان و بەرپرسانی حکومەتدا، تێگەیشتن هەبێت لەسەر بازرگانییەك کە پێشوەختە دەزانرێت زەرەر دەکات و پێویستیشە بۆ کۆمەڵگە**





ئەتمۆسفیری گشتیدا و، ئامێری دەستی ماس میدیا و ڕۆشنبیرانیش بۆ دروستبوونی ئەم لێکتێگەیشتنە زمانە، بێگومان زمان وەك هۆكارێك بۆ لێكتێگەیشتن نەك زمان خۆی ئامانج بێت، ئەمەش واتە بەكارهێنانی زمان بۆ تێگەیشتنێكی ئەقڵانی. ئەم تێگەیشتنە ئەقڵانییەش لەسەر بنەمای زانیاری ڕاست و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی دروست دەبێت كە تیایدا تاكەكان و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوەكانی دەوڵەت دەگەنە تێگەیشتنێكی هاوبەش، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە ئەو مافە لەتاك زەوت نەكرێت كە بەشدارییەكی كاریگەرانەی لەپیشەسازی دروستكردنی ڕای گشتیدا لەسەر بنەمای لێكتێگەیشتن هەبێت.

ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ كاریگەری ماس میدیا لەدروستكردنی بەردەوامی دیالۆگی سیاسیی لەنێوان دامەزراوە گشتییەكان و تاك و ڕێكخراوەكانی مەدەنی، ئەوا ماس میدیا ناتوانێت ئەو ڕۆڵە گرنگە ڕەخنەییە بگێڕێت و بەردەوامی بەو دیالۆگە سیاسییە بدات ئەگەر سەربەخۆ نەبێت، ئەم سەربەخۆییەی سیستمی میدیاش لەكۆمەڵگە پێویستە خۆ ڕێكخستنێكی خودی (self-regulation) بێت، ئەم خۆ ڕێكخستنە

**پێش ئەوەی سەرۆكی حكومەتی كابینەی حەوتەم دەست بەجێبەجێكردنی بەرنامەكانی خۆی بكات، پێویستە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان لەسەر چەمكی (حكومەتی خەڵك) لێكتێگەیشتن دروست بكات**

خودیەی سیستمی میدیا پێویستی بەوە هەیە كە هۆیەكانی ڕاگەیاندن ناچار نەبن تەنیا لەسەر بنەمای داهاتی ڕێكلام و قازانجی وشە ئیش بكەن و تەنیا ئامانجیان ئەوە بێت وشەكانیان لەبازاڕدا بفرۆشریت و حساب بۆ ئەو ئەركە گرنگە نەكەن لەو قۆناخە كە لەسەر شانیانە، هەربۆ نموونە سەبارەت بەسیاسەتی كاری وەبەرهێن و بزنسمانەكانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا یەكێك لەتوێژینەوەكان ئاماژە بەوە دەكات، كە هیچ بزنسمان و كۆمپانیایەك پرۆژەیەك جێبەجێ ناكات ئەگەر ڕێژەی قازانجی (٪١٠-١٥) كەمتر بێت، بەڵام هەر ئەو توێژینەوەیە ئاماژە بەوە دەكات، باشترین كۆمپانیای ڕاگەیاندن ڕێژەی قازانجی (٪٣-٤) تێپەڕ ناكات، بۆیە پرسیار ئەوەیە چۆن بزنسمانێك یان كۆمپانیایەك پرۆژەیەكی ڕاگەیاندن بەڕێوە دەبات سیاسەتی خۆی ڕەنگدانەوەی لەناو ئەو پرۆژەیە نەبێت، ئەگەر ئەم نموونەیە لەسەر وڵاتی خۆمان پیادە بكەین و لەگەڵ كۆمپانیاكانی كوردستان بەراوردی بكەین، كە ئەوان ناچنە هیچ پرۆژەیەكەوە، ئەگەر (٪١٠٠)ی قازانجی نەبێت، پرسیار ئەوەیە چۆن خۆیان دەخەنە ناو پرۆژەیەكی كاری ڕاگەیاندنەوە كە ڕێژەی قازانجی (٠-١٪) و جاری واش هەیە زەرەر دەكات؟ ئایا دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بەوە بدەینەوە كۆمپانیاكانی كوردستان نیشتمانین و لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی ئەم كارە دەكەن؟ بێگومان خراپی جێبەجێكردنی پرۆژەكانی خزمەتگوزاری و پرۆژەكانی نیشتەجێكردن پێمان دەڵێن، كۆمپانیاكانی كوردستان نەك بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو ناگرن، بەڵكو بەرژەوەندی گشتیان كردۆتە پەردەیەك بۆ ئەوەی لەژێریا زیاتر دەوڵەمەند بن.

كەواتە لەبەر ڕۆشنایی ئەم واقیعەی ئێستا وڵاتی ئێمەی پێدا تێدەپەڕێت، پرسیارێكی گرنگ ڕووبەڕووی حكومەت دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە، ئایا كۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بەڕۆژنامەگەری جددی و ئازا و ڕەخنەیی هەیە؟ بێگومان لەگەڵ پێشوەختە ئەو وەڵامە دەزانرێت كە پرسیارێكی دیكە لەڕۆژنامەنووسان دەكرێت: (كێ ڕێگەی لێگرتوون بۆئەوەی ڕۆژنامەگەری جددی و ئازا و ڕەخنەیی بونیاد بنێن؟) لەوەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە ڕۆژنامەنووسان لەنێو ئەتمۆسفیری گشتیدا كە شوێنی ڕاستەقینەی كارلێكی نێوان بواری گشتی و تایبەتە، حكومەت بانگێشتی

**بۆ ئەوەی بتوانین كۆمەڵگە بەرەو كۆمەڵگەیەكی خۆش گوزەران بەرین، پێویستە تیۆری ڕەخنە ببێتە تیۆری كۆمەڵگە**



لێکتێگەیشتن بۆ ماناى (ڕۆژنامەگەری ئازا و جددی و ڕەخنەیی) بکات، بەواتایەکی دیکە پێویستە ڕۆژنامەنووسان و حکومەت لەسەر ئەم چەمکە لەیەکتری تێبگەن و بزانن کە هاووڵاتیان تەنیا کریارِ نین لەبازارەکاندا و ڕۆژنامەنووسانیش فرۆشیاری زانیاریەکان نین، هەر چۆن بۆیان بفرۆشرێت بازرگانی پێوە بکەن، بەڵکو ئەو خاڵەی کە گرنگە هەردوولا لەسەری لێکتێگەیشتن دروست بکەن ئەوەیە، ئەگەر ڕۆژنامەگەری بزنس بێت یان بازرگانی، بزنس و بازرگانییەکی قازانج بەخش نییە، بەڵکو بزنس و بازرگانییەکە کە لەبازرگانییەکە زەرەر دەکات نەك قازانج، بۆیە گرنگە لەنێوان ڕۆژنامەنووسان و بەرپرسانی حکومەتدا، تێگەیشتن هەبێت

**حکومەت ئەو کاتە دەبێتە حکومەتی خەڵك، کە خەڵك و حکومەت لەئەتمۆسفیری گشتی کۆمەڵگەدا بەیەك بگەن و لێکتێبگەن**

لەسەر بازرگانییەك کە پێشوەختە دەزانرێت زەرەر دەکات و پێویستیشە بۆ کۆمەڵگە.

**میدیا وەك بزنسێك کە قازانجی نییە**

بۆ ئەوەی ماس میدیا تەنیا ملکەچی ئیتیکی ڕۆژنامەگەری و یاسای ڕۆژنامەگەری بێت، نەك ملکەچی یاسای بازارِ کە لەباشترین یاساکانی بازارِ لەسەر بنەمای ململانێی و خستەڕوو و داوایە، ئەوا دەبێت تێگەیشتنێك لەسەر دوو ئاست لەنێوان حکومەت و ڕۆژنامەنووس و میدیاکاراندا هەبێت:

١- ئەگەر میدیا بەمانای سەربەخۆ بوون و پشت بەخۆ بەستن پێی بگوترێت بزنس یان بازرگانی، ئەوا ئەم بزنس و بازرگانییە بەتایبەتی بۆ وڵاتێکی وەك وڵاتی ئێمە قابیلی قازانج نییە و زەرەر دەکات.

٢- پێویستە ئەم بازرگانییە کە بەتایبەتی بۆ وڵاتی ئێمە و هاوشێوەی ئێمە پێشوەختە دەزانرێت زەرەر دەکات، دەبێت بازرگانییەکی سەربەخۆ بێت. ئەم بازرگانییە زەرەرمەندەش وەك ئۆکسجین بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی پێویستە.

ئەگەر ڕۆژنامەنووسان لەسەر ئەم دوو خاڵە لەگەڵ حکومەت توانییان بگەنە لێکتێگەیشتن بەوەی پێویستە لایەنێك هەبێت قەرەبووی زەرەری ئەم بازرگانییە پێویستە بکاتەوە، ئەوا قۆناخی دووەم بەوە دەست پێدەکات، کە بنەما یان ژێرخانی ئەم بازرگانییە(ڕۆژنامەگەری جددی و ڕەخنەیی) سەرلەنوێ بونیاد بنرێتەوە، بەڵام بنەمای ئەم بونیادنانەوەیە یاسایەك بێت کە بەرەنجامی لێکتێگەیشتنی نێوان حکومەت و ڕۆژنامەنووسان بێت، بۆ ئەوەی دواتر کە ئەم ژێرخانە لەسەر ئەم یاسایە ڕێکدەخرێتەوە، هەردوولا (حکومەت و ڕۆژنامەنووسان) بەپێی ئەو یاسایە پێوەندی نێوانیان ڕێکبخرێت نەك شێوازی بارودۆخی نێوانیان، هەربۆنموونە ئەگەر کاری ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ بەرژەوەندی حکومەت یەکیگرتەوە، ئەوا پێوەندییەکە بەردەوام بێت، ئەگەر یەکی نەگرتەوە پێوەندییەکە بپچڕێت یان ئەو کەناڵە ڕۆژنامەوانیانەی بەپێی ئەو لێکتێگەیشتنە دامەزراون دابخرێت، ئەم خستنە ڕووە کە دەکرێت ناوی لێبنرێت پێشنیار، لەوانەیە لای هەندێك تەنیا وەك خستنەڕوویەکی تیۆری سەیر بکرێت و پێیان وابێت لەبواری پیادەکردندا سەرکەتوو نابێت، بەڵام ئەم نووسینە لەیەك حاڵەتدا ئاسۆیەك بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە بەدی دەکات، ئەو ئاسۆیەش ئەوەیە، ئەگەر لەگەڵ دەسپێکی ساڵی نوێ کابینەی

**زانیاری ڕاست یان پیشاندانی ڕێگە چارە لەمیانەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەگەری و نووسینی نووسەران و ڕۆشنبیران بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئامانج لێی دژایەتیکردنی حکومەت یان بەرەی ئۆپۆزسیۆن نییە**

حەوتەمی هەرێمی کوردستان ڕابگەیەنرێت و سەرۆکی کابینەکەش نێچیرڤان بارزانی بێت، وەك سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانیش ئاماژەی پێکرد دەمانەوێت کابینەی حەوتەم حکومەتی خەڵك بێت، ئەوا دەکرێت ژمارەیەك ڕۆژنامەنووس وەك نوێنەری ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەگشتی و ئامادەباش بۆ بونیادی ڕۆژنامەگەری جددی و ئازا و ڕەخنەیی لەگەڵ نێچیرڤان



موناقەشەکردن لەسەر (حکومەتی خەڵك)، بنەمای کۆبوونەوەکەش بۆ تێگەیشتن بێت لەسەر ئەوەی کە (حکومەتی خەڵك) بەبێ بوونی ڕۆژنامەگەری جددی بوونی نابێت، بەواتایەکی دیکە پێش ئەوەی سەرۆکی حکومەتی کابینەی حەوتەم دەست بەجێبەجێکردنی بەرنامەکانی خۆی بکات، پێویستە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان لەسەر چەمکی (حکومەتی خەڵك) لێکتێگەیشتن دروست بکات، تێگەیشتنی نێوان ڕۆژنامەنووسان و نێچیرڤانی بارزانی لەسەر ئەم پرسە پێویستی بەرەچاو کردنی ئەم خاڵانە هەیە:

١- حکومەت ئەو کاتە دەبێتە حکومەتی خەڵك، کە خەڵك و حکومەت لەئەتمۆسفیری گشتی کۆمەڵگەدا بەیەك بگەن و لێکتێبگەن.

٢- تێگەیشتنی نێوان خەڵك و حکومەت پێویستی بەزانیاری ڕاستە کە لەهەواڵ و ڕیپۆرت و ڕیپۆرتاژە بابەتییەکان و نووسینی

**ئەگەر میدیا بەمانای سەربەخۆ بوون و پشت بەخۆ بەستن پێی بگوترێت بزنس یان بازرگانی، ئەوا ئەم بزنس و بازرگانییە بەتایبەتی بۆ وڵاتێکی وەك وڵاتی ئێمە قابیلی قازانج نییە و زەرەر دەکات**

نووسەران و ڕۆژنامەنووسان لەسەر لاپەرەی ڕۆژنامەکان و لەهۆیەکانی ڕاگەیاندنی دیکەوە دەیخوێنینەوە و دەیبیستین و دەیبینین. لەم خاڵەدا پێویستە ڕۆژنامە یان هۆیەکانی ڕاگەیاندن وەك زانیاری پێویست بۆ کۆمەڵگە سەیری زانیارییەکان بکەن و وەك خۆی بیگوزانەوە بۆ ناو ڕای گشتی، نەك هەوڵبدەن بەزانیارییەکان کەلوپەلێك دروست بکەن و لەبازاڕدا ساخی بکەنەوە، یان بەجۆرێك بیکەن بەکەلوپەل کە لایەنێك قەرەبووی زیانەکانیان بۆ بکاتەوە.

٣- زانیاری ڕاست یان پیشاندانی ڕێگە چارە لەمیانەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەگەری و نووسینی نووسەران و ڕۆشنبیران بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئامانج لێی



دژایەتیکردنی حکومەت یان بەرەی ئۆپۆزسیۆن نییە، بەڵکو زانیارییەکان کەرەستەن بۆ تێڕامان و بیرکردنەوە و تێگەیشتن و پاشان ئەم بیرکردنەوەو تێگەیشتنە یەک لایەنانە لەئەتمۆسفیری

**ڕۆژنامەگەری جددی و ئازا و ڕەخنەیی نابێتە لایەنگیری ئۆپۆزسیۆن و دژایەتی حکومەت ناکات. بەڵکو لەناو ئەتمۆسفیری گشتیدا لێپرسینەوە لەگەڵ هەردووکیان دەکات**

گشتی پێکەوە موناقەشە دەکەن بۆ ئەوەی تێگەیشتنی هاوبەش بۆ چارەسەری کێشەکان دروست بێت.

٤- ڕۆژنامەگەری جددی و ئازا و ڕەخنەیی نابێتە لایەنگیری ئۆپۆزسیۆن و دژایەتی حکومەت ناکات، بەڵکو لەناو ئەتمۆسفیری گشتیدا لێپرسینەوە لەگەڵ هەردووکیان دەکات، بۆ ئەوەی دیالۆگی سیاسیی نێوان خەڵك و ئۆپۆزسیۆن و خەڵك لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن و حکومەت بەردەوام بێت، ئەم بەردەوامیە لەبەشداری سیاسیی بەرەو ئەوەمان دەبات کەلتوری دیموکراتی بەردەوام گەشە بکات، هەموو کات کۆمەڵگە لەنەخۆشیە ئایدۆلۆژییە هەمە چەشنەکان بپارێزین.

٥- لەوانەیە هەندێك بڵێن ئایا ئەتمۆسفیری گشتی جێگەی پەرلەمان ناگرێتەوە، لەکاتێکدا ناو تەلاری پەرلەمان شوێنی موناقەشەی نوێنەرانی گەلە، لەوەڵامی ئەمەدا بیری هاوچەرخ دەڵێت، ئەتمۆسفیری گشتی تەنیا بۆ لێپرسینەوە نییە لەگەڵ حکومەت، بەڵکو لێپرسینەوەیە لە ئۆپۆزسیۆنیش، هەر بۆ نموونە حزبێکی ئۆپۆزسیۆن لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەڵێنی ئەوەی داوە کە ئامانجی یەکسانی و دادپەروەرییە، بەڵام لەناو هۆڵی پەرلەماندا دژی یەکسانی ژن و پیاو دەنگ دەدات، بۆیە گرنگە لەئەتمۆسفیری گشتیدا ئەو حزبە ئۆپۆزسیۆنە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت.

### پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان حکومەت و ڕۆژنامەگەری جددی

پشتگوێ خستنی بواری ڕۆژنامەگەری بەبیانووی ئەوەی حکومەت دەست لەو بوارە وەرنادات و بڕوای بەئازادی ڕۆژنامەگەری هەیە، بۆتە هۆکاری ئەوەی بۆشاییەکی گەورە لەنێوان ڕۆژنامەگەری جددی و حکومەت دروست بێت، بەڵام بەرژەوەندی دیموکراتی لەم قۆناخە وا پێویست دەکات چیدیکە ئەو بۆشاییە درێژەی نەبێت، بێگومان پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەش پێویستی بەتێگەیشتنی دوولایەنە هەیە بەمانای تەفاهوم نەك سوڵح، لەبەر ئەوەی تێگەیشتن بەمانای (تەفاهوم) واتە دەبێت حکومەت لەو ڕاستیە تێبگات کە بەبێ ڕۆژنامەگەری جددی و ڕەخنەیی پرۆسەی دیموکراتی بوونی نییە، هەروەها دەبێت ڕۆژنامەنووسانیش لەو ڕاستیە

**پشتگوێ خستنی بواری ڕۆژنامەگەری بەبیانووی ئەوەی حکومەت دەست لەو بوارە وەرنادات و بڕوای بەئازادی ڕۆژنامەگەری هەیە، بۆتە هۆکاری ئەوەی بۆشاییەکی گەورە لەنێوان ڕۆژنامەگەری جددی و حکومەت دروست بێت**

تێبگەن کە مانای ڕەخنە واتە خستنەڕووی کەموکورییەکان و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئەو کەموکورتیانە بەرێگەی لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵك و حکومەت، نەك ڕەتکردنەوە، لەبەر ئەوەی تەنیا خەڵك بۆیان هەیە حکومەت ڕەتبکەنەوە و تەنیا خەڵك بۆیان هەیە شەرعیەت بەحکومەت بدەن، بۆیە ئەم حکومەتە کە شەرعیەتی لەخەڵك وەرگرتووە، دەبێت هەتا ماوەی یاسایی ئەم حکومەتە تەواو دەبێت و هەڵبژادنێکی نوێ دەکرێتەوە، ڕۆژنامەگەری ناوەندێك بێت بۆ لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵك و حکومەت، نەك بۆ کەڵەکەبوونی کەموکورتیەکان و چارەسەر نەکردنیان، لایەنێکی دیکەی بۆشایی نێوان حکومەت و ڕۆژنامەگەری بۆتە هۆی لاواز کردنی کەڵچەری دیموکراتی یان بەلاڕێدا بردنی ئەو کەڵچەرە، ئەمەش مانای ئەوەیە لەبری ئەوەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کەڵچەری جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و بۆشایی نێوان خەڵك و حکومەت کەمبکرێتەوە، بەڵام بەپێچەوانەیە، لایەنێکی دیکەی بۆشایی نێوان حکومەت و ڕۆژنامەگەری، فەرامۆشکردنی بازاڕ و پرۆژەکانی کەرتی تایبەتە لەلایەن ڕۆژنامەگەرییەوە وەك خەمی خەڵك فەرامۆشکراوە و، لەمەش خراپتر کەرتی تایبەت لەهەمەوو کەموکورتیەك بێ بەری کراوە، ئەمە لەکاتێکدا پێویستە ڕۆژنامەگەری جددی ڕەخنە لەهەموو ئەو کۆمپانیانەی کەرتی تایبەت بگرێت کە کارەکانیان هەمووی کەموکورتیە نەك بەشێکی، هەروەها ڕەخنە لەو حکومەتەش بگرن کە لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کۆمپانیانە ناکەن، بۆیە ئەگەر ئەو بۆشاییە پڕ بکرێتەوە، ئەوا ڕۆژنامەگەری ئازاد بەخستنەڕووی زانیارییەکان بۆ خەڵك و بەتێگەیشتن لەگەڵ حکومەت دەتوانن بەشێکی زۆری هاوکێشەکە ڕاست بکەنەوە.

# وەرچەرخانە وەزیفییەکان لە بواری سیاسیدا
# ڕامانێک سەبارەت بە هابرماس



دکتۆر شێرزاد نەجار
تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

ژمارە (٨٦١) ٢٠١٢/١/٢

**(٢ــ٣)**

**کاتێک مرۆڤ شتێک بەرهەم دێنێت(ئازایەتی و زیرەکی و فەزیلەت) دەبنە بەربەستێک لەبەردەم ئەو چالاکیانەی وردەکاری و کارایی و خێراییان گەرەکە**

هەر بەرگریکردنێك لە شـتگەلی سیاسی و یەکەو ئۆرگانەکانی بواری سیاسەت لە دژی دەستێوەردانی ئابووری و کارگێڕی و کۆمەڵایەتی، بۆ خۆی ئەوە بابەتێکە کـە لەلایەن فەیلەسـوفی ئەڵمانیایی هانا ئارندێت HannaArendt 1906-1975 بەشـێوازێکی سـەرکەوتووانە تەبەننا کـراوە، بەتایبەتیش لە دوای دووەمین جەنگـی جیهانییەوەو لە پـاش داڕوخانی نازییەتەوە، لەو کاتانەیدا کە ئارندێت کتێبە ناسراوەکەی بەناوی (ئوسوڵی تۆتالیتاری The Origins of Totalitarianism)بڵاوکردەوە، ئەوەیشی لە ساڵی 1951بە چاپ گەیاندو دواتریـش لە کتێبەکەی تریدا بەناوی (هەلومەرجی مرۆڤایەتی کە لەساڵی 1958 The Human Conditions) چاپـی کرد، ئەم تەبەنی کردنانە دەدیترێت.

بنەچـەو کرۆکـی هزری (ئارندێـت) لـە چەند هەنگاوێکی بنەڕەتیانەدا تەجەلا دەبێت، ئەو پێی وایە دەسـتپێکی ئەوهەنگاوە بەراییانەی بەرەو تۆتالیتاریی بوون دەچن کاتێك دەهاوێژرێن کە هیچ بوارێکی گشتی یا بوارێکی سیاسی نەمابێتەوە بۆ تەحەددا کردنی ئەو ئاڕاسـتانەی کە دەیانەوێت پێداویسـتیە ماددیەکانی بەرهەمهێنان و کارگێڕیی کۆنترۆڵ بکەن، شـێوازی هاوچەرخی تۆتالیتاری بەپێی بیروبۆچوونی ئارندێت دەرگا لەبواری سیاسـەت دادەخات و بەشـێوەیەك لە شێوەکان پێداویستیە تەکنەلۆژییەکانی ئابووری دەکاتە ڕێگەیەك بۆ ئەوەی لۆژیکی قازانج خوازی لە هەموو بوارەکاندا دابسەپێنرێن، پێبەخشینی خەسڵەتی ماددی لەناو پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا ئەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان وەك شمەکێکی ماددی ڕووت پۆلبەند بکرێن نـەك وەك بابەتێکی مرۆیی، ئـەم واقیعە لە هزری ئارندێت هاوشـێوەی هەلومەرجێکی لەپێشترە(شـرط مسبق)، خەسـڵەتە مادییەکەیە بووەتە هۆی ئەوەی پرۆژەی لەناوبردن و نەهێشـتنی ئەوانی تر لە لایەن فەرمانڕەوایانی نازیەتـەوە جێبەجێ بکرێت، ئارندێت لە شـرۆڤەکاریکردنی بۆ بنەماکانـی تۆتالیتارییەت گرفتێکی لەگەڵ سەرمایەداران و کەسانی بۆرجوازیدا هەیـە، چونکـە ئەوانـە دەرگایان کـردەوە بەڕووی تۆتالیتارییەتدا. ئەو کردارەشـیان بەهۆی هەڵوێستی لاموبالاتی و ڕەتکەرەوەیانەوەیە بۆ پێداویسـتییەکانی بواری گشـتی، بەو شـێوەیە بورژوازییـەت بەپێی خەملاندنـی ئارندێت هاوکوفە لەگەڵ دیکتاتۆریەتی فاشی و نازیەت دا، بەهۆی ئەو بەڵێنانەی لە پێناوی سەر لەنوێ داڕشتنەوەی سیستمی کۆمەڵگاو دەوڵەت دەیدەن، لە ڕاستیدا ئارندێت کۆمەڵە گرفتێکی لەگەڵ مارکسـیەت دا هەبـوو کە لەم شـێوەیەی خوارەوەدا ڕادیارە:

گرنـگ نییە بەچ شـێوەیەك بـواری ئابووری لە کۆمەڵـگادا ڕێك دەخرێت، چونکە ئـەم بوارە لە ڕێـگای بەکارهێنانی کەرەسـتەکانی تەکنەلۆژیاوە هەڵدەسـوڕێنرێت، کەواتـە ئەمبوارە نابێتـە بوارێك بـۆ ئـازادی Sphere of liberty، بـەڵام دەبێتـە بوارێك کە هەمیشـە لەمیانەی پێـوەرە تەکنەلۆژیی و بەرژەوەندخوازەکانـەوە قەبارەکـەی بچکۆلەیـە، بەمشێوەیە مەسـەلەکە لای ئارندێت پێوەندی نییە بە پرۆلیتاریایەکـەوە کە نالێهاتووە یان بێ توانسـتە لە فەرمانڕەواییکردنی خۆیدا، بەڵکو مەسەلەکە پێوەندی هەیە بە هەبوونی چوارچێوەیەکی تەسکەوە لە چالاکی سیاسیدا political virtues، وەك (ئازایەتی،زیرەکی، فەزیلەت)، کاتێك مرۆڤ شتێك دەکات بەواتای کاتێك مرۆڤ شـتێك بەرهـەم دێنێت(ئازایەتی و زیرەکی و فەزیلەت) دەبنە بەربەستێك لەبەردەم ئەو چالاکیانەی وردەکاری و کاراییـ و خێراییـان گەرەکـە، لێرەوە ئارندێت لە دوو خانەدا تۆتالیتارییەتی فاشی و نازیی لە تۆتالیتاریەتی سـتالینی جیاکردۆتـەوە، خانەی یەکەمیان واتە نازی و فاشـی بەرهەمی ئاڕاسـتە بنەڕەتییەکانی ناسیاسـییانەی بۆرژوازییەتە/ خانەی دووەمینیان واتە ستالینییەت کۆمەڵە بەهاو سیستمێکە وەك دیکتاتۆریەتی کۆمەڵایەتییە a social dictatorship، واتە دیکتاتۆریەتێکە بەناوی پێداویستییەکانی تەکنەلۆژیـای هاوچەرخـی پیشەسـازیەوە؛ بواری سیاسی دەسڕێتەوە..

جەخـت کردنـەوەی ئارندێـت لەبێتوانایی بواری سیاسـەت لەبەرانبـەر بوارەکانـی تەکنەلۆژیـی و

کۆمەڵایەتی و ئابووری دەمانگەیەنێتە دەرئەنجامێکی گرنگ؛ ئەویش ئەوەیە کە ئـــازادی بەتەنیا دەتوانێت لە بواری سیاســـیدا پیادە بکرێــت، ئەم هزرە لە لایەن هابرماسەوە ســـوودی لێ وەرگیراوەو بە ڕێك و پێکی هەمواری کردووەتەوە.

هابرماس لەدوای کانت و هیگڵ و ئارندێت هەوڵی داوەو جەختیش لەسەر دیموکراتییەتی سیاسی و ئازادی سیاســـی دەکاتـــەوە، ئەمەش مومکینە لـــەو کاتەیدا کـــە دیموکراتیەت لەوە زیاترە بە تەنیا چارەســـەرێکی مامناوەنـــدی نێـــوان چینە کۆمەڵایەتییـــەکان بێت، سیاســـەتیش لەوە زیاترە کە بە سووك و سادەیی ببێتە کەلوپەلـــی تەکنەلۆژیی پێویســـت بـــۆ زامن کردنی چارەســـەرێکی مامناوەنـــدی، هەوڵەکانی هابرماس ڕەنگە وەك هەوڵێك وابن بۆ ســـەرلەنوێ دارشتنەوەی راڤەو شـــرۆڤەو مەزندەو پێشـــبینیەکانی ئارندێت کە دەربـــارەی ماوەکانی جەنـــگ داویەتی بەوەی گوایە پرۆسەیەکی چارەسەرکردنی مامناوەندی چینایەتییەو هەمیشـــە دەکرێت لە ژێر ســـایەی هەردوو سیستەمی سەرمایەداری پێشـــکەوتوو و سیستەمی سۆسیالیزمی دەوڵەتیدا دەسەڵاتێکی داسەپاو بۆ خۆی وەربگرێت.

بـــە پێچەوانـــەی ئارندێتـــەوە کـــە هەوڵـــی داوە عەقڵانیەتـــی قازانجخوازی لەگەڵ ســـەرمایەداری پێکـــەوە کۆبکاتەوەو بۆ ئەو کۆکردنەوەیەش پشـــت بە هایدگەرو ماکس فیبەر ببەستێت هەروەها مکوڕبوونی لـــە بەرگریکردنی تەواوی لـــە کۆمارییەکان repu-licanism و کلاســـیکیەکان و چاخی ڕێنیســـانس و شۆڕشی مەجـــەری1956، هابرماس لەمبارەیەوە مەیلی بـــەلای دیموکراتیەتێکـــی بێ غەلوغەشـــدا دەچوو، هەروەها بـــەلای دەوڵتدا مەیلدار بوو بۆ دابین کردن و ڕێکخستنی پێوەندییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان و وەدیهاتنی چارەســـەرێکی مامناوەندی چینایەتی لە میانەی چەســـپاندنی پێوەندییـــە ئازادەکانی ناو ژیان و کۆمەڵگەو دامـــودەزگا یاســـاییەکانی دەوڵەتیدا، بۆ ڕوونکردنـــەوەی ئەم بیرو بۆچوونانەش پێویســـتە بگەڕێینەوە بۆ کتێبە پڕ بایەخەکەی دەربارەی (لە نێوان ڕووداو و بنەمـــاکان: هاوبەشـــیکردنێك لە بیردۆزەی خیتابی یاساو دەوڵەتی یاسای دیموکراتی)

Faktizitaet und Geltung
Beitraege zur Diskurstheorie des Rechts
und des demokratischen Rechtsstaats

کـــە بەزمانی ئەڵمانییایی لەســـاڵی 1992 چاپ کـــراوە، ئەوەش بۆ پەرەپێدانی هـــزری هابرماس بووە، لەدوای ئەو ماوە یەکلاکەرەوەیەی پاش ســـاڵی 1989، بە تایبەت لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلین و دارمانی یەکێتی سۆڤێت و وڵاتانی تری ئەورووپای خۆرهەڵات و تەواو بوونی جەنگی ساردەوە، ئەگەر ئەم نووسینانەی پێشووی هابرماس جەخت بکەنەوە لە بەرگریکردنیان بۆ بواری گشتی و کۆمۆنیکەیشن وەکو شێوازێك بۆ ئەو کردارەی کە شەرعیەت بەدەسەڵاتی سیاسی دەدات، ئەوا نووسینەکانی دواتری لە دوای جەنگی ساردەوە جەخت دەکەنەوە لەســـەر ڕەهەندێکی سیاسی یاسایی، جەخت کردنەوەی هابرماس لەسەر یاساو کۆمەڵگای مەدەنی ئاماژەیەکـــی گرنگە بۆ هەوڵدانی خـــۆی هەتا ئەو شوێنەی بیردۆزەی شەرعیەتی سیاسیی پەرەپێدەدات کە تێیدا هاتووە کۆسوورێکی ئاڵۆز لەناو پرۆسەکانی ئابووری و کارگێڕیدا هەن، بەڵام لەهەمان کاتدا جەخت لـــەوەش دەکاتەوە کە بەشـــداریکردنی هاووڵاتیان وەك بناغەیەك وایە بۆ شەرعیەتدان بەسیاسەت، بەو شێوەیە هابرماس وا بیر دەکاتەوە کە دەتوانرێت لەو ســـنوورەی کە ســـەرمایەداری عەولەمی بونیادی ناوەو نەخشەی بۆ دارشتووە، شێوازەکانی دامودەزگا دابڕێژرێتەوە کە ئەوانیـــش بەدوور نین لە سیاســـەتی ناو کۆمەڵگای مەدەنـــی کە وا لە دەزگای بیروکراتی دەکەن قابیل بن بە چاودێریکردن، هەروەها وا لە بنکەکانی دەســـەڵاتی جێبەجێکردن دەکـــەن لەلایەن هاووڵاتیانی کۆمەڵگای هاوچەرخی مەدەنیەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێن.

لەو کتێبەی ســـەرەوەیدا هابرماس ئەم بیروکەیەی دارشـــتۆتەوە: لەو یاســـایەدا (کە جیـــاوازی دەکات لەنێوان دەوڵەت و دامودەزگا پۆلیســـی و سەربازی و بیروکراتی) دەکرێت شـــێوازە هەمەجۆرەکانی ئیعتراف کـــردن recognition و دان پێدانانـــی بەکۆمەڵگای مەدەنیـــدا ببینرێت، ئەو شـــێوازانەش وەك جۆرێك لە تۆبۆگرافیـــای کۆمەڵایەتـــی سیاســـی دەردەکەون، یاساش لێرەدا بۆ شرۆڤەکردنی ناکۆکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییە هەمەچەشنەکان، کلیلێك دەداتە بەردەستمان، هەروەکو ئەوەی چۆن کاتێك لەبەرگری سەرسەختانەی هیگڵ بۆ دەوڵەت هاتووە، بەڵام هابرماس چرکەساتی گرێبەســـتی کۆمەڵایەتی لـــە دامەزراندنی دەوڵەتدا بەوەی ئەو گرێبەســـتە چرکەساتێکی جیهانییانە بێت یان ڕەهەندێکـــی جیهانیانەی گشـــتی هەبێت ڕەت دەکاتـــەوە، وەکو هیگڵ بەو شـــێوەیە لە گرێبەســـتی کۆمەڵایەتی و کاریگەرییەکانی دەڕوانێت کە گرێبەندە بە سیستەمێکی بەرفراوانترو گەورەتر لە خودی کرداری کۆمیۆنیکەیشن.

واتە گرێبەســـتی کۆمەڵایەتـــی و ڕەوا بوونەکەی گرێبەنـــدە بەسیســـتمێکی بەرفراوانتـــرو گەورەتر لە پرۆسەی کۆمۆنیکەیشن، ئەگەر ئەم کرۆك و ناوەرۆکە فراوانە (واتا سیستەمی بەرفراوان) بەنیسبەت هیگڵەوە بریتـــی بوبێت لە ئەخلاق، یا بریتی بووبێت لە ژیانی ئەخلاقی، ئـــەوا بەنیســـبەت هابرماســـەوە بەهۆی جیاکردنەوە لە نێوان سیســـتەم و دنیـــای ژیاندا درکی پێ دەکرێت.

هەروەکو چۆن لەو کتێبەیدا کە پێشـــترناومان هێنا ئەو جیاکردنەوەیە بەمشێوەیە بووە :

1- کۆمەڵـــگای مەدەنـــی وەك تۆرێك بۆ بواری گشتی سەربەخۆ.

2- سیستمی سیاسی و کارگێڕی .

**گرنگ نییە بەچ شێوەیەک بواری ئابووری لە کۆمەڵگادا ڕێک دەخرێت، چونکە ئەم بوارە لە ڕێگای بەکارهێنانی کەرەستەکانی تەکنەلۆژیاوە هەڵدەسوڕێنرێت، کەواتە نابێتە بوارێک بۆ ئازادی**

**هابرماس جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەشداریکردنی هاووڵاتیان وەکو بناغەیەک وایە بۆ شەرعیەتدان بەسیاسەت**

**هابرماس وەکو هیگڵ بەو شێوەیە لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی و کاریگەرییەکانی دەڕوانێت کە گرێبەندە بە سیستمێکی بەرفراوانترو گەورەتر لە خودی کرداری کۆمیۆنیکەیشن**

**دیموکراتیەت لەوە زیاترە بە تەنیا چارەسەرێکی ماماوەندی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان بێت، سیاسەت لەوە زیاترە کە بە سووک و سادەیی ببیتە کەلوپەلی تەکنەلۆژیی پێویست بۆ زامن کردنی چارەسەرێکی ماماوەندی**

**هابرماس جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە شێوازە جیهانییەکانی حوکمی قەزائی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان، لە ئەقلانیەتی یاسایی دا رەهەندێکی ئاسۆیی هەیە**

**هابرماس کۆمەڵگاکانی پاش تەقلیدی دەستنیشان دەکات و رایدەگەیەنێت کە بوونەتە چەند کۆمەڵگایەکی تێکئاڵاوو تێکچرژاوو هەمەجۆر لە رووی سیستەمەوە، ئەوەش بۆ ئەوەیە لە دامەزراندنی سیستمی دیموکراتیدا خۆیان بگونجێنن**

3- بواری پرۆســەکانی ئابووری لە پێناوی ســەر لەنوێ و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بەرهەمی ماددی.

بەپێچەوانەی ئەو بیرۆکە باوەی کە دەڵێت یاســای مەدەنی و چەمکە ســلبییەکانی لەبەرامبەر ئازادی دا کیفایەت نیــن، هەروەها بە پێچەوانەی ئەو بیرۆکە باوەی کە پێی وایە سیاســەت لەناو کۆمەڵگای پاش ســەرمایەداری پێویســت نییە، هابرماس پابەندە بە وەڵامدانەوەی هاوبەشــی کردن و بەشــداربوون -pa ticipatory و کۆمۆنیکەیشــن communicative بۆ پرســیارکردن دەربــارەی ئەوەی چــۆن دەکرێت ببینە ناوبژیــوان لــەو ململانێیەی کە دەکەوێتــە دەرەوەی هەلومەرجەکانی تەکنەلۆژیاو بەرهەمهێنانەوە.

بەوشــێوەیە هابرمــاس جەخت دەکاتەوە لەســەر ئەوەی کە شــێوازە جیهانییەکانی حوکمی قەزائی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان، لە ئەقلانیەتی یاســایی دا رەهەندێکی ئاســۆیی هەیە، بەو واتایە بەڵێندان بە شێوازەکانی گونجاندن و پێکهاتن لەناو رێکەوتنەکان دا پێویستە بچەســپێنرێت، لەو کاتەیدا کە هاووڵاتیان لە دەوڵەتی هاوچەرخدا دەتوانن خۆیان وەکو سەرچاوەیەك بــۆ یاســا، سیســتەمە رێکخراوەکانــی ژیانــی ناو کۆمەڵگای سیاســی دابنێن، ئەم رۆڵ بەخشینەش بە هاووڵاتی، دەتوانرێت بە باشی وەدی بهێنرێت و لەسەر ئــەو بناغەیە ئامانجی خۆی بپێکێــت کە هابرماس ناوی لێناوە (دیموکراتیەتی رادیکاڵی)، ئەویش پشت بەســتووە بەتۆڕێکی کۆمۆنیکەیشن لەبواری گشتیدا بەشــێوازێکی تایبەتی و هەروەها پشت بەستووشە بە کۆمەڵگای مەدەنییەوە بەشــێوازێکی گشــتی، لەم دیموکراتیەتەدا ئازادی سیاسی لیبرالی ( ئازادی بیرورا — ئــازادی کۆبوونەوەو مانگرتن — هاوبەشــیکردنی سیاسی ) دەکرێت ئەو چەمکانە هەموویان بە ئاراستەی بەشەرعەنەکردنی دەسەڵاتی سیاسییەوە ببرێنە پێشەوەو وەك کارێکی هاوبەشــی گەلەکۆمەکێ و هەرەوەزی لەناو هاووڵاتیاندا بچەسپێنرێن.

ئەمــە ئەو خاڵەیە کــە هابرماس مەبەســتێتی و ئامانجێتی، کە حاڵەتی کۆمۆنیکەیشن لە کۆمەڵگای مەدەنیدا وەك بناغەیەك بۆ دروستبوونی تۆڕێك لەناو بوارە گشتییە ســەربەخۆکاندا بچەســپێت، هەروەها هابرماس ســەرنجی لەوەش داوە، کە ئەو سیســتەمە سیاسییەی کۆمۆنیکەیشنی ئازاد قەدەغە دەکات ئەوا بە ئارەزووی خۆی و بەپێی بەرژەوەندی ئابووری نیمچە هەرەوەزی کار دەکات، هەروەها بەهۆی دەســەڵاتێکی کارگێڕییەوە کەحوکم دەکات، وەك چۆن پێشتر شمدت و فیبــەر پێشــبینیان کردبوو، ســەرەڕای ئەمەش وا دەگەیەنێت کە ئابووری ســەرمایەداری بۆ لەمەودوا چارەســەرێکی بۆ گرفتەکان پێ نییــە، مادام پارەو دەسەڵات بە رێکخراوەیی خۆیان گۆشەگیر کردووە لە دژی هاندان و پاڵپشتی کردنی دیموکراتیەتن بۆ بابەتی نائابووری، بەواتای بابەتی سیاســی کە سروشــتییە

لەناو کۆمەڵگای مەدەنیدا، بەمشــێوەیە هابرماس بەو ئاراســتە فیکرییەی خۆیەوە هەموو خاڵێکی هاوبەش بزر دەکات کە بەئاراندێتەوە دەیبەســتێتەوە، بەتایبەتی لە کرداری کۆمۆنیکەیشــندا، هەروەها ئەو رایەڵانەی خۆی بە شمدت وەوە دەپچرێنێت لەمەسەلەی پرۆسەی رەخنــەی هــەرەوەزی دا، دەرئەنجــام هابرماس وای دەبینێت کە کرداری کۆمۆنیکەیشن نابێتە دەسەڵات و ناشبێتە هێزێك بۆ تەواسولcommunicative power.

هەوڵدان بۆ لێکجیاکردنەوەی رەهەندی تەکنەلۆژی و تەتبیقــی بەرژەوەندخوازانە کە وا ئیدعا دەکرێت کە گونجانێکی وەزیفــی functional harmony هەیە لەنێوان هەرسێ رەهەندەکەی سەرەوەدا. هابرماس وای دەبینێت کە لەناو کۆمەڵگا پیشەســازییە ئاڵۆزەکاندا تەنانــەت لــە حاڵەتی پێشکەشــکردنی باشــترین هەوڵەکانیانــدا تیۆریزەکردنــی هاوبەندی و کۆبەندی سیاســی لەناو ئابووری ســەرمایەداریدا بە کۆمەڵێك هەڵوێســتی پێوەرییانەی پاش مارکســیەت کۆتایی پێ دێــت، ئامانجەکانی هابرماس لە خســتنەرووی هزری خۆیدا هەندێکجار دەنــگ دانەوەیەکی هەیەو دەمانگێڕێتــەوە بۆ زەمەنەکانی ئەرســتۆو فیۆرباخ، هەندێك جاریش دەمانباتەوە بــۆ زەمەنەکانی کانت و هیگڵ، بەڵام بەهەموویان هزرێکیان هەیە بە ئاراستەی ئومێدێــك کە لەو خاڵــەدا کۆیکردونەتەوە کە ئەویش بونیاتنانــی رەهەندە جیهانییەکانە بۆ زەمان و یاســاو سیستەم، لێرەوە سەرنج دەدەین کە ئیمتیازی هابرماس لە ئاست بیردۆزەکەی فیبەر بۆ عەقلانیەت و بیردۆزەکەی لومان luhmannلۆ سیستەمە سەربەخۆکان لەوەدایە کە سەر لە نوێ ئاراســتەکانی لیبرالیەتی چەپگەرایی داڕێژرێتەوە(وەکــو چۆن زانایانــی وەك هیڵد held لەگەڵ بوبلۆ bobbloئەو مژدەیە دەبەخشن)

هابرماس کۆمەڵگاکانی پاش تەقلیدی دەستنیشان دەکات و رایدەگەیەنێت کە بوونەتە چەند کۆمەڵگایەکی تێکئاڵاوو تێکچرژاوو هەمەجۆر لە رووی سیستەمەوە، ئەوەش بۆ ئەوەی لە دامەزراندنی سیستەمی دیموکراتی خۆیــان بگونجێنــن، هەروەهــا بۆ ئــەوەی پاڵنەرە دیموکراتیەکانی سیاســەت لە کۆمەڵگای مەدەنی دا لە رووی سیستەمەوە گۆشەگیر بێت و جیابکرێتەوە لە رەفتاری ئەو رژێمانەی پابەندن بەدەســەڵاتی سامان و کارگێڕییەوە، ســەرەڕای ئــەو هەموو رەخنانەی لە لایەن هابرماســەوە لــە لومان دەگیرێــن هەروەها لە بیردۆزەکەی لۆمان کە لەســەر سەمتەکانی سیستەمە، ئەوا جیاکردنەوەی لە ئابووری و کۆمەڵگای مەدەنی و سیستمی سیاسی جیاکردنەوەیەکی کاریگەرە لەسەر ئاستێکی بەرز، بەتایبەتیش لە سیستەمە لاوەکییەکاندا sub- system بۆ دەســەڵاتی دارایی و کارگێڕی کە ئێستا لەگەڵ بزاڤی دیموکراتی کۆمەڵگای مەدەنیدا پێکەوەدە گونجێن .

**ماویەتی**

# دیموکرات مەسیحیی و دیموکرات ئیسلامی

دۆزینـــەوەی ڕێگـــەی جیاواز لەنێــوان ڕێگە تاقیکراوەکاندا هونەرێکە کەم کەس پەی پێدەبات.

دەرکەوتنی دیموکراســـیی مەسیحیی لەسەدەی نۆزدەیەمـــدا وەك زاراوەو، دامەزراندنـــی حزبـــی دیموکرات مەســـیحی لـــەدوای جەنگی جیهانی دووەمـــدا، یەکێك بوو لـــەو ڕێگەیانەی کەتوانیی ســـوود لە هەریەك لە لیبرالیـــزم و کۆنزێرڤاتیزم و سۆشیالیزم وەربگرێت.

دیموکرات مەســـیحی مافی مرۆڤ و پێگەی تاکی لـــە لیبرالیزم وەرگرتووە، بـــەڵام ئەوەی بۆ زیاد کردووە کە تاك بەشـــێکە لەکۆمەڵگەو ئەرکی لەبەرامبەریدا لەسەرە.

پابەندبوون بەرێســـاکانی ڕەوشت وهاوسەرگیریی و خێـــزان وبەهاکۆمەڵایەتییەکانی لەکۆنزێرڤاتیف و پارێزگاران وەرگرتووە، بەڵام ئەوەشـــی بۆ زیاد کردووە کە پێویستە گۆڕان لەپەیکەری کۆمەڵگەدا ڕوووبدات بەگۆڕانی کات.

هاوکاریـــی کۆمەڵایەتیـــی و دابینکردنـــی خۆشـــگوزەرانیی و دژایەتیکردنـــی هەژاریـــی و زیادکردنـــی بـــاج لەســـەر دەوڵەمەندەکانی لە (سۆشـــیالیزم) وەرگرتووە، بەڵام ئەوەشی خستۆتە ســـەرکە بڕوای بە ململانێـــی چینایەتی نییەو، پشتگیریی لە سیستمی سەرمایەداریی و ئابووریی بازاڕدەکات

بۆیە لەدوای سەدان ســـاڵ خراپ بەکارهێنانی ئاییـــن لە لایەن پیاوانی کەنیســـەی ســـەدەکانی ناوەڕاســـت و، ئەنجامدانی چەندین کارەســـات و کوشتن و ڕاوەدونان و شەڕ و جەنگی خوێناوییەوە لەژێـــر پەردەی ئاین و بەنـــاوی ئایین و ئاینزای جیاجیاوە، ئێســـتا ئەوروپا بەجۆرێکی تر لە ئایین تێدەگات و، بەجۆرێکی تریش جێگەی بنەماکانی ئایینی لە دەوڵەتدا کردۆتەوە.

ئایین لە ئەوروپا بەشـــێکە لە ناسنامە بۆ گەل و تـــاك بەپێی ڕەشنووســـی دەســـتوری ئەوروپا، بەپێی دەستوری ئەڵمانیاش ـ وەك نموونە ـ ئەرکی سەرەکی و باڵای حیزبی سیاسی بریتیە لە داڕشتن و ڕێکخستنی ئیرادەی گەل.

بۆیە لێـــرەوە (حیزبـــی دیموکرات مەســـیحی ئەڵمانیا) لەبەر ڕۆشنایی دەستوردا و بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامی حیزب ئاوا خۆی دەناسێنێت:

«حیزبێکی دیموکراتـــی لیبراڵ و پارێزگارە و، پابەندە بە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی ئەوروپاوە».

هەروەها حیزبی دیموکرات مەســـیحیی ئەڵمانیا لەسەر ســـێ کۆڵەکە و پایە دامەزراوە، کە بریتین لە: (مەسیحی بوون، دیموکراسیی، فیدرالیزم).

ســـەبارەت بە بنەما سەرەکیەکانی حیزبیش ئەوە بریتین لە: (ئازادیی، هاوکاریی، دادپەروەریی).

لەڕووی ئابوورییەوە حزب بڕوای بە بازاڕی ئازاد هەیە، بەڵام دامەزراو لەسەر بنەمای دادپەروەریی کۆمەڵایەتـــی و ئازادیـــی کار و، قەدەغەکردنی مۆنۆپۆل و، کارکردن بۆ دابەشکردنی قازانج لەسەر بنەمای توانای تاکەکان.

لـــە وڵاتـــی (سوید)یشـــدا حزبـــی دیموکرات مەسیحیی، جەخت دەکاتەوە لەسەر: بەیەکسان ڕوانین لە مرۆڤەکان و، جەختکردنەوە لەسەر بەهای نایابی مرۆڤ و، ئەمەش بە بناغەی بۆچوونەکانی حزب دادەنێت.

لـــە وڵاتی (نەرویج)یشـــدا حزبـــی دیموکرات مەســـیحی، توانا و کارەکانی خۆیان لە بوارەکانی پـــەروەردە و خێـــزان و بچوك کردنـــەوەی بازنەی بەکارهێنانی ماددە کحولییەکان و هۆشـــبەرەکاندا چڕکردۆتەوە، ئەمە وێڕای بنەما گشـــتییەکان لە چەشـــنی: ڕێزگرتن لە دەســـتوور و، باوەڕبوون بە ئاڵوگۆڕکردنی ئاشـــتیانەی دەسەڵات و، ڕێزگرتن لە مافی کەمینەکان و، چەســـپاندنی مافەکانی ئافرەت.

گەڕان بەنێو ئەزموونی پارت و حزبە دیموکرات مەســـیحییەکان لەپێگەکانی خۆیانداو، لە ڕێگەی ڕەوەندی خۆمان لەو وڵاتانەداو، لە ڕێگەی سەردان و پێشوازیی و گۆڕینەوەی بیروڕا، دەبێتە مایەی دۆزینـــەوەی زیاتر لە ڕێگایـــەك بۆ چاکترکردنی پێوەندی ئایین بە دەوڵەت و، ئایین بە سیاسەتەوە، خۆ دوورگرتن لە تاکەڕێگاو تاکەچارەسەر، هەروەکو (ڕۆجیـــە گارۆودی) دەیووت:»کارل مارکس تاکە ڕێگا نییە بۆ گەیشـــتن بە سۆســـیالیزم». کە لە واقیعیشدا هەروا دەرچوو!

بۆیە تێگەیشتنەکانی هەر کەسێکیش لەم بوارەدا تاکە ڕێگەو دواچارەســـەر نییـــە، بەڵکو تێکڕای تێگەیشـــتنی گشـــتی چارەســـەری جۆری ئەو پێوەندییانە دەکات.


عەبدولڕەحمان سدیق

لەڕووی ئابوورییەوە حزب بڕوای بە بازاڕی ئازاد هەیە، بەڵام دامەزراو لەسەر بنەمای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی

## دکتۆر محەمەد قەرەداخی
## سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بۆ گوڵان:

# هەموو بۆچوونەکان بەو ئاراستەیەن کابینەی تازە بنکە فراوان بێت و لەئاست بەرپرسیارێتی هەموو هاوڵاتیاندا بێت

**بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان وابڕیارە لەگەڵ دەسپێکی ساڵی نوێ پرۆسەی دەستاو دەستکردنی دەسەڵات دەستی پێبکرێت، ئەم چۆنیەتی ئەم دەستاودەستکردنەش وەك سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران بە گوڵانی ڕایگەیاندووە کە پێدەچێت لە ناوەڕاستی ئەم مانگە هەندێك ڕێوشوێن بۆ دەسپێکردنی ئەم پرۆسەیە دەربکەوێت، هەروەها بەپێی قسەکانی سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران، بۆچوونی هاوبەش لەسەر دامەزراندنی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو ئاراستەیەیە کە کابینەی تازە کابینەیەکی بنکە فراوان بێت و زۆربەی لایەنە سیاسیەکان بەشداری تێدا بکەن، ئەمەش بەو مانایەی حکومەتی تازە جارێکی دیکە دەرگای دیالۆگ لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دەکاتەوە بۆ ئەوەی لەسەر ڕێوشوێنی پێکهێنانی کابینەی نوێ ڕێکبکەون، خۆ ئەگەر نەشتوانرا ڕێك بکەون ئەوا کابینەی تازە هەر پێکدەهێنرێت، هەروەها هەر لەم دیمانەیەدا چەندین پرسی دیکە سەبارەت بە بەرنامە و پرۆژەکانی ساڵی داهاتوو باسکراون و لەمبارەوەش سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران وێڕای ئەوەی جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کابینەی تازەش هەر درێژە پێدەری ئەم کابینەیە دەبێت، بەڵام بەرنامەی خۆشی دەبێت بۆ ئەوەی لەداهاتوو جێبەجێی بکات.**



### دەستاودەستکردنی حوکمڕانی

سەبارەت بە ڕێککەوتنامەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە هەر دووساڵ جارێك پۆستی سەرۆك وەزیران دەستاودەستی پێ دەکرێت لە نێوانیان سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران وتی: ئێستاکە گۆڕانکاری حکومەت لە ئارادایەو ئیشی زۆری بۆ کراوە، هەروەها پێوەندیش بە لایەنی ئۆپۆزسیۆنەوە کراوە جگە لە هەردوو لایەنی حوکمڕان و هەموو ئاڕاستەکان بەو شێوەیە کە حکومەتێکی بنکە فراوان دروست بکرێت و لەسەر ئاستی بەرپرسیارییەتی بێت بۆ هەموو هاووڵاتیان و خەڵکی کوردستان، بێگومان هەردوولا (پارتی و یەکێتی) کە لە دەسەڵاتدان بەوپەڕی متمانەو باوەڕەوە پێیانخۆشە هەموو حزب و لایەنەکان لە حکومەت بەشداربن، ئێستاکە ماوەتەوە سەر ئەوەی کە ئەو حزب و لایەنانە و ئۆپۆزسیۆن بەشداری دەکەن یا نایکەن، ئەگەر بەشداری لە حکومەتەکەدا بکەن باشەو ئەگەر بەشداریش نەکەن وەکو ئۆپۆزسیۆنێکی ڕێکوپێك بن ئەوەش بەلایەنی ئێمەوە هەر کارێکی ئاساییە، چونکە بوونی ئۆپۆزسیۆن بەکارێکی سروشتی و پێویست و زیندووی دەزانین کە هەبێت.

هەروەها لە کاتی ئەگەری گۆڕانکاری لەحکومەت ئەوە هەموو کابینەکە بە تەواوی دەگۆڕدرێت و ئەنجومەنێکی تازە دروست دەبێت لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە تا دوا وەزیر، بۆی هەیە هەندێ لە وەزیرانی کۆن و کابینەکانی تری تێدا بێت، هاوکات بەرنامەو سیاسەتێکی ترو تازە بۆ ئەنجومەنی وەزیران دادەڕێژین بۆ ئەوەی ئەو کابینە تازەیە لەسەری بڕوات و کاری لەسەر بکات، لە هەردوو حاڵەتدا ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بەشداربێت یا نەبێت، ئەوە بەرنامەیەکی تێروتەسەل دادەنرێت و کابینە تازەکە کاروئیش بەپێی ئەو بەرنامە تازەییەوە بەڕێوەدەبات. لە لایەکی تر ئەو کابینەیەی ئێستاش خۆ تەنیا هی پارتی و یەکێتی نەبووە، بەڵکو حزب و لایەنی تری وەکو مەسیحی و تورکمان و بزووتنەوەی ئیسلامی و سۆسیالیست و شیوعی تێدایەو ئەوجارە لەم کابینە تازەیەدا ئەگەر ئۆپۆزسیۆن و حزبەکانی تریش بەشداربن کارێکی باشەو لە کاتێکدا بەشداریش نەبن خۆ حکومەت ناوەستێت، بەڵکو حکومەت لە کارو بەرنامەکانی خۆی بەردەوام دەبێت و کارو ئیشی خۆی بە ئاسایی بەڕێوە دەبات، لەبەر ئەوەی

حکومەت لەسەر بنەمای یاسا کاردەکات، بەڵام چەند حزب و لایەنی دیکە بەشدار بێت کارێکی باشترە، بەپێی بڕیاری جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٢ حکومەتەکە دەستاودەستی پێ دەکرێت، بەڵام چەندی مانگەو چ ڕۆژێکە بە تەواوی نازانم و بۆی هەیە لە ناوەڕاستی مانگی ١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٢دا کۆمەڵێ شت هەیە ئاشکرا ببێت.

### دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ خوارەوە

سەبارەت بەبڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران کە بڕیار وا بوو دەسەڵاتە ئیدارییەکان بۆ خوارەوە شۆڕبکرێتەوە، کەچی لەچاوپێکەوتنی زیاتر لە ٥٠ قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە کە گۆڤارەکەمان ئەنجامی داوە ئاماژەیان بەوەدا کە لەڕووی پراکتیکییەوە ئەو دەسەڵاتەیان پێ نەدراوەو تەنانەت دەسەڵاتی دارایی هێشتا مەرکەزییەو بڕیارەکە جێبەجێ نەکراوە؛ سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران وتی: ئەوەی جێگای داخە هەموو بەرپرسە ئیداریەکانمان کە باسی دەسەڵات دەکەیت یەکسەر بۆ دەسەڵاتی دارایی دەچن، ڕاستە دەسەڵاتی دارایی شتێکی بنەڕەتیە، بەڵام کارەکە تەنیا دەسەڵاتی دارایی نییە، قایمقام یا بەڕێوەبەری ناحیە کە دەسەڵاتی ئیداری هەبوو واتە دەسەڵاتی بەسەر بەڕێوەبردنی ئەو شارۆچکەیە هەیەو دەتوانێت کارەکان بەجددی و بە باشی بەڕێوەبەرێت، هەروەها دەتوانێ چاودێر بێت لەسەر هەموو کارو پڕۆژەکانی شارۆچکەکەو ئەو کەسە دەسەڵاتی هەیە لەسەر بارودۆخ و کاروباری ناوخۆی ناحیەکە یا قەزاکە لە پێناوی بەرژەوەندی خەڵکەکە و ئەوانەش دەسەڵاتی بنەڕەتی و سەرەکین لە ئیدارەداو حکومەتیش لە دابەزاندنی دەسەڵات بۆ خوارەوە مەبەستی ئەوانەیە، بەڵام مەبەستی دەسەڵات تەنیا بۆ دەرماڵەو خەرجی و پارە دابەشکردن بێت، ئەوەش باشە و داواشمان کردووە کە ئەو دەسەڵاتەش بەپێی یاساو ڕێنمایی دابەزێتە خوارەوە، گەرچی دارایی بۆ ئەو لایەنە ڕێنمایی تایبەتی خۆی هەیەو ئەوەش بوارێکی هونەری تایبەتە بە وەزارەتی دارایی و ئەگەر ئەو بەڕێوەبەری ناحیەو قایمقامانە لەمبارەوە گلەییان هەیە، پێویستە داواکاری لە وەزارەتی دارایی بکەن و بزانن چ بەرنامەیەکی هەیە بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی کاروبارو دەسەڵاتی دارایی، بەڵام لە کاتێکدا ئەوان داوای دەسەڵاتی جێبەجێکردنی پڕۆژەکان بکەن ئەوە سلبیات و ئیجابیاتی خۆی هەیە، ئەگەر ئێمە

**لە کاتی ئەگەری گۆڕانکاری حکومەتدا ئەوە هەموو کابینەکە بە تەواوی دەگۆڕێت و ئەنجومەنێکی تازە دروست دەبێت**

هەموو کارو دەسەڵاتەکان بکەینە تەنفیزی ڕاستەوخۆو لەلایەن خۆیانەوە جێبەجێ بکرێت ئەوە گلەیی و گازاندە زۆر دەبێت و چاودێریکردنی زۆر زەحمەت دەبێت و هەندێ پڕۆژە هەیە بودجەکەی زۆرە بۆیە لەم پڕۆژانەدا بەدواداچوون و چاودێری باشترو زۆرتری دەوێت.

### لە ٧٠٪ی بودجەکە بۆ مووچەخۆرو فەرمانبەرانەو تەنیا لە ٣٠٪ی دەمێنێتەوە

سەبارەت بەوەی کە هەندێ پڕۆژەو کار هەبووە لەم دووساڵەدا کە پێویست بووە ئەنجامی بدەن، بەڵام نەتوانراوە جێبەجی بکرێت؛ سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران وتی: هەموو ساڵێك کە بودجە دادەنرێت ڕاوسەرنجی هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم وەردەگیرێت، هەر وەزارەتێك پڕۆژەی خۆیان پێشکەش دەکەن و داوا دەکات (ئەوانەم پێویستەو ئەوەندەشم دەبێت بۆ جێبەجێ بکرێت)، لەپاشان لەسەر ڕاوبۆچوون و لێکۆڵینەوەی هونەری خۆیان هەندێ لە پڕۆژەکان ئەولەویەتی پێ دەدرێت و بە پێی بودجەکەش ئەو پڕۆژانە جێبەجێ دەکرێن و پڕۆژەکانی تر دوادەخرێت بۆ ساڵانی دواتر، ئەو پڕۆژانەی کە ساڵانە لە لایەن وەزارەتەکانەوە پێشکەش دەکرێت دوو تا سێ ئەوەندەی ئەو ئیمکانیات و بودجەیەیە کە ئێمە هەمانە، لەو پڕۆژانەی کە ئەولەویەت و دەستنیشان دەکرێت ئەو پڕۆژانەن کە زۆر پێویستن و خەڵك زۆر سوودی لێوەردەگرن و ئەوانەی کە پەیوەندی زیاتر بەخەڵکی هەژارو کەمدەرامەتەوە هەیەو ئەو پڕۆژانەی کە پێداویستی سەرەکی ڕۆژانەی خەڵکە وەکو ئاو و کارەبا و نەخۆشخانە و داودەرمان و . . . تاد، هەموو کاتێك ئەو بوارانە زیاتر

**بانگهێشتی وەزیرەکان بۆ بەردەم پەرلەمان بۆ ئەکتیڤبوونی ئەو خولەی پەرلەمان دەگەڕێتەوە**

گرنگی و ئەولەویەتیان لە بودجە پێ دەدرێت، ئەو بودجەیەی لەو پڕۆژانەش زیادی کرد بۆ کارو پڕۆژەکانی تر تەرخان دەکرێت، سەرەڕای ئەوەش لە هەموو بوارەکانی ژیان و پێویستی خەڵك و ژێرخانی خزمەتگوزاریەکان کارو پڕۆژەمان ئەنجام داوە، لە لایەکی تر حکومەت حەز دەکات ئەوەی لە لایەن وەزارەتەکانەوە پێشکەش کراوە هەر هەمووی جێبەجێ بکات، بەڵام لە ڕووی دارایی و بودجەکەوە ناتوانرێت هەموو پڕۆژەکان لە ساڵێکدا جێبەجێ بکرێت. هاوکات لەسەرمان ئەرك و پێویستە کە قووتی ڕۆژانەی خەڵك دابین بکەین و ئێمە نزیکەی یەك ملیۆن و هەشت سەد هەزار موچەخۆرو فەرمانبەرمان هەیە کە ئەمەش لە ٧٠٪ی بودجەکەی بردووە و ناتوانرێت لەمە کەم بکرێتەوەو هەموو کاتێکیش داوای زیاتر دەکەن، واتە تەنیا لە بڕی ٣٠٪ بودجەکە ماوەی جووڵە و کارکردنمان هەیە.

### کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێم

سەبارەت بە ڕۆڵی نوێنەرانی کورد لە بەغدا چییە بۆ کەمکردنەوەی ئەو غەدرەی کە لەهەرێمی کوردستان دەکرێت بەتایبەتی ئەمساڵ کە بودجەی عێراق بە ڕێژەی لە ١٢٪ لەساڵی ڕابردوو زیاترە کەچی بەڕێژەی لە ١٠٪ بودجەی هەرێم کەمبۆتەوە، دکتۆر محەمەد قەرەداخی وتی: لەو کێشانەی لە نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەند هەیە، ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان هەنگاوی باشمان بۆ چارەسەرکردنی هەڵێناوە، بەڵام ئەو کێشانە دوولایەنەیەو ئێمە هەندێ شتمان هەیە دەستوور جێگیری کردووە، گەرچی ئەوان ئیقراری پێ ناکەن، گەورەترین کێشەمان موچەی پێشمەرگەبوو، کە ڕێککەوتنی لەسەرکراوەو پارەی بۆ تەرخانکراوە، بەڵام حکومەتی عێراق تا ئێستاکە یەك فلسی پێ نەداوین و چەندین جار سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و شاندی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو بابەتە سەردانی بەغدایان کردووە، بەڵام هەر بێ سوودبووەو ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکراوە، هەروەها میزانییەی حکومەتی هەرێم کە ئەوە بڕیارەو ساڵانە دانراوە بە پێی ئەو ڕێژەیەی بەرمان دەکەوێت و لەمەش هەموو کاتێك بە کەمی بۆمان دێت، هیچ جارێك نەبووە بە تەواوی ئەو ڕێژەیەی بۆمان دیاریکراوە بگاتە دەستمان، ئەو کێشانەی هەیە کێشەی درێژخایەنن و زیاتر کێشەکان سیاسییە. هەروەها ئەوساڵ هاتوون بودجەی هەرێمی کوردستانیان کەم

**قایمقام یا بەڕێوەبەری ناحیە کە دەسەڵاتی ئیداری هەبوو. واتە دەسەڵاتی بەسەر بەڕێوەبردنی ئەو شارۆچکەیەدا هەیە و دەتوانێ کارەکان بەجددی و بە باشی بەڕێوەبەرێت**

کردۆتەوە، بەڵام ئەو ١٠٪یە ڕاستەوخۆ لە بودجەو ڕێژەکەیان کەم نەکردۆتەوە، بەڵکو هاتوون بە ناوی خەرجییەکانی سەروەری (سیادی) کۆمەڵێك پارەیان تەرخانکردووە بۆ شوێنێك کە ڕێژەکەی زۆر زۆرە،لە ڕێژەی بودجەی هەرێمی کوردستانیان کەم کردۆتەوەو ئەوەش جۆرێکە لە فڕتوفێڵ، چونکە زۆر شتی پێویست تر لە نەفەقاتی سیادی هەبوو نەیان کردووەو چوون ئەویان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش حکومەتی هەرێم و نوێنەرانمان لە بەغدا و کابینەی ٥ و ٦ی حکومەتی هەرێم بە بەردەوامی هەوڵی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان داوە، هەروەها ئەو حکومەتە تازەیەی دێتیش بە تەئکید بەهەمان شێوە لە کارو هەوڵدانی خۆی بەردەوام دەبێت، بەڵام هەموو کات چارەسەرکردنی کێشەکان دەکەوێتە سەر لایەنی بەغدا.

### ناوچە دابڕێنراوەکان

ناوچە دابڕێنراوەکان بێ ئومێدن بەرامبەر بە حکومەتی بەغداو بودجەو پرۆژەی خزمەتگوزاریان کەمە، چونکە هەندێکیان وەکو ناوچەکانی سەر بە پارێزگای موسڵ بایکۆتی ئیدارەکەی خۆیان کردووە، لەمبارەوە سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران وتی: ناوچە دابڕێنراوەکان وەکو بودجە هەموو ئیش و کارەکانیان لەسەر بەغدایە، بەڵام ئێمە لەسەر بودجەی خۆمان کە بەپێی ئەو سێ پارێزگایە بۆمان دیاریکراوە لە هەموو ناوچە دابڕێنراوەکان جۆرەها کارو پڕۆژەی خزمەتگوزاریمان پێشکەش کردوون، چونکە خزمەتکردنی ئەو ناوچانە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین، بەڵام کێشەکانی ئەو ناوچانە پێوەندی بەچارەسەرکردنی کێشە سیاسیەکەوە هەیە، بۆیە دەبێت بە جددی هەوڵبدرێت کار بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور بکرێت تاوەکو ئەو ناوچە دابڕێنراوانەمان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە، کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان کێشەیەکی سیاسی یە پێش ئەوەی کێشەیەکی ئیداری و دارایی و کۆمەڵایەتی بێت، سەرەڕای ئەوانەش ئەوساڵیش بەرنامەمان هەیە بۆ کارو پڕۆژە و خزمەتکردنیان لەبەر ئەوەی بەشێکی مێژوویی و سنووری کوردستانن.

### دامەزراندن و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ لاوان

سەبارەت بەوەی لە ساڵی نوێ هیچ پلانێك بۆ دامەزراندن هەیە، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران وتی: نازانم دامەزراندن لە ساڵی تازەدا چۆن دەبێت و نابێت پێش ڕووداوەکانیش بکەوین، چونکە لە کاتێکدا کابینەی تازە دابمەزرێت ئەوە ئەو کابینەیەش بەرنامەی تازەی دەبێت، هەرچەندە هەندێ لە کارەکانیشی تەواوکاری کارەکانی کابینەکەی پێش خۆی دەبێت، هەروەها لەم کابینەیەدا بڕیاردراوە کە ئەنجومەنی خزمەتکردن دابمەزرێت و یاساکەش تەواوبووە و لەو کاتەدا ئەگەر دامەزراندن لە ڕێگای ئەنجومەنی خدمە بێت کارەکان جیاوازەو لە ڕێگای پارێزگاکانەوە بێت جۆرێکی ترەو ئەوساڵ فریای یاساو ئەنجومەنی خزمەت نەکەوتین دەنا دامەزراندن بەو یاساو ڕێگایەوە دەبوو، بەڵام پاش ئەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی تازە دەست بەکاردەبێت خۆی بڕیار دەدات کامە جۆر بۆ دامەزراندن باشە ئەو ڕێگاو شوێنە دەگرنەبەر.

### زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران

سەبارەت بەوەی لە ساڵی نوێ دەنگۆی زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران هەیە سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران وتی: ئێمە لە موچە هەموو کاتێك چاوەڕوانی بەغداین و پشت بەوان دەبەستین و هەمان سیستەمی بەغدا ڕەچاو دەکەین، چونکە لە بنەڕەتەوە یەك بودجە هەیەو ئێمەش بودجەمان لە بەغداوە بۆ دێت، هەر چەندە ئێمە هەندێك تایبەتمەندیمان هەیەو هەندێ کار لە بەرژەوەندی هاوولاتیانی خۆمان پیادە دەکەین و ئەو کارانەش دەبێت و یاساییە، بەڵام هەموو کات ئەگەر گۆڕانکاری لە مووچە بکرێت ئەوە ئێمەش لە لای خۆمان لە هەرێم ڕەچاوی دەکەین، لە لایەکی ترەوە ئەگەر لە بەغداش گۆڕانکاری لە موچە نەکرێت، بەڵام ئەوەی لە لای خۆمان پێویستە کە گۆڕانکاری لەسەر بکرێت ئەوە دەیکەین. گەرچی بەشێوەیەکی گشتی و سەرەکی ئێمە بنەمای موچەو چۆنیەتی دابەشکردن و زیادکردنی موچە لەسەر ئەساسی بەغدایە.

**کێشەی مووچەی پێشمەرگە لەگەڵ بەغدا ڕێککەوتنی لەسەرکراوەو پارەی بۆ تەرخانکراوە. بەڵام حکومەتی عێراق تا ئێستاکە یەك فلسی پێ نەداوین**

### بانگهێشتکردنی وەزیرەکانی حکومەت بۆ بەردەم پەرلەمان

لەساڵی ڕابردوو زۆرترین وەزیری حکومەت لەپەرلەمان کەوتنە بەردەم پرسیارو ڕەخنەی پەرلەمانتاران، تاچەند ئەو هەموو بانگهێشتکردنە پێوەندی بە ئەدای وەزیرەکان و وەزارەتەکانەوە هەبووە، هاوکات ئێوە وەك ئەنجومەنی وەزیران بەدواداچوونتان بۆ ئەم مەسەلەیە کردووە لەمبارەوە سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران وتی: ئەو بانگهێشتانەی وەزیرەکان بۆ پەرلەمان بۆ ئەکتیڤی ئەو خولەی پەرلەمان دەگەڕێتەوە، پەرلەمان بەگشتی و ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن ڕۆڵی باشیان تێدا گێڕاوەو حکومەتیش هەموو کات ئامادەبووە لەو کارانەی لەسەر شانی بووە بەدواداچوونی لەسەر بکرێت بۆ بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و خۆشبەختانە



**بە ناوی خەرجی سیادی کۆمەڵێك پارەیان تەرخانکردووە بۆ شوێنێك کە ڕێژەکەی زۆر زۆرە بەمشێوەیە ڕێژەی بودجەی هەرێمی کوردستانیان کەم کردۆتەوە**

تا ئێستاکە ئەو وەزیرانەی بانگهێشکراون بۆ پەرلەمان هەموو ئەو پرسیارانەی لێیان کراوە وەڵامی قەناعەتکاریان داینەوە و بۆتە جێگای باوەڕی زۆرینەی پەرلەمانتارەکان، بەڵام دیارە کەموکوڕیش لە ئیشوکاری وەزارەتەکان هەبووە.

### گرێبەستی (ئەکسۆن مۆبیل)ی ئەمەریکی

سەبارەت بەو گرێبەستە ئیمزاکراوەی نێوان حکومەتی هەرێم و کۆمپانیای (ئەکسۆن مۆبیل)ی ئەمەریکی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران وتی: ڕێککەوتنەکە کراوەو ئەوە یەکێکە لەو ئومێدوخەونانەی کە بۆ کورد هاتۆتەدی، ئێستاکە کاتی ئەوە هاتووە پێترۆڵ ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی کە کورد پێش بکەوێت و هەنگاوی باشتر لە فیدرالیەت بەدەست بێنێت، گەرچی ئەوە شتێکی ئایندەییەو دەبێت ئیرادەی میللەت بڕیاری لەسەر بدات، ئەو قسانەی بەغدا لەسەر ئەو ڕێکەوتنە دەیکات لەگەڵ دەستووردا یەك ناگرێتەوە، چونکە مەرجەعیەتی سەرەکی ئێمە دەستوورەو بەپێی دەستوور تا ئەو ڕۆژەی یاسای نەوت و غاز لە پەرلەمانی عێراق پەسەند دەکرێت ئەوە ئێمە بە پێی ڕێکەوتن و بڕیاری پەرلەمان بۆمان هەیە هەرچی ڕیککەوتن و گرێبەستێك هەبێت لەبارەی نەوت و غاز بیکەین و ڕیککەوتن و گرێبەستەکانمان هەر هەمووی یاسایی و دەستوورییە.لە لایەکی تر ئەو کۆمپانیاو لایەنانەی دێن ڕێککەوتن و گرێبەست لەگەڵ حکومەتی هەرێم دەکەن لە خۆیانەوە نایەن، بەڵکو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونیان ئەنجام داوە لەپاشان دەست بەکارەکانیان دەکەن، بۆیە ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانە ئەگەر بزانن ئەوانەی ئێمە دەیکەین پێچەوانەی یاسایە بەهیچ جۆرێك نایەن کار لە هەرێم بکەن و پارەی خۆیان بخەنە مەترسییەوە.

### گرنگیدان بە کەرتی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵ

لە کۆتاییدا سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران وتی: حکومەتی هەرێم بڕیاریداوە ٥هەزار خانووی تر بۆ لاوان و هەژاران و کەمدەرامەتان دروست بکات و ئەو خانووانەش بە نرخێکی هەرزان و درێژخایەنەو ئەو پرۆژەیەش لە لایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن لە هەرسێ پارێزگای هەرێم جێبەجێ دەکرێت و لە بواری بەرهەمهێنانەوە هەنگاوی باشمان

**هەر چەندە یاسای وەبەرهێنان پێویستی بەهەموارکردنەوەیە بەڵام هەنگاوی باشمان بڕیووە و هەرێمی کوردستان بۆتە جێگای باوەڕی وڵاتانی دەوروبەرو عەرەبی و بیانی**

بڕیوە و هەرێمی کوردستان بۆتە جێگای باوەڕی وڵاتانی دەوروبەرو عەرەبی و بیانی، هەر چەندە یاسایی وەبەرهێنان لە هەندێ لایەنەوە پێویستی بە هەموارکردن هەیە و دەبێت گرنگی بە کەرتی کشتوکاڵ بدرێت، چونکە ئەو کەرتە بە شێوەیەکی سەردەمیانە پێش نەکەوێت ئەوە ناتوانرێت لە زۆر لایەنی تر پێش بکەوین و وەبەرهێن نایەت پارەی خۆی بخاتەگەڕو دێت لە پرۆژەیەك کار دەکات کە قازانجی مسۆگەر بێت، هەر بۆیە لە بودجەی ٢٠١٢ لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە گرنکییەکی زۆر بە کەرتی کشتوکاڵ دەدرێت وبودجەی تایبەتی بۆ تەرخان دەکرێت تاوەکو ئەو کەرتە لە هەموو ڕوویێکەوە گۆڕانکاری بەسەر دابێت و پێش بکەوێت بە تایبەتی لە پێوەندی نێوان جووتیار و زەوی و ئامێرەکان و جۆرو نرخ و کوالێتی بەرهەمەکان کە بتوانێت کێبڕکێ لەگەڵ بەرهەمی وڵاتانی دەوروبەرو هاوردە بکات و لە بازاڕیش ڕەواجی هەبێت و نرخەکەشی گونجاوبێت.



## پرۆفیسۆر د. ئیدواردۆ میسۆنی بۆ گوڵان:

# ئەگەر بەو جۆرە لە دیموکراسی بڕوانرێت پرۆسەیەکە لەسەرەوە بۆ خوارەوە ئەوا دیالۆگ لە نێوان خەڵک و حکومەت دروست نابێت بەڵکو تەنها مەنەلۆگ دەبێت

**د.ئیدواردۆ میسۆنی یەکێکە لە چالاکوانەکانی نێو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و ڕێکخراوە قازانج نەویستەکان، لە بواری کارگێڕی بە تایبەتی پەرپێدان و تەندروستی جیهانی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و ڕێکخراوە قازانج نەویستەکان تایبەتمەند بووە، لەساڵی ٢٠٠٢ ەوە تا ئێستا لەم بوارانە توێژینەوە دەکات (کارگێڕی گشتی، هاوکاری لە پێناوی پەرەپێدان، بەڕێوەبردنی پرۆژەکان) یەکێکە لە کارمەندەکانی ڕێکخراوی یونسیف و ئەزموونێکی گەورەی لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی و پشتگیری بۆ کۆمەڵگەی چالاك هەیە، هەروەها ماوەی ١٦ ساڵ بەرپرسی بەرنامەی هاوکاری تەندروستی حکومەتی ئیتاڵی بووە لە ئەمریکای لاتینی و ئەفریقیا بووە، ئێستا یەکێکە لە ئوستادەکانی کۆلێژی کارگێڕی لە زانکۆی بۆکۆنی لە شاری میلانۆی ئیتاڵی، بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان خەڵك و حکومەت پەیوەندیمان بە پرۆ فیسۆر ئیداوردۆ میسۆنی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** خەڵك و حکومەت دوو توخمی کۆمەڵگەن، بەڵام بە زۆری پەیوەندی نێوانیان پەیوەندیەکی هاوسەنگ نییە و هەمیشە خەڵکی ناڕازین لە حکومڕانی، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەتوانرێت پەیوەندی نێوان خەڵك و حکومەت ڕێکبخرێت؟**

- لە دیموکراسیدا دوو ڕێگە هەیە بۆ بەشداری کردنی خەڵك لە حکومڕانیدا، کە ئێمە بەو شێوەیە لە حکومڕانی دەڕوانین کە تەنها حکومەت ناگرێتەوە بە دەربڕینێکی دیکە حکومڕانی پرۆسەیەکە کە پشتیوانی لە پرۆسەکانی بڕیاردان دەکات لە هەر کۆمەڵگە و وڵاتێکدا، کەواتە ئەگەر بەم شێوەیە لە حکومڕانی بڕوانین کە تەنها حکومەت ناگرێتەوە، بەڵکو ئەرکەکانی حکومەت تەواو دەکات، ئەوا ئەو کاتە دوو ڕێگا دەبێت بۆ گرێدانەوەی خەڵك بە حکومەتەوە، یەکەمیان لە ڕێی میکانیزمە دیموکراسیەکانی هەڵبژاردنەوە، کە خەڵك نوێنەرەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن و بەو شێوەیە بەشداری لە حکومەتدا دەکەن، هەروەها لە ڕێی بەشداریکردنی دیموکراتیانە کە لە هەر وڵاتێکی دیموکراتیدا لە ئارادایە، بەڵام کردنی ئەم کەسانە بە نوێنەر بەو مانایە



نییه كه چەكێكی سپیان بۆ ئیمزاكردبێتن، بەڵكو ئەمە پێویستە بە ستوونی دووەمی بەشداریكردن هەیە، ئەویش لە ڕێی میكانیزمەكانی گفتوگۆی ڕۆژانەوە لەگەڵ خەڵك و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیدا، لەگەڵ ئەو كەسانەی كە نوێنەرایەتیان دەكەن و حكومڕانێتی دەكەن، كە پرۆسەكانی بڕیاردان و دیاری كردنی سیاسەتەكانیان بەدەستە. كەواتە هەندێ میكانیزمی ڕەسمی هەیە كە بریتیە لە هەڵبژاردنەكان، یاخود ئەو میكانیزمانەی دیكە كە لە دیموكراسی نوێنەرایەتیدا هەیە، بەڵام حكومڕانی پێویستی بە پرۆسەی بەشداری كردن هەیە كە بوار بە گفتوگۆیەكی بەردەوام بدات لە نێوان دامەزراوەكانی دەوڵەت و خەڵك و ڕێكخراوەكانی خەڵكدا، ئەمانە دوو ڕێگان بۆ بەشداریكردن و گرێدانەوەی خەڵك بە حكومەت و پرۆسەی فراوانی حكومڕانێتی كردنەوە.

*** زۆر جار بەهەندێك حكومەت دەگوترێت حكومەتی خەڵك، ئەمەش واتە ئەو حكومەتە توانای ئەوەی هەیە خزمەتگوزاری پێویست بۆ هاوڵاتیانی دابین بكات و لەئاستی داواكاری خەڵكی خۆیدا بێت، بەڵام هەندێك**

**حکومەت کە بەخۆیـــان دەڵێن حکومەتی دیموکراتی نەیانتوانیووە لە ئاستی داخوازی خەڵکـــی خۆیاندابـــن، پرســـیار ئەوەیە ئایا جیاوازی نێوان حکومەتی خەڵك و حکومەتی دیموکراتی چی یە؟**

- بۆچـــی من پێشـــتر ئامـــاژەم بەو دوو کۆڵەگەیـــە کـــرد؟ لەبەر ئـــەوەی لەلایەك حکومەتێکی هەڵبژێردراوت هەیە، بەڵام دواتر ئـــەو حکومەتە لە خەڵـــك دوور دەکەوێتەوە، لەبەر ئـــەوە لە پرۆســـەی حکومڕانیکردندا کە بوار بە بەشـــداری خەڵـــك دەدات، ئێمە پێویستمان بەم پەیوەندییە بەردەوامە هەیە لە نێوان خەڵك و حکومەتـــدا. هەندێ جار ئەو کەســـانەی هەڵدەبژێردرێن پێیان وایە مافی ئەوەیان هەیە ســـەربەخۆ بڕیار بدەن، بەڵام بە پێچەوانەوە، حکومەتی ڕاســـتەقینەی خەڵك یان دیموکراســـیەتی ڕاستەقینە پێویستی بە

**حکومەتی ڕاستەقینەی خەڵك یان دیموکراسیەتی ڕاستەقینە پێویستی بە پەیوەندیی بەردەوام هەیە لەگەڵ خەڵکدا، یاخود پێویستی بەوە هەیە بەردەوام خەڵك چاویان لەسەر کارەکانی حکومەتدا بێت**

پەیوەندیـــی بەردەوام هەیـــە لەگەڵ خەڵکدا، یاخود پێویســـتی بەوە هەیە بـــەردەوام خەڵك چاویان لەســـەر کارەکانی حکومەتدا بێت و لە ڕاســـتی و ناڕاستیان دڵنیابن. ئەمە تەنها ئەو کاتە ئەکرێت کە پرۆســـەی بەشـــداری کـــردن لـــە ئارادابێت، کە بـــوار بە خەڵکی بدرێـــت ڕێگاچارەی نوێ تەرح بکەن ڕەخنە بگرن و دەســـتێوەردان بکەن- بە دڵنیاییەوە لە چوارچێوە ڕێسا گونجاوەکاندا، بەڵام بەوپەڕی شـــەفافیەتەوە- لـــە تەواوی پرۆســـەکەدا، چونکە ئەگەر حکومەتەکـــە هەڵبژێردرابێت ئەوا ڕەنگە بە شـــێوەیەکی خۆسەپێن ڕەفتار بکات، ئەگەرچـــی هەڵبژێردراوە، چونکە لە ڕۆژگاری ئێســـتا و ڕابردووشـــدا نموونەی ئـــەو حکومەتانەمان هەبـــووە کە هەر کاتێك هەڵبژێردراون پێیان وابووە دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە بە ئارەزووی خۆیان ڕەفتار بکەن، بەڵام حاڵەتەکە بەم شێوەیە نییە لە دیموکراسیەتی ڕاســـتەقینەدا کە بوار بە بەشـــداری خەڵك دەدرێت. کەواتە ئەمـــە بنەما بنەڕەتیەکەیە، دیموکراســـی تەنها هەڵبـــژاردن نییە، بەڵکو هەڵبژاردن تەنها بەشێکە لە میکانیزمەکە، پێم وایە گرنگترین لایەن بریتیە لە دڵنیابوونەوەی ڕۆژانەی لە ڕێی گفتوگۆی نێوان خەڵك و نوێنەراکانیان لە ڕاستی و دروستی کارەکانی حکومەت.

*** هەندێك لە پســـپۆران پێیان وایە مەرج نییە حکومڕانـــی حکومەتـــی دیموکراتی حکومڕانییەکی باش بێت، زۆر جار حکومەتێك دیموکراتیـــش نییە بـــەڵام حکومڕانیەکەی باشە، پرســـیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی هەندێك لەو حکومەتانەی بەشـــێوازی دیموکراتیانە هەڵدەبژێرێـــن، بەڵام ناتوانن حکومڕانی باش پیادە بکەن؟**

- ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە ئەو میکانیزمانە لە ئارادانین کە پارسەنگ بن بۆ ئەم لادانە، بە دەربڕینێکی دیکە دەبێت ئەو میکانیزمانە لە ئارادابن بۆ ئەوەی حکومەت لە بەرژەوەندی خەڵك کاربکەن، دەبێت میکانیزم و دامەزراوەی چاودێریکردن هەبێت، لە نێویاندا پرۆسەکانی بەشداریکردن، ئەمە بنەما بنەڕەتیەکەیە. نابێت تەنها لەبەر ئەوەی هەڵبژێردراوە حکومەت بە تەنیـــا جێبهێڵرێت، بەڵکـــو دەبێت حکومەت بەرپرسیار بێت لە ئاست ئەو کەسانەی هەڵیان بژاردووە، بـــەدەم داواکارییەکانیانەوە بچێت. کەواتە پێویست بە شـــەفافیەتی بەردەوامی کارەکانی حکومـــەت دەکات، هەروەها دەبێت ڕەخنەگرتنیـــش لە ئارادابێـــت. ئەگەر ئەم جۆرە میکانیزمانە لە ئارادا نەبن، جا لەسەر ئاســـتی مەحەلی بێت یـــان نەتەوەیی یاخود جیهانی ئـــەوا دیموکراســـیەتێکی تەواومان نابێـــت. واتە دیموکراســـیەتی هەڵبژاردنمان دەبێت، بەڵام دیموکراسیەتی تەواومان نابێت. دیموکراســـیەتی تەواو پێویستی بە بەشداری تەواوی خەڵك و ڕێکخراوەکانی خەڵك هەیە.

*** لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو لە دەسپێکی پرۆســـەی دیموکراتـــی دا، لەبـــری ئەوەی**

**هەڵبژاردن تەنها بەشێکە لە میکانیزمی پرۆسەی دیموکراسی گرنگترین لایەن بریتیە لە دڵنیابوونەوەی ڕۆژانەی لە ڕێی گفتوگۆی نێوان خەڵك و نوێنەراکانیان لە ڕاستی و دروستی کارەکانی حکومەت**

**جگە لە میکانیزمی شەفافیەتی بەردەوامی کارەکانی حکومەت، دەبێت ڕەخنەگرتنیش لە ئارادابێت. ئەگەر ئەم جۆرە میکانیزمانە لە ئارادا نەبن ئەوا دیموکراسیەتێکی تەواومان نابێت**

**خۆشـــگوزەرانی لە کۆمەڵگە بەرهەم بێت و خزمەتگوزارییـــەکان بۆ خەڵك دابین بکرێت، هەســـت دەکرێت دیاردەی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانـــی دەســـەڵاتی حکومەت بەرهەم دێت، ئایا لەم قۆناخەدا چۆن کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ئابووری بازاڕ بونیاد دەنرێتەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە، یەکەم: گەندەڵی تەنها لە وڵاتە هـــەژارەکان یان ئەو وڵاتانەدا نییە کە پێیان دەووترێت تازەگەشـــەکردوو، بە داخەوە هەر کۆمەڵگەیەك دەگرێت گەندەڵی تێدایە، بەڵام زیاتر لەو کۆمەڵگەیانەدا هەیە کە لەســـەر بەهای بەدەســـتهێنانی زۆرترین سەروەت و ســـامان بنیاتنراون. گەندەڵی لەو کۆمەڵگەیانەدا کەمە کە تەنها لەسەر بەهای خۆ دەوڵەمەندکردن بنیـــات نەنراون. کەواتە تاوەکو نایەکسانی لە کۆمەڵگەدا زیاتر بێت، واتە تاوەکو کەلێنی نێوان هەژار و دەوڵەمەند زیاتـــر بێت، ئـــەوا گەندەڵی لە ئاســـتێکی بەرزتردا بێت. نایەکسانی ئەساسی زۆرێك لە کێشەکانی مرۆڤایەتیە. لەبەر ئەوە یەکێك لە شتەکان بریتیە لە ڕاسترکردنەوەی نایەکسانی. کەواتە لە هەل و مەرجی نایەکسانیدا ئاستی بـــەرزی گەندەڵی لە ئارادا دەبێت. چۆن ئەو کارە بکەین؟ پێم وایە ئەمە ڕێگایەکی دوروو درێژە و ســـەرەتا پێویستی بە وەبەرهێنانێکی زۆر هەیە لـــە بواری پەروەردەدا، پێویســـتە خەڵك لـــە کۆمەڵگەکەیان تێبگەن. واتە نەك تەنها توانای خوێندنەوەو نوســـینیان هەبێت، بەڵکـــو پەروەردە بـــە مانـــا فراوانەکەی بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گونجاو بەشداری بکەن. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر نایەکســـانی ڕاســـت نەکەینەوە ئەوا گەندەڵی بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەگـــەر ڕێگەی دیکەمان لەبەردەمدا نەبوو بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازات، ئەوا پەنا بۆ گەندەڵی دەبەم، ئەمـــەش لادانە. کەواتە گەندەڵـــی لە حاڵەتی بوونی نایەکســـانی و غیابـــی پەروەردەدا بوونـــی دەبێت و ئەمەش پێویســـتی بە چاندنی بەهای بـــەرز هەیە

**ئەگەر بەم شێوەیە لە حکومڕانی بڕوانین کە تەنها حکومەت ناگرێتەوە. بەڵکو ئەرکەکانی حکومەت تەواو دەکات. ئەوا ئەو کاتە دوو ڕێگا دەبێت بۆ گرێدانەوەی خەڵك بە حکومەتەوە**

کە پرۆسەیەکی دوورو درێژە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر کۆمەڵگە لەسەر بنەمای مونافەسەکردن، بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج و ئەو ئیمتیازاتانەی هەموو کەس خوازیاری بەدەستهێنانیانە بنیات بنرێت، واتە کۆمەڵگەیەکی ئیستیهلاکی، ئەوا بەلای کەمەوە بە شێوەیەکی جوزئی ئەمە شان بە شانی گەندەڵی دەڕوات.

*** لە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی و لە گواستنەوەی ئابووری، لە ئابووری دەوڵەتەوە بۆ ئابووری بازاڕ، دەبینن کێشەکانی زۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەبنە کێشەی ئابووری، ئەمەش بەو جۆرە سەیر دەکرێت، کە ئابووری بازاڕ لەبری ئەوەی بازاڕ ئازاد، جارێکی دیکە بازاڕ مۆنۆپۆل دەکات، ئایا بۆچی لەم گواستنەوەیەدا مۆنۆپۆلی بازاڕ دروست دەبێت؟**

- ڕەنگە لەبری ئەوەی ئینتیقالی نەبێت، بازدان بێت، واتە کەسانێك ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی بازاڕی ئازاد دەکەن، واتە درێژە بە ئیمتیازاتەکانی خۆیان دەدەن. کێشەکە ئەوەیە بازاڕی ئازاد بە بێ ڕێکخستن دەبێتە جەنگەڵ و تەنها تەفزیلی ئەوانە دەکات کە بەهێزن. لە دیموکراسیەتی ڕاستەقینەدا دەبێت کەلێنی نێوان هەژار و دەوڵەمەندەکان کەم بکەینەوە، کە دەبێت ئەمە لە بازاڕی ئازاد قەرەبووبکرێتەوە بە شێوەیەك نایەکسانی کەم بکاتەوە. نایەکسانی ئەساسی نابوت بوونە. کەواتە نابێت بەو شێوەیە لە بازاڕی ئازاد بڕوانین کە جەنگەڵ و هەموو شتێك ڕێگەپێدراوە. لەبەر ئەوەی دەوڵەت ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە کۆمەڵگەی بازاڕی ئازاددا بۆ ڕێکخستنی بازاڕ، بازاڕی ڕێکنەخراوە جەنگەڵە و تەنها کەلێنی نێوان دەوڵەمەندو هەژارەکان زیاد دەکات. هەروەك مێژووی پیشانی داوین، کە من لێرەدا بیر لە یەکێتی سۆڤیەت دەکەمەوە، کە کاتێك بارودۆخەکە تێکچوو گۆڕا بە بارودۆخێکی دیکە کە پێی دەووترا بازاڕی ئازاد کە بریتی بوو لە تێکدانی هەموو شتێك، کە خراپترین لایەنی هەردوو سیستەمەکە دەبینرا. کەواتە دەبێت بازاڕی ئازاد ڕێکبخرێت لەبەرچاوگرتنی پێداویستی خەڵك و کەمکردنەوەی نایەکسانی.

*** حکومڕانی هاوچەرخ واتە ئەو حکومڕانیەی کە بەرێگەی دیالۆگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ گەل دروست دەبێت، ئایا چۆن ئەم دیالۆگە لەنێوان بەرپرسان و خەڵك دروست دەبێت و چۆن تێگەیشتن بەپێی ئەم دیالۆگە لەسەر حکومڕانی دروست دەبێت؟**

- ئەمە بە زۆری دەوەستێتەسەر ئەوەی دەسەڵات چۆن تەفسیری دیموکراسی دەکات، ئەگەر بەو شێوەیە لێی بڕوانێت کە پرۆسەیەکە لە سەرەوە بۆ خوارەوە دێتەخوارەوە ئەوا ئەمە دەبێتە مەنەلۆگ نەك دایەلۆگ، دایەلۆگ بە مانای ئەوە دێت هەردوولا گوێ دەگرن و هەردوولا قسەدەکەن و پێکەوە چارەسەر و ڕێگا دەدۆزنەوە لەسەر ئەساسی گەیشتن بە کۆدەنگیەك، ئەمەش زیاتر ئەنجامی ئەو میکانیزمانەیە کە دانراون بۆ گوێگرتن لە خەڵك و بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان خەڵك و حکومەت. کەواتە ئەمە پرۆسەیەکی قورسە و کاتێك دەسەڵات ڕێگە بە گفتوگۆ نادات، ئەوا گرژی دروست دەبێت و ئەگەر خەڵك زۆر نارازیبن ئەوا ناکۆکی دروست دەبێت لە کۆمەڵگەدا. بۆ ئەوەی خۆمان لەم ناکۆکییە لابدەین، دەبێت ڕێگە بە گفتوگۆیەکی کراو و ڕاستەقینە بدەین، کە هەمیشە ئەمە ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر گفتوگۆ نەبوو ئەوا ناکۆکی هەیە. کەواتە ئەمە دووبارە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ گرتنەبەری پرۆسەی بەشداری کردن و کراونەوە کە بوار بە ڕەخنەگرتن بدرێت و تێگەیشتن هەبێت لە ڕەخنە بۆ ئەوەی چارەسەری هاوبەش بدۆزرێتەوە، کە بەشە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان بتوانن هاوسەنگی بدۆزنەوە. ئەمەش هەمیشە ئاسان نییە

**دایەلۆگ بە مانای ئەوە دێت هەردوولا گوێ دەگرن و هەردوولا قسەدەکەن و پێکەوە چارەسەر و ڕێگا دەدۆزنەوە لەسەر ئەساسی گەیشتن بە کۆدەنگی**

لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی جیاواز لە ئارادایە، هاوسەنگی نێوان ئەو جیاوازیانەش وا دەکەن کۆمەڵگەیەك سەرکەوتوو بێت یان گرفتار بێت و دووچاری دۆخێکی خراپ بێتەوە.

*** کێشەیەکی دیکە لە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی، چۆنیەتی چەسپاندنی سەروەری یاسا و پاراستنی ئازادییەکاندایە، زۆر لە پسپۆران پێیان وایە، پێویستە سەروەری یاسا پێش پرۆسەی دیموکراتی بکەوێت، ئایا تاچەند سەروەریی یاسا بۆ بونیادی دیموکراتی گرنگە؟**

- من نالێم دەبێت سەروەری یاسا پێشبکەوێت، بەڵکو من دەڵێم سەروەری یاسا ئەنجامە، ئەگەر دیموکراسیەتی ڕاستەقینە هەبێت، ئەوا ڕێسای ڕوون هەیە و ئەم ڕێسایانەش بە بێ جیاوازی بەسەر هەمووان‌دا جێبەجێ دەکرێت. کەواتە دیموکراسی لەسەر

**بازاڕی ئازاد بەبێ ڕێکخستن دەبێتە جەنگەڵ و تەنها تەفزیلی ئەوانە دەکات کە بەهێزن**

ئەساسی ڕێسای ڕوون و ڕێسای هاوبەش، بە دەربڕینێکی دیکە یاسای ڕوون و هاوبەش، بنیاتنراوە، کەواتە دەبێت یاساکان بەسەر هەمووان‌دا جێبەجێ بکرێن. هەر کاتێك دەسەڵاتێك هەوڵیدا لە دەرەوەی یاسا بمێنێتەوە و یاسای بەسەردا جێبەجێنەکرێت، ئەوا پانتاییەك هەیە لە دەرەوەی دیموکراسی. کەواتە زۆر گرنگە کە سەروەری یاسا بەسەر هەمووان‌دا جێبەجێ بێت و ئەمە بەشێکە لە دیموکراسی، واتە ناکرێت بڵێین سەروەری یاسا لە پێشدا و دواتر دیموکراسی، ئەو دووانە شان بە شانی یەکتر دەڕۆن و دەبێت یاساش بەرهەمی پرۆسەی دیموکراتی بێت. من هاوڕانیم لە جیاکردنەوەی ئەم پرۆسەیە، ئەوەش ڕوونە کە لە قۆناغی ئینتقالیدا ئەمە قورسە، لەبەر ئەوەی تۆ یاساکان دەگۆڕیت و تەواوی سیستەمەکە دەگۆڕێت، ئەمەش مەسەلەکان ئاڵۆز دەکات. هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە جگە لە بەشداری تەواو و جگە لە گفتوگۆی تەواو لەگەڵ دەسەڵاتدا. بە داخەوە ئەگەر دەسەڵات بە تەنیا جێبهێڵرێت ئەوا دیموکراسی بەرهەم ناهێنێت، ئەگەرچی هەڵبژێردراویش بێت.

# تەنیا ٤ گوندی قادرکەرەم تۆڕی کارەبای بۆ چووەو زۆربەی گوندەکانیش قوتابخانەی نییە

■■■

## یەکێک لەکێشەکانی ناحیەکە نەبوونی ئاوەڕۆیە

■■■

## بنکەی تەندروستی پزیشکێکی نییە

قادرکەرەم لەساڵی ١٨٦٦گوند بووەو لەساڵی ١٩٢٤ بۆ جاری یەکەم کراوەتە ناحیەو لەپاشان لەبەر پێویستی سنوورەکە لەساڵی ١٩٢٧کراوەتە قەزا، بەڵام لەدوای ٤ساڵ قەزای قادرکەرەم لەساڵی ١٩٣١ کراوەتەوە بەناحیە و ٥٣ گوند لەخۆدەگرێت کە ٤٨ گوندی ئاوەدانکراوەتەوە و ژمارەی دانیشتوانی سنوورەکەی نزیکەی ٣ هەزار کەسە، لەشاڵاوی پرۆسەی ئەنفال زیاتر لە ١٦هەزار کەس لەو ناحیەیەدا ئەنفالکراون و هەر هەموو گوندەکان و سەنتەری ناحیەکەش وێران و خاپوورکرا، ئەو خەڵکەی لەسنوورەکەش ماوە بۆ شوێنی تر ڕاگوازراینەوە، قادرکەرەم بەتایبەتی سنووری گوندی کۆڕمۆر بەکانزای نەوت و غاز دەوڵەمەندە، هەروەها خەڵکی ناوچەکە زۆربەیان بەکاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری خەریکن و ئێستاکە زیاتر لە٥٠ هەزار سەر مەڕوبزن و ئاژەڵی تر لەو سنوورە بەخێودەکرێت، ئەم ناحیەیە تا ئێستا بەپێی پێویست کارو پرۆژەی بۆ نەکراوە.

وەکو تیمی (گۆڤاری گوڵان) سەردانی ناحیەی قادرکەرەممان کرد و چەند هاووڵاتییەکمان لەنزیکەوە دواند کە بەگشتی لەهەموو بوارەکانی خزمەتگوزاری لەسەنتەری ناحیەو سنوورەکەیان گلەیی زۆریان هەبوو و باسی ئەوەشیانکرد سەرەڕای دەوڵەمەندی سنوورەکە لەنەوت و غاز خەڵکی سنوورەکە هەژارو کەمدەرامەتن، ئەو گلەیی و گازندانەی هاووڵاتیان و چەند پرسیارێکی ترمان لە(ئارام مەعروف) بەڕێوەبەری ناحیەی قادرکەرەم کرد.



### ماستەرپلانی نییە

سەبارەت بەوەی ناحیەی قادرکەرەم بۆ بەرفراوانکردن و ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان پێویستیان بەماستەرپلان هەیە، بەڕێوەبەری ناحیەی قادرکەرەم وتی: ناحیەی قادرکەرەم ماستەرپلانی نییە، کە ئەمەش یەکێکە لەو پێویستییانەی کە لەگەورەبوون و بەرفراوانکردنی شارۆچکەکە پشتی پێ دەبەسترێت، بەڵام ئەو پرۆژە و خانوو گەڕەکانەی لەسەنتەری ناحیەکە دروستکراون بەشێوەیەکی وایە کاریگەری خراپ و نا ئەندازەیی لەسەر نەخشەی بنەرەتی دروست ناکات، لەکاتی فرەوانکردنی سنووری ناحیەکە لەبەر نەکوژاندنەوەی زەوی کێشەمان دێتە پێش، لێرەدا داواکاریین لەلایەنە پەیوەندارەکان ئەو کێشەیەمان بۆ چارەسەر بکەن و هەر لەبەر ئەو کێشەیەشە لەکاتی دابینکردنی زەوی بۆ پرۆژەیەك دەبێت لێکۆڵینەوە لەسەر زەوییەکان بکەین بۆ ئەوەی بزانین بەناوی کێیەو چۆن دەتوانین تەرخانی بکەین بۆ پرۆژەکە، ئەگەر خاوەن زەوییەکان هاوکارمان نەبن، ناتوانین سنووری شارەوانی بەرفروان بکەین و هیچ پرۆژەیەکیش ئەنجام بدەین، لەبەر ئەوەی زەوییەکانی سەنتەری قادرکەرەم تا ئێستا بەناوی خەڵکەکەیەو تەسویەو کوژاندنەوەیان بۆ نەکراوە.

سەبارەت بەوەی سنووری قادرکەرەم کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە و تا ئێستاش لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی، چییان بۆ کراوە و پێویستیان بەچ پرۆژەیەك هەیە، بەڕێوەبەری ناحیەی قادرکەرەم وتی: قادر کەرەم ناوچەیەکی بەرفروان و زۆری کشتوکاڵی هەیە، بەڵام ئەگەر سەیری خاکەکەی بکەیت دەبینی چەند وشك و بێ ئاوە و لەدوای ساڵی ١٩٩١ تا ئێستاکە لەم سنوورەدا لەلایەن حکومەت و وەزارەتی کشتوکاڵ گرنگی بەبواری کشتوکاڵی نەدراوە و لەماوەی چەند ساڵی ڕابردووش وشکەساڵی و کەم بارانبارین کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ناوچەکە دروستکردووە و خەڵکی گوند و سنوورەکە نەیانتوانیوە زەویەکانیان تۆ بکەن یا ئەوەی تۆشی کردووە سوودمەند نەبووەو بەرهەمی دەست نەکوتووە، چونکە خەڵکەکە بۆ کاری کشتوکاڵی تەنیا پشت بەباران بارین دەبەستن و حکومەتی هەرێمیش پرۆژەی ئاودێری بۆ ئەو سنوورە ئەنجام نەداوە، هەر چەندە بڕیارە لەگوندی

## حکومەتی هەرێم پرۆژەی ئاودێری بۆ ئەو سنوورە ئەنجام نەداوەو بەتەواوی پشتگوێ خراوە

بنەکەیە کە لەسنووری قادرکەرەمە بەنداوێك دروست بکرێت و بۆ ئەو پرۆژەیەش کەشفی شوێنەکە کراوە و بەئومێدین ئەو بەنداوە بکەوێتە بواری جێبەجێکردن، هاوکات لەبواری ئاژەڵداریدا ئەو سنوورە ئێستاکە ژمارەی ئاژەڵەکانی (مەڕو بزن و گاو و گۆلك و...تاد) زیاتر لە٥٠هەزار سەر دەبێت، بەڵام ئەو لایەنەش فەرامۆشکراوە و لەلایەن حکومەتەوە هاوکاری و پاڵپشتی لەجووتیار و خاوەن ئاژەڵەکان نەکراوە، هاوکات بۆ پاراستن و کوتانی ئاژەڵەکانیش پێویستیمان بەبنکەیەکی ڤێتێنەری هەیە و ئەمساڵ لەهەڵمەتی کوتانی ئاژەڵەکاندا بنکەو پزیشکی ڤێتێنەری ناحیەی قەرەهەنجیر هاوکاری زۆر باشی سنووری ناحیەی قادرکەرەمیان کرد، بۆیە داواکارین لەلایەنی بەرپرس بنکەیەکی بەیتەری لەناحیەکەمان بکەنەوە.

### بەتەنکەر ئاوی خواردنەوە دابەش دەکرێت

سەبارەت بەپرۆژەی ئاوی خواردنەوەو کێشەو گرفتەکانی ئەم بوارە، بەڕێوەبەری ناحیەی قادرکەرەم وتی: یەکێك لەو کێشە گەورەو بەرچاوانەی کە لەسنوورەکەمان هەیە کێشەی ئاوی خواردنەوەیە، چونکە لەکاتێك بیری ئاوی خواردنەوە لێدەدەین تا چەند مەترێك ناگاتە ئاو و زیاتریش قوڵی دەکەین یا دەگاتە نەوت یا ئاوەکە بۆنی نەوتی لێدێت، لەو کاتەشدا ئاوەکە بەکەڵکی خواردنەوە نایەت، بەڵام ئێستا ئێمە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی خواردنەوەو دابینکردنی ئاو بۆ هاوولاتیان لەسەنتەری ناحیەو گوندەکان بەتانکەر ئاو بەسەر ماڵەکان دابەش دەکەین، لەلایەکی تر ئێستاکە بۆ سەنتەری ناحیەکە لەگوندی کۆرمۆر پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوە دەستی پێکردووە. سەبارەت بەئاوەڕۆش کە یەکێك لەکێشە بەرچاوەکانی ناحیەکە نەبوونی ئاوەڕۆیە لەهەموو گەڕەك و کۆڵانەکانیش تاکە یەك مەتریش ئاوەڕۆی نییە، ئەمەش مەترسی لەسەر پیسبوونی ژینگەکەو تەندروستی خەڵکەکە هەیە، بۆیە بەپێویستی دەزانین لایەنی بەرپرس لەم لایەنەوە ئاوڕێکی جددی لەناحیەی قادرکەرەم بدەنەوە و پرۆژەی ئاوەڕۆمان بۆ بخەنە بەرنامەوە.

## گوندی عەلی مستەفا کە خاوەنی ٧٠شەهیدن تا ئێستا بینایەی قوتابخانەیان بۆ نەکراوە

### فڕێدانی زبڵوخاشاك بەشێوەیەکی تەقلیدییە

سەبارەت بەکۆکردنەوە و فڕێدانی زبڵوخاشاك لەناو سەنتەری ناحیەکەدا بەڕێوەبەری ناحیەی قادرکەرەم وتی: بۆ کۆکردنەوە و فڕێدانی زبڵوخاشاك سێ ئۆتۆمبێلی کەبسمان هەیە و شارەوانی هەڵدەستێت بەپاککردنەوەو فڕێدانی زبڵوخاشاکەکە، بەڵام ئەو سیستەمەی کە تا ئێستا لەلای ئێمە بەکاردێت زۆر کۆن و تەقلیدییە و بەپێویستی دەزانین ئەو کارە بدرێت بەکۆمپانیا و بۆ خۆرزگارکردنیش لەزبڵوخاشاکەکە کارگەیەکی ڕیسایکلین لەسنوورەکەمان دابمەزرێت.

### کۆمپانیای دانا غاز

سەبارەت بەکۆمپانیای دانا غاز کە لەسنوورەکە کاردەکات تا چەند سوودیان لێ وەرگرتووە، بەڕێوەبەری ناحیەی قادرکەرەم وتی: لەسنووری ناحیەی قادرکەرەم لەگوندی کۆرمۆر کۆمپانیای دانا غاز ماوەی چەند ساڵێکە کار دەکات، ئەم کۆمپانیایە یەکێکە لەکۆمپانیا زەبەلاحەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو کۆمپانیایە لەسنوورەکەی ئێمەدا جگە لەچەند هاوکارییەك و کاری بچووکدا هیچی بۆ ئێمە ئەنجام نەداوە و ئەو کارانەی بۆ سنوورەکەشی کردووە ئەوانەن. یەکەم: لەوێستگەی کارەبای کۆمپانیاکەدا کارەبای بەسەنتەری ناحیەکە داوە، دووەم: دوو سێ تانکەری بۆ دابینکردووین کە لەڕێگای ئەو تانکەرانەوە ئاو بەسەر گوندەکانی سنوورەکەمان دابەش دەکەین، سێیەم سووتەمەنی بۆ موەلیدەی گوندەکان دابینکردووە، بەڵام لەڕووی دامەزراندن و هەلی کار بۆ خەڵکی سنوورەکە هیچ سوودیان نەبووە و لەدامەزراندنیش پرس بەئێمە ناکەن. لەلایەکی تر ئێمە بۆ لایەنی ئەمنی سنوورەکە داوای ئاماری ئامێرو کرێکارو فەرمانبەرەکانمان لێکردوون، بەڵام

ئارام مەعروف بەڕێوەبەری ناحیەی قادرکەرەم بۆ(گوڵان):

# پردەکەی ناو ناحیەکەمان زۆر کۆنەو بەکەڵکی هاتوچۆ نەماوە و لە١٠تەن زیاتر هەڵناگرێت



تا ئێستا وەڵامیان نەداینەوە و دیارە ئەوەشیان فەرامۆشکردووە و نایانەوێت لەگەڵ ئێمە وەکو یەکەی ئیدارەی سنوورەکە هاوکارو هەماهەنگ بن، لەلایەکی تریش ئەو زەویانەی کاری لەسەر دەکەن بڕیاربوو هەر دۆنمێك زەوی بەملیۆنێك دینار قەرەبوو بکرێتەوە، گەرچی تا ئێستاکە ئەو بڕیارەیان جێبەجێ نەکردووە و لەم لایەنەوە غەدرێکی زۆر لەجووتیارەکان کراوە، هەروەها دەبووایە ئەو سنوورە بەهۆی ئەو کۆمپانیایەوە ببوژێتەوە و سەرچاوەیەکی بەهێزو سەرەکی ژیانی خەڵکەکە بایە، چونکە داهاتی ڕۆژانەی ئەو کۆمپانیایە یەکجار زۆرە، گەرچی تەنیا دوکەڵ و پیسی و غازی ژەهراوی بەسەر خەڵکی سنوورەکە دادەڕوات، هەر بۆیە خەڵکی سەنتەری ناحیەو سنوورەکە و ئێمەش گلەیی زۆرمان لەکۆمپانیای دانا غاز هەیە.

**هیچ کۆڵان و شەقامێکی قیرتاو و کۆنکرێت نەکراوە**

ئەگەر سەیری ناو سەنتەری ناحیەکە بکەیت دەبینیت کۆڵان و شەقامەکانی نارێکوپێکە، ڕێگا سەرەکییەکەی لەبانی مەقامەوە دێت بۆ شارۆچکەکە پێچ و پەنا و بەرزی و نزمییەکی زۆری تێدایە و بەهۆی هاتوچۆکردنی تانکەرەکانی نەوت و غازیش قەرەباڵغەو هۆکارێکە بۆ ڕووداوی هاتوچۆ، لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری ناحیەی قادرکەرەم وتی: کۆڵان و شەقامەکانی ناو سەنتەری ناحیەکە بەشی زۆریان بەتایبەتی ناحیە کۆنەکە زۆر نارێکە و تا ئێستاش هیچ کۆڵان و شەقامێکی قیرتاو و کۆنکرێت نەکراوە، ئەگەر سەیری بکەیت هەر لەگوندێکی وێرانکراو دەچێت، هەروەها ئەو بەشەی ناحیەکە کە تازە دروستکراوە بەشی زۆری لەکۆڵان و شەقامەکانی کۆنکرێت و قیرتاوکراون، بەڵام ئێمە لەسەنتەری ناحیەکە کێشەیەکی گەورەترمان لەمبارەوە هەیە، ئەویش پردەکەی ناو ناحیەکەمانە کە زۆر کۆنەو بەکەڵکی هاتوچۆ نەماوە و

**بۆ دابینکردنی ئاو بۆ هاووڵاتیان لەسەنتەری ناحیەو گوندەکان بەتانکەر ئاو بەسەر ماڵەکان دابەش دەکەین**

لە١٠تەن زیاتر هەڵناگرێت، بۆیە بەپێویستی دەزانین ئەو پردەمان بەشێوەیەکی تازە بۆ نۆژەن بکەنەوە، هاوکات پردێکی ترمان هەیە کە تانکەرەکانی غازو نەوتی بەسەر تێپەڕدەبێت تا ئێستاکە زیاتر لە٦جار کە ئاوی ڕۆخانە زیادیکردووە لەگەڵ خۆی ڕایماڵیوەو و بردوویەتی، بۆیە داواکارین ئەو پردەش بەشێوەیەکی سەردەمیانە دروست بکرێت، چونکە لەکاتی ڕووخانی ئەو پردەش دووبارە کێشە لەسنوورەکە دروست دەبێت و هاتوچۆکردنی تانکەرەکان زەحمەت دەبێت و هەندێك جار هاتوچۆی تانکەرەکان دەوەستێت. سەبارەت بەو ڕێگا سەرەکییەی لەبانی مەقامەوە بۆ قادرکەرەم دێت، زۆر پێچ و پەنا و بەرزی ونزمی تێدایە و لەهەندێ شوێندا بەهیچ شێوەیەك تا نزیك نەبیتەوە ئۆتۆمبێلی بەرامبەر نابینیت، هەر ئەوەش وایکردووە ڕووداو و کارەساتی هاتوچۆی لێ بکەوێتەوە، بۆیە بەپێویستی دەزانین بۆمان بکرێتە دوو ساید.

**بواری کارەبا کەموکوڕی زۆری هەیە**

سەبارەت بەڕەوشی کارەبا و کێشەو گرفتەکانی، بەڕێوەبەری ناحیەی قادرکەرەم وتی: سەنتەری ناحیەکە کارەبای لەلایەن وێستگەی کۆمپانیای دانا غازەوە بۆ دابینکراوە و کارەبامان لەناو سەنتەری ناحیەکەدا بەردەوامە، بەڵام لەهەر هەموو گوندەکانی سنوورەکە تەنیا ٤گوند تۆڕی کارەبای بۆ چووە و هەموو گوندەکانی ترمان تا ماوەیەك پێش ئێستا بێ کارەبا بوون، بەڵام ئێستاکە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کارەباوە ٢٠موەلیدەیان بۆ دابینکردین و لەسەر گوندەکانمان دابەشکردووە و سووتەمەنی و چاککردنی ئەو موەلیدانەش لەسەر کۆمپانیای دانا غازە، سەرەڕای ئەوانەش لەکاتێك شۆرتێك یا چاککردنێك لەتۆڕی کارەبای ناو سەنتەری ناحیەکە ڕوودەدات تووشی ماندووبوون و زەحمەتیەکی زۆر دەبین، لەبەر ئەوەی سەلەی کارەبامان نییە، بۆیە بەپێویستی دەزانین سەلەیەکی

کارەبامان بۆ دابین بکرێت.

**ڕەوشی پەروەردە لەگوندەکان زۆر خراپە**

سەبارەت بەکێشەو گرفتی بواری پەروەردە بەتایبەتی لەڕووی بینایەو میلاکات، بەڕێوەبەری ناحیەی قادرکەرەم وتی: لەسەنتەری ناحیە قوتابخانەیەکی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەیە، بەڵام لەڕووی میلاکاتەوە کەموکوڕیمان لەمامۆستای وانە زانستییەکان هەیە و پێویستیشە بۆ زیاتر بەرەوپێشەوەچوونی سیستەمی تازەی خوێندن بینایەی ١٨پۆلی بۆ ناحیەکە دروست بکەن، هاوکات لەزۆربەی گوندەکان قوتابخانەمان نییە و هەندێ گوند بۆیە قوتابخانەی بۆ نەکراوە، چونکە قوتابیان نییە یا دوو سێ قوتابییان هەیە و ئەو گوندانەی قوتابخانەیان هەیە گوندەکانی (قەیتول و عەلی مستەفا و شێخ حەمید و کۆڕمۆڕ و دارەتوو و ئاوباریك)ە و لەم گوندانەش وەکو گوندی عەلی مستەفا کە خاوەنی ٧٠شەهیدن تا ئێستا بینایەی قوتابخانەیان بۆ نەکراوەو لەخانووی کرێدان و قوتابخانە هەیە زیاتر لە٢٥قوتابییان هەیە و تەنیا یەك مامۆستایان هەیەو قوتابییەکانیش بڕوانامەیان بۆ نەکراوە. کە ئەمە لەهیچ یاسا و ڕێسایەك قبوڵ نییە و نەبووە بەشێوەیەکی گشتی ڕەوشی خوێندن و پەروەردە لەگوندەکانی سنووری قادرکەرەم زۆر خراپە و پێویستی بەئاوڕلێدانەوەی جددی و بەپەلە هەیە.

**کۆمپانیای دانا غاز لەڕووی دامەزراندن و هەلی کار بۆ خەڵکی سنوورەکە هیچ سوودیان نەبووە**

**خراپی بواری تەندروستی**

سەبارەت بەبواری تەندروستی و کێشەو گرفت و کەموکوڕییەکانی، بەڕێوەبەری ناحیەی قادرکەرەم وتی: لەبواری تەندروستیش وەکو هەموو بوارەکانی تر کەموکوڕی و کێشەمان زۆرە، ئەو بنکە تەندروستییەی لەناو سەنتەری شارۆچکەکە هەیە، بچووکەو لەتایپی (C)ە گەرچی ئێمە پێویستیمان بەبنکەیەکی تەندروستی گەورە هەیە لەتایپی (A)، هەروەها بنکە تەندروستییەکە نەك پزیشکی پسپۆڕ و ئافرەتان، بەڵکو هیچ جۆرە پزیشکێکی نییە و لەلایەن یاریدەدەری پزیشکییەوە بەڕێوەدەبردرێت و کارمەندی پزیشکی پێویستمان بۆ پشکنین و چارەسەری و دەواودەرمانی کەمە.

**وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار و دەستەی وەبەرهێنان هیچ کارو پرۆژەیەکی بۆ ئەنجام نەداوین**

**دەسەڵاتی ئیداری و دارایی**

سەبارەت بەبڕیاری دابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری بەڕێوەبەری ناحیەی قادرکەرەم وتی: دابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری بەبێ دەسەڵاتی دارایی و بودجە هیچ کاریگەری نییە و ئێمە هیچ بودجەو پارەیەکمان لەدەست نییە کە بتوانین لەکارو پرۆژەدا خەرجی بکەین، هەندێ کارو ئیشی بچووك یا داواکاری و هاوکاری هەیە دێتە پێشمان ناتوانین جێبەجێی بکەین، لەبەر ئەوەی بودجەو دەسەڵاتی داراییمان نییە تا لەلای خۆمان کارەکان ڕاپەڕێنین.

لەکۆتاییدا بەڕێوەبەری ناحیەی قادرکەرەم وتی ئێمە لەناحیەکەمان بۆ بنکەو فەرمانگەکانمان پێویستیمان بەبینایەك هەیە بۆ کۆمەڵگەی ئیداری ناحیەکە، چونکە ئێستاکە فەرمانگەی نفوس و کشتوکاڵ و شارەوانی لەبینایەکی زۆر بچووکدان و پۆستەو گەیاندنمان شوێنی نییە، هەروەها لەلایەنی گەشتوگوزارییەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە سنوورەکەی قادرکەرەم شوێنێکی گونجاوە بۆ گەشتوگوزار، بەڵام لەم ڕووەشەوە تا ئێستا وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار هیچ کارو پرۆژەیەکی بۆ ئەنجام نەداوە. لەلایەکی تر لەسنوورەکەی ئێمەدا تا ئێستا دەستەی وەبەرهێنان هیچ کارو پرۆژەیەکی نەکردووە، گەرچی پێویست بوو بۆ ئەو ناوچە هەژارنشین و خاپوورە دەستی وەبەرهێنانی بۆ ڕابکێشرابووایە، چونکە دەزانین هەموو کارو ئیشەکان تەنیا بەحکومەت ناکرێت و دەبێت کەرتی تایبەتیش ڕۆڵی خۆی تێدا بگێڕێت.

